خەبات XEBAT

#پابەند دەبین

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە(5974) چوارشەممە 15ی تەممووز 2020 "16" لاپەڕە "500" دینار



2

سەرۆکی پلان و پڕۆژەکانی سلێمانی:

پڕۆژەی شەقامی سەد مەتری زۆر هەڵی کار دەڕەخسێنێت

بە ئامادەبوون و سەرپەرشتی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبای 300 مێگاواتی هەڵمی خەبات خرایەگەڕ

مەسرور بارزانی: سەرەڕای ئەو دۆخە نالەبار و سەختەی کوردستان تووشی بووە ئێمە نەوەستاین و بەردەوامین لە سەر ئەنجامدانی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان



ئەم وێستگەیە 10%ی کارەبا لە تۆڕە گشتییەکانی بەرهەمهێنانی هەرێمی کوردستان زیاد دەکات

دوێنێ سێشەممە 14-7-2020 بە ئامادەبوونی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکوومەت، وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبای 300 مێگاواتی هەڵمی خەبات بە گەڕخرا.

سەرۆکی حکوومەت لە ڕێوڕەسمی بەگەڕخستنی وێستگەکە گوتارێکی پێشکەش کرد و ئاماژەی بەوەدا کە سەرەڕای دۆخە سەختەکان بەڵام ئێمە لە خزمەتکردنی هاوڵاتیان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری ناوەستین.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە گوتارەکەیدا گوتی «زۆر خۆشحاڵم و خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە ئەمڕۆ لێرە ئامادەبووین بۆ بەگەڕخستنی وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبای 300 مێگاواتی هەڵمی خەبات کە لەلایەن وەزارەتی کارەبای حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هەردوو کۆمپانیای کۆریای باشوور POSCO و KNOC جێبەجێ کراوە .

ئەم پڕۆژە ستراتیجییە توانای بەرهەمهێنانی 300 مێگاواتی هەیە کە 10% ی کارەبا لە تۆڕە گشتییەکانی بەرهەمهێنانی هەرێمی کوردستان زیاد دەکات. دەستخۆشی لە وەزارەتی کارەبا و کۆمپانیاکانی کۆریای باشوور دەکەم.

وەک دەزانین ئەمە دووەمین پڕۆژەی ستراتیجییە لەم هەفتەیەدا جێبەجێکردووە «دوای دانانی بەردی بناغەی شەقامی سەد مەتریی سلێمانی». ئەمەش ئەوە دەردەخات کە سەرەڕای ئەو دۆخە نالەبار و سەختەی کوردستان تووشی بووە ئێمە نەوەستاین و بەردەوامین لە سەر ئەو پڕۆژە خزمەتگوزارییانەی لە سەرەتای دەستبەکاربوونی کابینەکەدا بەڵێنمان بە خەڵکی کوردستان داوە و ئێستاش بەردەوام دەبین لە جێبەجێکردنیان بە پێی توانا.

زیاتر لە لاپەڕە(3) بخوێنەوە



بەڕێوەبەری گشتیی باجی هەرێم:

ئەو خاوەن مۆڵگانەی لە کاتی کەرەنتینەدا باجیان لەکرێچییەکانیان وەرگرتووە باجیان لێ وەردەگیرێت

6

لە هەولێر 60 هەزار پارچە زەوی تاپۆ دەکرێن


6

بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر:



لەمەودوا بە سیستەمی ئۆنلاین دەتواندرێت قەرزی کارەبا بدرێتەوە

7



گابریل گارسیا مارکیز بەر لەمردنی بەو جۆرە ئامۆژگاری نووسەرانی کرد

12

سەرۆکی پلان و پڕۆژەکانی سلێمانی:

پڕۆژەی شەقامی سەد مەتری زۆر هەلی کار دەڕەخسێنێت



سەرۆکی پلان و پڕۆژەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بە گرنگییەوە باسی پڕۆژەی شەقامی **100**مەتری سلێمانی دەکات و رایدەگەیەنێت کە لەم ڕێگەیەوە زۆر هەلی کار دەڕەخسێندرێت.

ڕەمەزان نامیق، سەرۆکی پلان و پڕۆژەکان لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بە خەباتی ڕاگەیاند: پڕۆژەی شەقامی سەد مەتری سلێمانی دەکات، چونکە هاتوچۆی نێوان شاری سلێمانی بۆ پارێزگاکانی دیکە و ئیدارەی گەرمیان و خاروو و عێراق چارەسەر دەبێت، هەروەها ئاسانکاریی باش بۆ دەروازە سنوورییەکانی شاری ستراتیژیی گرنکە بۆ شاری سلێمانی.

گوتیشی: شەقامی **100** مەتری شاری سلێمانی زۆر هەلی کار دروست دەکات، بە جۆرێک کۆمپانیاکان دەکەونەوە سەر کاری خوبان، هەروەها لە پڕۆژەکەدا مەواد و کەرەستەی خۆمالّی بەکار دەهێندرێت، بەشێکی زۆری گوندەکانی نزیک پڕۆژەکە دەبووژێنەوە و دەبێتە هۆکاری سەرەکی بۆ بەرزبوونەوەی زەویی کشتوکالّییەکانی نزیک ئەو شەقامە، بۆیە بە دووستکردنی ئەو شەقامە ئەو هەموو کێشەیە چارەسەر دەبێت، لەگەلّ ئەوەشدا ئەو هەموو گرنگییەی بۆ دروست دەبێت. ڕەمەزان نامیق، ئاماژەی بەوەش کرد: پێشتر بەردی بناغەی پڕۆژەی شەقامی **100**مەتری شاری سلێمانی دانراوە، بەلاّم بەداخەوە کاری لەسەر نەکراوە، بۆیە پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئەمجارە بە جددی چاودێری پڕۆژەکە بکات، هەروەها بودجەی بۆ تەرخان بکات، بۆ ئەوەی پڕۆژەکە لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا بخرێتە گەڕ.

د.بەشیر حەداد پۆلیس و پەرلەمانتارانی کەرکووک ڕادەسپێرێت بەدواداچوون بۆ ڕووداوەکەی نەخۆشخانەی کۆماری بکەن

دوێنێ سێشەممە دکتۆر بەشیر خەلیل حەداد، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە پەیوەندی بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پۆلیسی کەرکووکەوە کرد و ڕایسپارد تاوەکو لێژنەیەکی تایبەتی لە لایەنە پەیوەندیدارەکان دروست بکەن بۆ ئەوەی بە دواداچوون بۆ ئەو ڕووداوە بکەن کە لە نەخۆشخانەی کۆماری شاری کەرکووک ڕوویداوە.

دکتۆر بەشیر حەداد ئاماژەی بەوەدا، پێویستە داموودەزگاکان و کارمەندان و فەرمانبەرانی حکوومەت بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەستن و لە خزمەت هاوڵاتیاندا بن و گوتیشی "هەر کەس و لایەنێک لە ڕووداوەدا تاوانبار بێت پێویستە سزا بدرێت تاوەکو جارێکی دیکە ڕووداوێکی نەخوازراوی لەو شوێنە ڕوونەداتەوە."



جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پەرلەمانتارانی کەرکووکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیشی ڕاسپارد بەدواداچوون بۆ کارەکانی ئەو لێژنەیە بکەن و چاودێرین بەسەرێوە و گوشار دروست بکەن تاوەکو بە زووترین کات تاوانباری ئەو ڕووداوە دەستنیشان بکرێت.

سنە.. کچە مامۆستایەک حوکمی 10 ساڵ زیندانی بەسەردا سەپا



زارا محەمەدی، کچە مامۆستای زمانی کوردیی خەڵکی سنە، لەلایەن دەزگای دادوەریی ئێرانەوە حوکمی **10**ساڵ بەندکرانی بەسەردا سەپێندرا. ئەرسەلان یارئەحمەدی بەرپرسی ڕێکخراوی هەنگاو بۆ مافەکانی مرۆڤ، بە خەباتی ڕاگەیاند زارا محەمەدی کچە مامۆستای زمانی کوردی و بەرپرسی ئەنجوومەنی فەرهەنگی کۆمەڵایەتیی نۆژین لە سنە، **7** مانگ دوایی ئازادبوونی بە شێوەی کاتی لە گرتنگەی ئێتلاعات، لەلایەن دەزگای دادوەریی ئێرانەوە حوکمی **10** ساڵ بەندکرانی بەسەردا سەپێندرا. بە گوتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەو حوکمە لەلایەن لقی یەکەمی دادگای شۆڕشی سنەوە بە بەرپرسایەتی دادوەر سەعیدی و بە تۆمەتی سازکردنی گرووپ دژ بە ئاسایشی ئێران، بەسەر ئەو کچە مامۆستایەدا سەپێندراوە.

زارا محەمەدی ڕۆژی پێنجشەممە **23**مانگی ئایار **2019**دوای هێرشی هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعات بۆ سەر ماڵەکەی لە شاری سنە دەستگیر کراو و دواتر بە دانانی بارمتەی **700** ملیۆن تمەنی و بە شێوەی کاتی ئازاد کرا. ئەو چالاکە مەدەنییە ماوەی **10**ساڵە کە لە گوندەکانی دەوروبەری سنە و ناو شاری سنە وانەی کوردی دەڵێتەوە و **6**ساڵ پێش یەکێک لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی فەرهەنگی کۆمەڵایەتی نۆژین بووە و دواتر بەکۆی دەنگی ئەندامانی بەڕێوەبەریی ئەو ڕێکخراوە وەکوو سەرۆکی ڕێکخراو هەڵبژێردراوە.

ئەنجومەنی نۆژین یەکێک لە ئەنجوومەنە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیەکانی پارێزگای سنەیە کە لە چەند شاری ئەو پارێزگایە وەکوو سنە، کامیاران، دێولان، سەقز و بانە لقی هەیە و چالاکی دەکات.

تورکیا... دادگاییکردنی سیاسەتمەداری باکووری کوردستان فیگەن یوکسەداغ بەردەوامە



پڕۆسەی دادگاییکردنی هاوسەرۆکی پێشووتری هەدەپە، خاتوو فیگەن یوکسەکداغ بە بیانووی ئەنجامدانی تاوانەکانی هەوڵدان بۆ تێکدانی یەکپێزی دەوڵەت و یەکپارچەیی وڵات و چەندین تاوانی دیکە بەردەوامە. لە میانی دانیشتنەکەدا کە لە هۆڵەی **16**ی دادگای سزا قورسەکانی ئەنقەرە بەڕێوەچوو، تۆمەتباری دەستبەسەرکراو، فیگەن یوکسەداغ لەڕێگای ڤیدیۆ کۆنفرانسەوە لە گرتووخانەوە بەشداری لە دانیشتنەکەدا کرد و پارێزەرەکانیشی ئامادەی دانیشتنەکەبوون.

لە دانیشتنی پێشوودا، هاوسەرۆکی پێشووتری هەدەپە، فیگەن یوکسەکداغ لە میانی بەرگریکردن لە خۆی سەبارەت بە یەکخستنی ئەو سکاڵانامانەی لەسەری تۆمار کراون، ڕایگەیاند کە دادگاییکردنە سیاسییە و بەهۆی ئەوەی لە میانی گرتنەبەری ڕێوشوێنەکانیش بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئایرۆسی کۆرۆنای نوێ ماوەیەکە لەگەلّ پارێزەرەکانی کۆنەبووەتەوە، بۆیە لەم قۆناغەدا بە باشی نازانێت بەرگری لە خۆی بکات.

هاوسەرۆکی پێشووتری هەدەپە، فیگەن یوکسەکداغ بەرەنگاربوونەوەی ئایرۆسی کۆرۆنای نوێ ماوەیەکە لەگەلّ پارێزەرەکانی کۆنەبووەتەوە، بۆیە لەم قۆناغەدا بە باشی نازانێت بەرگری لە خۆی بکات.

هاوسەرۆکی پێشووتری هەدەپە، فیگەن یوکسەکداغ ڕەخنەی لە بڕیاری دادگا گرت کە بەتۆمەتی ئەنجامدانی خۆپیشاندانی بێ مۆڵەت بەهۆی ڕووداوەکانی کۆبانێ لە **6**تاکو **8**ی تشرینی یەکەمی **2014**دووبارە بڕیاری دەستبەسەرکردنەوەی ئەو و هاوسەرۆکی پێشووتری هەدەپە، فیگەن یوکسەکداغ سەلاّحەددین دەمیرتاش دراوە و باسی لەوە کرد کە پێویستە ڕەوشی سیاسیی تورکیا "ئاسایی" بکرێتەوە.

دوای فیگەن یوکسەکداغ پارێزەرەکانیشی بە ئاماژەدان بەوەی کە ماوەیەکی زۆرە بریکاردەرەکەیان دەستبەسەر کراوە، داوایان کرد ناوبراو ئازاد بکرێت. ئەو داواکارە گشتییەیش کە لە میانی دانیشتنەکەدا تێڕوانینی وەردەگیرا، داوای کرد سەرۆکایەتی داواکاری کۆماریی پێداچوونەوە بە دۆسیەی تۆمەتبارەکان بکات کە داخۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندانی بێ مۆڵەت لە **6**تا **8**ی تشرینی یەکەمی **2014** کاریگەری دەکاتە سەر ئەو دۆسیەیە کە لەلایەن سەرۆکایەتی داواکاری کۆماریی ئەنقەرە بەڕێوەدەچێت. داواکاری کۆماریش داوای کرد بەهۆی ئەو تۆمەتە قورسانەی خراونەتە پاڵ فیگەن یوکسەکداغ و ڕەچاوکردنی بەلّگە بەرچاوەکان بڕیار بدرێت کە ناوبراو بە دەستبەسەرکراوی بهێنێتەوە.

دوای دانوستانەکان دەستەی دادوەری بە زۆرینەی دەنگ بڕیاری دا، فیگەن یوکسەکداغ بە دەستبەسەرکراوی بهێنێتەوە و دۆسیەکەش بۆ **29**ی ئەیلوولی داهاتوو دوابخرێت.

دادگای باڵای ئەمەریکا ڕێگا بۆ سزای لەسێدارەدان خۆش دەکات



دادگای باڵای ئەمەریکا لە بارەی لەسێدارەدانی چەند بەندکراوێکەوە بڕیاری دا، سزای لەسێدارەدانیان بەرامبەر جێبەجێ بکرێت. لە دەنگدانی ئەندامانی دادگای باڵای ئەمەریکا لەبارەی بڕیاری لەسێدارەدانەوە، پێنج دەنگی بەلّێ بەرامبەر چوار دەنگی نەخێر بوو.

دادوەری دادگای واشنتۆن، تانیا چوتکان داوای لە وەزارەتی دادی کردبوو جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان لەسەر چوار تۆمەتبار دوابخرێت. تانیا چوتکان جەختی لەوە کردبووەوە کە لێکۆڵینەوە زانیستییەکان ئەوە نیشان دەدەن لەسێدارەدانی تۆمەتبار لەڕێی دەرزی ژەهرەوە وا دەکات تۆمەتبارەکە ئازارێکی لەڕادەبەدەر بچێژێت و ئەمەیش دەچێتە چوارچێوەی "سزادانی ستەمکارانە" کە بەپێی دەستووری ئەمەریکا قەدەغەیە.

وەزارەتی دادی ئەمەریکا بۆ تەمییزکردنەوەی بڕیارەکەی دادوەری دادگای واشنتۆن، تانیا چوتکان داوای پێشکەش بە دادگای تێهەڵچوونەوە کرد. جێی وەبیرهێنانەوەیە سالّی ڕابردوو لەڕێی بڕیارێکەوە مۆڵەت بە یاسای لەسێدارەدان لە ئەمەریکا درا، ئەمەیش یەکەمجاربوو لە سالّی **2003**وە تا ئێستا ڕێگە بەو سزایە بدرێت، ئەو تۆمەتبارانەیشی سزاکەیان بەسەردا جێبەجێ دەکرێت چوار تۆمەتبارن کە یەکێکیان دانیەڵ لویس لیبی بکوژی خێزانێکی سێ کەسییە لە سالّی **1996**دا. پلانیش وابوو لە **13**ی تەمووزدا لی لەسێدارە بدرێت و سێ تۆمەتبارەکەی دیکەیش لە **28**ی ئابدا لەسێدارەبدرێن.

پەرلەمانتارێکی کوردستان: کابینەی نۆیەم چەندین هەنگاوی گرنگی ناوە

پەرلەمانتارێکی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان چەندین هەنگاوی گرنگی ناوە و شایستەی ئەو متمانەیە بووە، کە پێی دراوە. جوان ڕۆژبەیانی، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان، بە خەباتی ڕاگەیاند، کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، جێگەی ئەو متمانەیە بووە کە پێی دراوە. جوان ڕۆژبەیانی هەروەها ڕایگەیاند، سەرەڕای قەیرانی دارایی و پەتای کۆرۆنا، کابینەی نۆیەم لە ماوەی یەک ساڵی تەمەنی خۆیدا، چەندین هەنگاوی گەورەی ناوە، کە گرنگترینیان جێبەجێکردنی یاسای چاکسازییە. بەپێی بەداواچوون و زانیاریی ئەو پەرلەمانتارە، کابینەی نۆیەم کار و بەرنامەی باشتری هەیە، "دڵنیام لە ئایندەیەکی نزیکدا بەسەر هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرانە سەردەکەوێت، کە لە ناوخۆ و عێراقەوە بۆی دروست دەکرێت." ڕۆژبەیانی جەختی لەوە کردەوە، کە کابینەی نۆیەم شایستەی ئەو متمانەیە بوو کە وەری گرتووە و و مەسروور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کار لەسەر ئەو هێڵە گشتییانە دەکات، کە لەکاتی سوێندخواردنی لە پەرلەمان، خستیەڕوو.

بە ئامادەبوون و سەرپەرشتی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبای 300 مێگاواتی هەڵمی خەبات خرایەگەڕ



مەسرور بارزانی: سەرەڕای ئەو دۆخە نالەبار و سەختەی کوردستان تووشی بووە ئێمە نەوەستاین و بەردەوامین لە سەر ئەنجامدانی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان

ئەم وێستگەیە 10٪ی کارەبا لە تۆڕە گشتییەکانی بەرهەمهێنانی هەرێمی کوردستان زیاد دەکات



دوێنێ سێشەممە 14-7-2020 بە ئامادەبوونی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و قوباد تالەبانی جێگری سەرۆکی حکوومەت، وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبای 300مێگاواتی هەڵمی خەبات بە گەڕخرا.

سەرۆکی حکوومەت لە ڕێوڕەسمی بەگەڕخستنی وێستگەکە گوتارێکی پێشکەش کرد و ئاماژەی بەوەدا کە سەرەڕای دۆخە سەختەکان بەڵام ئێمە لە خزمەتکردنی هاوواڵتیان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری ناوەستین.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە گوتارەکەیدا گوتی "زۆر خۆشحاڵم و خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە ئەمڕۆ لێرە ئامادەبووین بۆ بەگەڕخستنی وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبای 300مێگاواتی هەڵمی خەبات کە لەلایەن وەزارەتی کارەبای حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هەردوو کۆمپانیای کۆریای باشوور KNOC و POSCO جێبەجێ کراوە .

ئەم پڕۆژە ستراتیجییە توانای بەرهەمهێنانی 300مێگاواتی هەیە کە 10%ی کارەبا لە تۆڕە گشتییەکانی بەرهەمهێنانی هەرێمی کوردستان زیاد دەکات. دەستخۆشی لە وەزارەتی کارەبا و کۆمپانیاکانی کۆریای باشوور دەکەم.

وەک دەزانین ئەمە دووەمین پڕۆژەی ستراتیجییە لەم هەفتەیەدا جێبەجێمان کردووە "دوای دانانی بەردی بناغەی شەقامی سەد مەتریی سلێمانی". ئەمەش ئەوە دەردەخات کە سەرەڕای ئەو دۆخە نالەبار و سەختەی کوردستان تووشی بووە ئێمە نەوەستاین و بەردەوامین لە سەر ئەو پڕۆژە خزمەتگوزارییانەی لە سەرەتای دەستبەکاربوونی کابینەکەدا بەڵێنمان بە خەڵکی کوردستان داوە و ئێستاش بەردەوام دەبین لە جێبەجێکردنیان بە پێی توانا. ئەم وێستگەیە ڕاستە لێرە لە خەباتە بەڵام بەرهەمەکەی بۆ هەموو کوردستانە. ئەمەش جێی دەستخۆشییە کە سەرەڕای ئەو دۆخە نالەبارەی بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا و قەیرانی ئابووری بەڵام نە کۆمپانیاکان وەستاون و نە حکوومەتی هەرێم لە جێبەجێکردنی پڕۆژەکان. ئێمە لە سەرەتای حکوومەتی هەرێم دەزانین کارەبا چەند گرنگ و پێویستە بۆ خزمەتگوزاری گەیاندن بە هاووڵاتیان و خاوەنکار و کۆمپانیاکان و پێشخستنی کەرتی پیشەسازی و ژێرخانی ئابووری کوردستان، بۆیە هەر لە سەرەتاوە گرنگییەکی زۆرمان بە بەرهەمهێنانی کارەبا داوە .

ئێوە دەزانن کە ژێرخانی ئابووری و دروستکردن و بەرهەمهێنان و دابەشکردنی کارەبا گرنگن و بە یەکەوە بەستراونەتەوە، ئێمە داوامان لە وەزارەتی کارەبا و لایەنە پەیوەندیدارەکان کردووە کە پێداچوونەوە بە تۆڕی گشتی کارەبا و بەرهەمهێنان و گەیاندن و بەکارهێنانیشی بکەن. ئێمە وەکو هاووڵاتی ڕاستە خاوەن مافین بەڵام لە هەمانکاتدا خاوەن ئەرکیشین. یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانمان ئەوەیە کارەبا بە هەدەر نەدەین. ئەگەر هاووڵاتییانیش پابەند و هاوکاری لایەنە پەیوەندیدارەکان بن من دڵنیام دەتوانین دۆخی کارەبا لە ماوەیەکی کەمدا بەرەو باشتر ببەین. داواشم لە وەزارەتی کارەبا کردووە کە چارەسەرێکی گونجاو بدۆزنەوە بۆ کێشەکانی کارەبا و زیادکردنی کارەبا لە هەموو کوردستان.

پێشتر ئێمە زۆر پشتمان بە گازوایل دەبەست بەڵام ئێستا هەوڵماندواوە زیاتر سوود لە گاز وەربگرین. داواشمان کردووە بەرهەمی گاز ڕێژەکەی زیاد بکرێت بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین زیاتر سوود لە وزەو کارەبا وەربگرین.

من لێرەدا دەمەوێ دڵنیاتان بکەمەوە کە بەردەوام دەبین لە ڕووبەڕووبونەوەی ئەو قەیرانە ئابووریە ناخۆشەی کە هەرێم تووشی بووە. دووبارە داواشتان لێدەکەمەوە پەتای قایرۆسی کۆرۆنا بە جیددی وەربگرن. حکوومەتی هەرێم بڕیاری پێویستی داوە و ئێمە دوێنێ کۆبوونەوەیەکی تایبەتمان هەبوو بۆ چۆنێتی وەرگرتنی ئەو ڕێکارانەی کە پێویستن بۆ پارێزگای هەولێر، ساز کرا.

چۆی کوانگ ژین، کونسوڵی کۆریای باشوور لە هەولێر، لە وتارێکدا، رایگەیاند، (سوپاسی بێپایانی) مەسرور بارزانی جەنابی سەرۆک وەزیران و تەواوی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکەم کە بەردەوام لەسەر هێڵ بوون و کاری باشیان کردووە سەرەڕای ئاستەنگەکان، بەڵام توانییان ئەم پڕۆژەیە بە سەرکەوتوویی بچێتە خزمەتی خەڵکەوە.

دەقی وتارەکەی چۆی کوانگ ژین:

خۆشەویست دەکەم لەگەڵ حکوومەت هاوکار بن. بۆ ئەوەی بە یەکەوە بتوانین حکوومەتێکی بە هێزتر و باشتر و وڵاتێکی گەشتر و خزمەتگوزارییەکی باشتر پێشکەشی ئێوەی خۆشەویست بکەین. دەستخۆشی لەو کۆمپانیایانە دەکەم کە هاوکاربوون لەگەڵ وەزارەتی کارەبا بۆ جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژە ستراتیجییە و زۆر بەخێربێن و هیوادارم سەلامەت و تەندروست بن.

ئێمە هاووڵاتیانی تەندروستمان دەوێ بۆ ئەوەی بتوانین بە یەکەوە ڕووبەڕووی قەیرانی ئابووری ببینەوە

حکوومەت بن بۆ ئەوەی هەم خۆتان سەلامەت بن هەم وڵاتەکەشتان سەلامەت و ئاوەدان بێت. خۆ نەپاراستنیش بە هیچ شێوەیەک قەیرانی ئابووری چارەسەر ناکات. چونکە ئێمە هاووڵاتیانی تەندروستمان دەوێ بۆ ئەوەی بتوانین بە یەکەوە ڕووبەڕووی قەیرانی ئابووریش ببینەوە. لە کاتێکدا دەتوانین هەموومان بەیەکەوە وڵاتەکەمان بەرەوپێش ببەین کە ئەرکەکانمان وەکو هاووڵاتی جێبەجێ بکەین، ئەویش پێش هەموو شتێک خۆشەویستییە بۆ وڵات. پێویستە وڵاتەکەمان خۆش بوێت و بیپارێزین و بەرەو پێشەوەی ببەین.

بە ئەنجامدانی ئەو پڕۆژەیە حکوومەت ئەرکی خۆی بەجێ دەگەیەنێ. بە چۆنێتی بەکارهێنانی ئەم پڕۆژەیە ئەرکی هاووڵاتییە کە یارمەتی حکوومەت بدات بۆ ئەوەی سامانی گشتی کە هی هەموومانە بە هەدەر نەڕوات. بۆیە داوا لە هاووڵاتیانی



کونسوڵی گشتیی کۆریای باشوور: ئەم پڕۆژەیە خاڵی وەرچەرخانە لە پەیوەندیی نێوان کۆریای باشوور و هەرێمی کوردستان

کونسوڵی گشتیی کۆریای باشوور ڕایدەگەیەنێت، پڕۆژەکانی وڵاتەکەی لە هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت و پەرەیان پێدەدرێت. دوێنێ سێشەممە 2020/7/14؟ بە ئامادەبوونی مەسروور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕێوڕەسمی بەگەڕخستنی وێستگەی کارەبای هەڵمیی خەبات لە پارێزگای هەولێر، ساز کرا.

بەڕێز مەسروور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان قوباد تالەبانی، جێگری سەرۆکی حکوومەت

شەرەفمەندم ئەمڕۆ بۆ دەستپێکردنی ئەم پڕۆژە میتڕوویە کە لە ڕووی ئابوورییەوە زۆر سەرکەوتوو بووە، ئەویش کردنەوەی پڕۆژەی کارەبای خەباتە.

لە جیاتی حکوومەتی کۆریای باشوور پیرۆزبایی سەرکەوتوویی ئەنجامدانی ئەم پڕۆژەیە دەکەم، گرنگیی ئەم پڕۆژەیە دەکرێ لە سێ خاڵ کۆبکرێتەوە:

1- دەبێتە پڕۆژەیەکی میتڕوویی، پەیوەندییەکانی کۆریای باشوور - هەولێر نیشان دەدات کە لە 213ەوە دەستپێکراوە.

2-کاریگەرییەکی باشی بەسەر پەیوەندیی 15ساڵەمان دەبێت.

3-ڕوانگەی کۆریای باشوور بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانمان کە لە 2004ەوە دەردەخات.

ئەم پڕۆژەیە لە ڕووی ئابوورییەوە گرنگە و 10؟ی بەرهەمهێنان زیاد دەکات، تێچووەکانیش کەم دەکاتەوە چونکە تەکنەلۆژیای نوێ لەم پڕۆژەیە بەکار هێندراوە. ئەمە واەدکات کە کابینەی نوێەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر شەفافانە کار بکات و کوردستان بەرێوەببات. لەم ڕوەشەوە کۆریای باشوور ئامادەیە هاوکاریی خەڵکی کوردستان بکات.

ئەمە وەک ئەوەیە کە منداڵێکی نوێ لەدایک ببێت، با پێکەوە ئاهەنگ بگێڕین و گەشەکردنی بەردەوامیش لە داهاتوودا هەبێت.

ئەم پڕۆژەیە لەژێر ناونیشانی (ئێمە دۆستی ئێوەین) کراوە، لە ڕووی ئابوورییەوە بە چەندین قۆناغی جیاواز تێپەڕیوە، لەوانە شەڕی داعش و ئێستاش پەتای کۆرۆنا ، بەڵام پڕۆژەکانمان بەردەوام پەرەپێدەدەین لە هەرێمی کوردستان. بەڵام ئەم پڕۆژەیە خاڵی وەرچەرخانە لە پەیوەندیی نێوان کۆریای باشوور و هەرێمی کوردستان.

دەمەوێ سوپاسی بێپایانی بەڕێز جەنابی سەرۆک وەزیران و تەواوی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکەم کە بەردەوام لەسەر هێڵ بوون و کاری باشیان کردووە سەرەڕای ئاستەنگەکان، بەڵام توانییان ئەم پڕۆژەیە بە سەرکەوتوویی بچێتە خزمەتی خەڵکەوە.



عێراق ڕووبەڕووی کارەساتی نێوخۆیی گەورەتر دەبێتەوە

میلیشیاکانی حەشدی شەعبی دەیان گرتووخانەی نهێنیان لە عێراق هەیە و بە پاڵنەری تایفەگەری خەڵک دەگرن



خەبات: زانکۆ جاف

چاودێریکی سیاسی پێی وایە عێراق دەکەوێتەوە ناو گێژاوێکی دیکەی پڕ لە ملمالانێ و هەندێ لە لایەنە شیعییەکان هەوڵەکانیان چڕ دەکەنەوە بۆ شکستپێهێنانی مستەفا کازمی، و دەڵێت ئەوەی ئێستا لە عێرقدا دەگوزەرێ گیرۆدەی قەیرانگەلی ئابووری، سیاسی، تەندروستی، ئاسایش و خزمەتگوزاری و نەمانی متمانەی هاوواڵتیانە. لەلایەکی دیکەشەوە بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوێکی مرۆیی، میلیشیاکانی حەشدی شەعبی دەیان گرتووخانەی نهێنیان لە عێراق هەیە و بە پاڵنەری تایفەگەری خەڵک دەگرن، هەر یەکێکیش لەو گرتووخانانە ژینگەیەکی لەبارن بۆ بلاوبوونەوەی پەتا.

سەرهەڵدانی قەیرانی نوێ

چاودێریکی سیاسی پێی وایە عێراق دەکەوێتەوە ناو گێژاوێکی دیکەی پڕ لە ملمالانێ و هەندێ لە لایەنە شیعییەکان هەوڵەکانیان چڕ دەکەنەوە بۆ شکستپێهێنانی مستەفا کازمی، و دەڵێت ئەوەی ئێستا لە عێرقدا دەگوزەرێ گیرۆدەی قەیرانگەلی ئابووری، سیاسی، تەندروستی، ئاسایش و خزمەتگوزاری و نەمانی متمانەی هاوواڵتیانە. بورهان ڕەئووف چاودێری سیاسی، ئاشکرای دەکات عێراق لە دوای 2003ەوە لەڕووی ئەتنیکی و تائیفییەوە دابەش بووە و هەر لایەک بەلای خۆیدا ڕای دەکێشێت و ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئێستا گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی ناکۆکی و ملمالانێی ڕۆم و عەجەم و ئەمەریکا و هەندێ وڵاتی عەرەبیشە، نەک بەرژەوندی گەلانی عێراق.

قەیرانی ئاسایش

ئەو چاودێرە سیاسییە دەشڵێت: لەدوای دابەزینی نرخی نەوت، ئابووری فەشەڵی وڵات داڕووخا، لەبەرئەوەی 90%داهاتی پشتی بە نەوت بەستووە و لە سەردەمی زێڕینی وڵات لە 2005وە تاکوو 2014کە پارە و داهاتێکی زۆر هەبووە، هیچ ژێرخانێکی پیشەسازی و کشتوکاڵی بنیات نەنراوە، بۆیە ئێستا کە نەوت دابەزیوە و قەیرانی بەدوای خۆیدا هێناوە، جگە لەوەش قەیرانی ئاسایش ئەوەی شەڕی تیرۆر و تائیفی لە عێراق بەرهەمی هێنا، تاقم و گرووپی ملیشیایی بوو کە ئێستا شەڕی تیرۆر کۆتایی هاتووە و خۆیان ڕێڵی داعش دەبینن و بەدەر لە یاسا و سیاسەتی دەوڵەت دەجوڵێنەوە و دەخوازن عێراق بکەنە گۆڕەپانی شەڕی نێوان ئەمەریکا و ئێران."بورهان ڕەئووف، پێشیوایە لە دوای بلاوبوونەوەی قایرۆسی کۆرۆناش لە عێراقدا کەرتی تەندروستی وەکوو هەموو سێکتەرەکانی دیکە تووشی ژێرخانێکی پیشەسازی و دارمان و لۆدێکی زۆر بووەتەوە. ئەو چاودێرە سیاسییە ئەوەشی خستە ڕوو: ئێستا کە میلیشیاکانی نزیک لە ئێران کازمی تۆمەتبار دەکەن بە جێبەجێکردنی ئەجێندای ئەمەریکا لە عێراق، لە بەرامبەر ئەم تۆمەتەش ئەوانەی کە پشتیوانیی کازمی و کابینەکەی دەکەن، دەڵێن کازمی سەرۆکوەزیرانی عێراقە نەک پارێزگارێکی پارێزگایەکی ئێران.

جموجۆڵەکانی حەشدی شەعبی

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوێکی مرۆیی، میلیشیاکانی حەشدی شەعبی دەیان گرتووخانەی نهێنیان لە عێراق هەیە و بە پاڵنەری تایفەگەری خەڵک دەگرن، هەر یەکێکیش لەو گرتووخانانە ژینگەیەکی لەبارن بۆ بلاوبوونەوەی پەتا. ڕوانگەی یۆرۆمیدمۆنیتەر eu-romedmonitor بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ڕاپۆرتێکدا باس لە بارودۆخی گرتوخانەکانی عێراق دەکات و بە ژینگەیەکی لەبار بۆ بلاوبوونەوەی پەتاکان ناویان دەبات. لە ڕاپۆرتەکە باس لەوە کراوە 13گرتووخانەی فەرمی لەلایەن حکوومەتی عێراق هەیە، کە نزیکەی 60هەزار کەسیان تێدا ڕاگیراوە، لەوانەیش هەزار کەسیان ژنن. ڕاپۆرتەکەی ڕێکخراوەکە حکوومەتی عێراق بەوە تۆمەتبار دەکات کە هێشتا زانیاری ورد لەسەر گیراوەکان بە ڕێکخراوە مرۆییەکان نادات. جیا لەمەیش ڕوانگەی یۆرۆمید ئاشکرای کردووە، میلیشیاکانی حەشدی شەعبی چەندان گرتووخانەی نهێنیان لە عێراق هەیە. هەرچەندە ئاشکرا نەکراوە چەند گرتووخانەی نهێنی لەلایەن حەشدەوە بەڕێوە دەبرێن، بەڵام ڕوانگەکە باسی لەوە کردووە تەنیا لە مووسڵ لە نوسوسیوشیەتی: تەنانەت پارچە زەوی و پارەی یارمەتیی بانک و پارەی بنیاتنانی خانووشیان دەوێ، دوای هەموو ئەوانەش داوای خۆپیشاندان و ڕووخاندنی حکوومەت دەکەن.

ئەم سەرمایەدارە کوردە چەند زانیارییەکی خستووەتەڕوو و دەڵێ: 63%ی هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان خاوەنی خانووی خۆیانن، لە کاتێکدا سوید وەک یەکێک لە خۆشگوزەرانترین وڵاتەکانی جیهان، تەنها 34%ی هاووڵاتیانیان خاوەنی خانووی خۆیانن و ئەوانیش جارێ 65%ی پارەی خانووەکانیان بە شێوەی قستی مانگانە لەسەر ماوە، لە کاتێکدا باجی دەرەماتی موچەیان 45%ـە و باجی سەر کۆمپانیاکانیش 65%ـە، لەگەڵ ئەوەشدا کەس مافی نییە داوای زەوی لە حکوومەت بکات، ئەگەر کەسێکیش ئەم داوایە پێشکەش بکات ئەوا دەینێرنە لای پزیشکی دەروونی.

سەرمایەدارە کوردەکەی سوید لە کۆتایی وتارەکەشیدا هیوای خواستووە کە بژاردەیەک لە کۆمەڵگەی ناڕازیی کوردستان و عێراق بۆ خولی پەروەردەیی و ڕۆشنبیرکردن بنێردرێنە ئەوروپا، هەروەک پێویستە بەرپرسانی بالای حکوومەتیش بنێردرێنە وڵاتان بۆ ئەوەی فێر بن کە حکوومەت چی لەسەر شانە بۆ هاووڵاتییانی جێبەجێ بکات و هاووڵاتییانیش پێویستە چی جێبەجێ بکەن بەرامبەر حکوومەت.

ناوچەی تاهیر گرتووخانەیەکی لیوای 30حەشدی شەعبی هەیە، نزیکەی هەزار کەسی تێدا ڕاگیراوە. ڕوانگەکە دەڵێ ئەو کەسانە بە بیانووی جیاواز و بە پاڵنەری تایفەگەری گیراون و بەرپرسانی لیواکە بە وەرگرتنی پارە لە کەسوکاریان، گیراوەکە ئازاد دەکەن. ڕاپۆرتەکە دووپات لەسەر ئەوە دەکاتەوە، ئەو گرتووخانانە کارەساتێکی مرۆیی لە عێراق دروست دەکەن و ژینگەیەکی لەبارن بۆ پەتاکان، چونکە هیچ مەرجێکی تەندروستییان تێدا نییە.

پەیوەندییەکانی سعوودیەو عێراق

میدیاکانی عێراق ئاشکرایان کردووە، لە وادەیەکی نزیکدا مستەفا کازمی سەرۆک وەزیرانی عێراق سەردانی سعوودیە دەکات و بەم بۆنەیشەوە سعوودیە ئامادەیی نیشان داوە دەروازەی سنووری عەرعەر بۆ عێراق بکاتەوە. سەرچاوەیەکی عێراقی بە مالپەڕی بەغداد تودەی ڕاگەیاندووە، سعوودیە بڕیاری داوە دەروازەی عەرعەر لەگەڵ عێراق بکاتەوە، دووپاتیشی دەکاتەوە ئەو بڕیارەی سعوودیە هاوکاتە لەگەڵ سەردانی مستەفا کازمی بۆ ئەو وڵاتە. ئەو سەرچاوەیە وادەی سەردانەکەی کازمی بۆ سعوودیە ئاشکرا نەکردووە، بەڵام گوتوویەتی کردنەوەی دەروازەکە لە مانگی تشرینی یەکەم داهاتوو دەبێت، ڕوونیشی کردووەتەوە پێشتر ئەو دەروازەیە بۆ تێپەڕبوونی حاجیان بوو، بەڵام سعوودیە دەیکات بە دەروازەیەکی ئالوگۆڕی بازرگانی.

ماوەی چەند ساڵێکە سعوودیە سیاسەتی خۆی لەگەڵ عێراق گۆڕیوە، لەبری دووركەوتنەوە زیاتر لەم وڵاتە نزیک بووەتەوە و لەگەڵ دەستبەکاربوونی مستەفا کازمیش کۆمەڵێک بڕیار دراوە، لەوانە عێراق پێشنیاری بۆ سعوودیە کردووە وەبەرهێنان لە کێڵگەکانی گازی سروشتی عێراق بکات سعوودیەش ڕەزامەندی داوە، ئامانجی سەرەکی سعوودیە ئەوەیە عێراق لەژێر هەژموونی ئێران دوور بخاتەوە.

سەرمایەدارێکی کورد لە سوید: لە عێراق دەسەڵاتداران نیوە مرۆڤێکیان هێشتووەتەوە



حازم کوردە سەرمایەداری کورد لە سوید، بابەتێکی لەبارەی دۆخی ئابووریی کۆمەڵگەی عێراقی نووسیوە، دەڵێ: "هەموو شتێکیان لە دەوڵەت دەوێت بەبێ ئەوەی هیچ بەخششێکیان هەبێت."کوردە لە وتارەکەیدا بەناوی "هەروەک لە کوردستان" باس لە کۆمەڵگەی عێراقی بەگشتی دەکات بە کۆمەڵگەی کوردستانییەشەوە، نووسیویەتی: هەموو داوای مووچە دەکەن، ئەگەرچی لە میلاکی حکوومەتیش زیادن، کەس نایەوێ کرێی ئاو، کارەبا و فڕێدانی زبڵ و خاشاک بدات. کەس نایەوێت پارە بداتە باج، کەچی قوتابخانە و نەخۆشخانە و زانکۆی خۆڕاییان دەوێت، هەروەها سووتەمەنیشیان بەبێ بەرامبەر دەوێ، سەرباری پاراستن و ئاسایش، هەموو ئەمانەیان بەبێ بەرامبەر دەوێ، تەنانەت خزمەتگوزارییەکانی شارەوانییەکانیشیان دەبێت بە خۆڕایی بێت.

حازم کوردە هەروەها نووسیویەتی: لە عێراق دەسەڵاتداران نیوە مرۆڤێکیان هێشتووەتەوە، مرۆڤێک کە بە تەواوی هەموو شتێکی دەوێت و هیچ شتێک نابەخشێ، 70%ی دەستی کار لە عێراقدا کارمەندی حکوومەتن، ئەمەش بۆ رازیکردنی خەڵک کراوە، کەچی خەڵک هێشتا ناڕازیین، لە کاتێکدا کارمەندانی میری لە سوید ناگاتە 7%ی ڕێژەی دانیشتووانی وڵاتەکە.."



فەڕەنسا .. تا ئێستا 30 هەزار و 29 کەس بە کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە

ژمارەی ئەو کەسانەی کە بەهۆی پەتای قایرۆسی کۆرۆنای نوێوە لە فەڕەنسا گیانیان لەدەستداوە، گەیشتە 30هەزار و 29کەس. دوێنێ سێشەممە لە ڕاگەیاندراوێکدا کە لەلایەن دامەزراوەی تەندروستیی گشتیی فەڕەنساوە بڵاوکرایەوە، ئاماژە بەوە کراوە کە لە ماوەی 24کاتژمێردا 288کەسی دیکە تووشی قایرۆسی کۆرۆنا بوون و کۆی گشتیی ژمارەی تووشبووان گەیشتووەتە 206هەزار و 192کەس. هاوکات دوای گیان لەدەستدانی 25کەسی دیکە لەماوەی سێ ڕۆژی ڕابردوودا، کۆی گشتیی گیان لەدەستدان بۆ 30هەزار و 29کەس بەرزبووەتەوە. لە ڕاگەیاندراوەکەدا باس لەوەش کراوە، کە شەش هەزار و 983کەس لە نەخۆشخانەکان کە 492یان لە یەکەکانی چاودێریی چڕن، بەهۆی تووشبوونیان بە قایرۆسی کۆرۆنای نوێ، چارەسەری پزیشکیی وەردەگرن و ژمارەی نەخۆشەکانی چاودێریی چڕ، ماوەی 96ڕۆژە ڕوو لە داکشانە.

ئابووری عێراق نزیکبووەتەوە لە قۆناغی مەترسیی

محەمەد ساحب دەراجی: دەوڵەتێکی شاراوە لەناو دەوڵەتی راستەقینەدا هەیە کە کار لەسەر وێرانکردنی ئابووری عێراق دەکات



ئەندامی لیژنەی دارایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، محەمەد ساحب دەراجی رایگەیاند کە هۆکاری دواکەوتن لە پەسەندکردنی یاسای بوودجەی **2020**؟ بۆ وەزارەتی دارایی دەگەڕێتەوە و ئاماژە بەوەیش دەکات، دەوڵەتێکی شاراوە لەناو دەوڵەتی راستەقینەدا هەیە کە کار لەسەر وێرانکردنی ئابووری عێراق دەکات. محەمەد ساحب دەراجی لە لێدوانێکی رۆژنامەوانییدا گوتی: عێراق لە کاتێکدا تا ئێستا **111** ملیار دۆلار قەرزدارە، کەچی **17**ملیار دۆلاری دیکەی قەرزکردووە، بۆیە ئەگەر قەرزی دیکە بکرێت ئەوا ئابووری عێراق دەکەوێتە قۆناغێکی مەترسییەوە.

گوتیشی: عێراق مانگانە پێویستی بە حەوت تریلیۆن دینار و **300** ملیار دینار هەیە، بەڵام ئەوەی ئێستا مانگانە دەستی دەکەوێت تەنها لە داهاتی نەوتە کە دوو تریلیۆن و **500** ملیار دینارە، داهاتی سەرچاوەکانی دیکە وەک دەروازە سنوورییەکان و کشتوکاڵ، تەنها پێنج لەسەدا لە داهاتی دەوڵەت پێکدەهێنن ئەویش بۆ خراپی بەڕێوەبردنی دەروازە سنوورییەکان دەگەڕێتەوە کە ئێستا حکوومەتی عێراق هەوڵدەدات سەرجەم دەروازە سنوورییەکان کۆنترۆڵ بکات.

ئەندامی لیژنەی دارایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، محەمەد ساحب دەراجی راشیگەیاند کە هۆکاری دواکەوتن لە پەسەندکردنی یاسای بوودجەی **2020**؟ بۆ وەزارەتی دارایی دەگەڕێتەوە چونکە وەزارەتی دارایی باس لەوە دەکات کە کورتهێنانێکی زۆر لە بوودجەدا هەیە و گوتی: پەسەندنەکردنی بوودجەی گشتیی ئەمساڵ، هیچ راست نییە و هەڵەیەکی گەورەیە.

سەبارەت بە ژمێرەی کۆتایی (الحسابات الختامیە) بۆ بوودجەکانی عێراق، محەمەد ساحب دەراجی گوتی: دوایین ساڵ کە ژمێرەی کۆتایی بۆ بوودجەکانی عێراق ئەنجامدراوە، بۆ بوودجەی **2013**بوو کە لە **2014**دا کراوە لەو کاتەدا بوودجە پەسەندنەکراو کە بەهۆیەوە ساڵی **2014**بووە ئاستەنگ لەبەردەم حکوومەتەکان لەوەی نەتوانن ژمێرەی کۆتایی ئەنجام بدەن. ئاماژەی بەوەیش دا کە ئەنجام نەدانی ژمێرەی کۆتایی، کێشە و گرفت بۆ دەوڵەت دروست دەکات.

محەمەد ساحب دەراجی سەبارەت بە خراپی ڕەوشی ئابووری عێراق گوتی: دەیانەوێت ئەزموونی دیموکراتی عێراق لە ڕووی سیاسیی و ئابووریی سەرکەوتوو نەبێت و عێراق بەم ڕەوشی ئێستای وەک بازارێکی بەکاربەر بمێنێتەوە، بەڵام لایەنەکانی ناوخۆی ژمارەیەک گرووپن کە دەیانەوێت عێراق بەهیچ شێوەیەک سەرکەوتوو نەبێت و کار لەسەر وێرانکردنی ئابووری عێراق دەکەن. ئەندامی لیژنەی دارایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، محەمەد ساحب دەراجی سەبارەت بەو زیانانەی کە بەهۆی گرێبەستە نەوتییەکانیش بەر عێراق کەوتووە گوتی: وەزیرەکانی پێشووی نەوت، چەندین گرێبەستیان لەگەڵ ئەو کۆمپانیا بیانیانەدا کە لە کێڵگە نەوتییەکانی عێراق کار دەکەن واژووکردووە، بەپێی گرێبەستەکان پشک و حەقدەستی ئەو کۆمپانیا بیانیانە دیاریی کراوە کە لە هەر بەرمیلێکی نەوتدا، **11** دۆلار وەردەگرێت واتا کۆمپانیاکان مانگانە **850** ملیۆن دۆلاریان لە داهاتی نەوتی عێراق دەست دەکەوێت لە کاتێکدا ماوەی چوار مانگە، نرخی یەک بەرمیل نەوت لە بازارەکانی جیهاندا، **40** دۆلاری تێناپەڕاندووە کە ئەمەیش ئەوەندەی دیکە زیانی بە دەوڵەت گەیاندووە.

ئێران.. کەسێک کە بە سیخوڕییکردن بۆ CIA تاوانبارکرابوو لەسێدارەدرا

خانەنشین لە دامەزراوەی ئاسمان و بۆشایی ئاسمان سەربە وەزارەتی بەرگریی ئێران، ڕەزا ئەسغەری بە تاوانی سیخوڕییکردن بۆ دەزگای هەواڵگریی ناوەندیی ئەمەریکا CIA لەسێدارە درا. ئاژانسی هەواڵیی نیمچە فەرمیی ئیرنا بڵاوی کردەوە، گوتەبێژی دەسەڵاتی دادوەریی، غوڵام حسێن ئیسماعیلی لە تارانی پایتەخت کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیی ئەنجامداوە.

غوڵام حسێن ئیسماعیلی لە میانی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا ڕایگەیاندووە "دوای ئەوەی کە دەرکەوت ڕەزا ئەسغەری لە ساڵی **2016**دا بەرلەوەی لە دامەزراوەی ئاسمان و بۆشایی ئاسمان لە وەزارەتی بەرگریی خانەنشین ببێت و دوای خانەنشین بوونیشی، زانیاریی بە CIA فرۆشتووە لەبارەی چالاکییە مووشەکییەکانمان و لەبەرامبەردا پارەی وەرگرتووە؟ دادگایی کرا و سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێنرا، بڕیاری لەسێدارەنیشی هەفتەی ڕابردوو جێبەجێ کراوە. گوتەبێژی دەسەڵاتی دادوەریی، غوڵام حسێن ئیسماعیلی هیچ زانیارییەکی دیکەی سەبارەت بە کاری ڕەزا ئەسغەری لە دامەزراوەکە و پرۆسەی ڕاگرتن و دادگاییکردنی ناوبراو، نەدا.



عێراق... تا ئێستا سێ هەزار و 136پزیشک و کارمەندی تەندروستی تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون

کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق ڕایگەیاند کە تا ئێستا سێ هەزار و **136**پزیشک و کارمەندی تەندروستیی لە عێراق تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و **25**ی دیکەیش بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گیانیان لەدەستداوە. ئەندامی کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق، عەلی بەیاتی لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر بڵاوی کردەوە کە تا ئێستا سێ هەزار و **136**پزیشک و کارمەندی تەندروستیی لە عێراق تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و **25**ی دیکەیش بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گیانیان لەدەستداوە. ئەمەیش لە کاتێک دایە بەپێی دوایین ئامارەکان تا ئێستا **79**هەزار و **735**کەس لە عێراق تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و لەو ژمارەیەش سێ هەزار و **250**کەس گیانیان لەدەستداوە و **46**هەزار و **998**ی دیکەیش چاکبوونەتەوە.

ڕاوێژکاری نوێی ئاسایشی نیشتمانیی عێراق دەستبەکاربوو



ڕاوێژکاری نوێی ئاسایشی نیشتمانیی عێراق، قاسم ئەعرەجی ڕایگەیاند کە هەوڵی زیاتر بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندی گشتیی دەخەنەگەڕ. لە ڕێورسمێکدا کە بەیانیی دوێنێ سێشەمە لە باڵەخانەی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانیی عێراق بەڕێوەچوو، تیادا پۆستی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنەکە لەلایەن فالح فەیازەوە ڕادەستی قاسم ئەعرەجی کرا. نووسینگەی ڕاگەیاندنی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانیی عێراق بڵاوی کردەوە کە دوای ڕێورەسمەکە، قاسم ئەعرەجی لە پۆستی ڕاوێژکاری نوێی ئاسایشی نیشتمانیی عێراق دەستبەکاربووە و دواترلەگەڵ بەڕێوەبەری بەشەکانی دامەزراوەی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانیی کۆبووەتەوە. بەپێی نووسینگەکە لە کۆبونەوەکەدا، ڕاوێژکاری نوێی ئاسایشی نیشتمانیی عێراق، قاسم ئەعرەجی ڕایگەیاندووە کە هەوڵی زیاتر بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندی گشتیی دەخەنەگەڕ. لە چواری ئەم مانگە فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان و سەرۆکەوزیرانی عێراق، مستەفا کازمی کۆتایی بە ئەرکی فالح فەیاز وەک ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی هێنا و وەزیری پێشووی ناوخۆ، قاسم ئەعرەجی بۆ ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی ڕاسپارد.

لووتکەی سێقۆڵی سوودان و میسر و ئەسیوپیا لەبارەی بەنداوی هەداسی بێ ئەنجام بوو



بۆ جارێکی دیکەی سێیەمین لووتکە لەبارەی بونیاتنانی بەنداوی هەداسی لەسەر ڕووبار نیل لەلایەن ئەسیوپیاوە کە گرژی سیاسیی لێکەوتۆتەوە لەگەڵ میسر و سوودان سەبارەت بە چۆنێتی گلدانەوەی ئاو و کارکردن لە سەری کە لەلایەن یەکێتیی ئەفریقاوە دەستپێشخەری بۆ کرابوو لە **11**مین ڕۆژی دا، بەبێ گەیشتە ڕێککەوتن لەسەر بابەتە کێشە لەسەرەکان کۆتایی هات.

وەزیری ئاودێری و سەرچاوە ئاوییەکانی سوودان، یاسر عەباس بە میدیاکانی ڕاگەیاند کە کۆبوونەوەکان کە بە دەستپێشخەری یەکێتیی ئەفریقا و بە چاودێری ئەمەریکا و یەکێتیی ئەفریقا بەڕێوەچوون بەبێ گەیشتنە ڕێککەوتن کۆتاییان پێ هات. یاسر عەباس تیشکی خستە سەر ئەوەی کە هێشتا ناکۆکی ماوە سەبارەت بەڕێژەی ئەو ئاوەی دەڕژێتە بەنداوی ڕوسەیریس لە سوودان و چۆنێتی کارکردن لە بەنداوی هەداسی و گلدانەوەی ئەو لەوێ لە وشکەساڵیدا.

ئێران.. 179کەسی دیکە بە کۆرۆنا گیانیان لەدەستدا



لە ئێران **179**کەسی دیکە بە پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ گیانیان لەدەستدا، بەوەیش ژمارەی ئەوانەی بەو پەتایە کۆچی دواییان کردووە گەیشتە **13**هەزار و **211**کەس. دوێنێ سێشەمە گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی ئێران، سیما سادات لاری، ئاماژەی بەوە کرد کە لە **24**کاتژمێردا، **179** کەسی دیکە بەهۆی پەتاکەوە گیانیان لەدەستداوە و، دوو هەزار و **521**حاڵەتی نوێی تووشبوون بەو پەتایە تۆمارکراوە.

لاری باسی لەوە کرد کە ژمارەی کۆچکردووان بە پەتاکە گەیشتووەتە **13**هەزار و **211** کەس و، کۆی گشتیی تووشبووانیش بەرزبووەتەوە بۆ **262**هەزار و **173**کەس. گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی ئێران هەروەها باسی لەوە کرد کە ڕەوشی تەندروستیی سێ هەزار و **389**تووشبوو ناجێگیرە و، **225**هەزار و **270**تووشبووش چارەسەریان وەرگرتووە و نەخۆشخانەیان جێهێشتووە.

سیما سادات لاری ئاماژەی بەوەیش کرد کە تا ئێستا لەسەرتاسەری ئێراندا تێکڕا دوو ملیۆن و **23**هەزار و **79** پشکنین ئەنجامدراوە.

لە ئێران پارێزگاکانی ئازەربایجانی خۆرهەڵات و خۆرئاوا، ئیلام، بوشهر، ڕەزەوی خوراسان، خوزستان، زینجان، کوردستان، کرماشان، مازەندران و هورمۆزگان وەک ''ناوچەی سوور'' دیاریی کراون و پارێزگاکانی تاران، فارس، ئەردەبیل، ئەسفەهان، کرمان، ئەلبروز، خۆراسانی باشوور، سیستان-بەلوچستان، لۆرستان، هەمەدان، یازد و خۆراسانی باکوور و بوێەر ئەحمەدی وەک ناوچەی جێ مەترسی پۆلێنکراون.

باکووری کوردستان... 33 ئەندامی هەدەپە دەستگیر کران

هێزەکانی پۆلیسی تورکیا لە پارێزگای غازی عەنتابی باکووری کوردستان، ئۆپەراسیۆنێکی بەربڵاویان بۆ دەستگیرکردنی ئەندامانی هەدەپە دەستپێکرد و لە ئەنجامدا **33**ئەندامی هەدەپە دەستگیر کران کە بەرپرسی لقی غازی عەنتابی هەدەپە لەناو دەستگیرکراوەکان دایە. سەرجاوەکانی هەواڵ باس لەوە دەکەن کە لەسەر داوای داواکاری گشتیی غازی عەنتاب، هێزەکانی پۆلیس ئۆپەراسیۆنێکی فراوانیان بۆ دەستگیرکردنی ئەندامانی هەدەپە دەستپێکرد و **33**ئەندامی ئەو بارتەیان دەستگیر کرد کە لەناویادا مووسا ئایدن بەرپرسی لقی هەدەپە لە غازی عەنتاب هەیە. بە گوێرەی زانیارییەکان، داواکاری گشتیی غازی عەنتاب تۆمەتی تیرۆرستی داوەتە پاڵ ئەو ئەندامانەی هەدەپە و تۆمەتباری کردوون بەوەی بەنهێنی ئەندامی پارتی کرێکارانی کوردستانن.

ئۆپەراسیۆنەکە لە **27**شوێنی عەنتاب ئەنجام دراوە، جگە لەوەی بەشێکی زۆری دەستگیرکراوان ئەندامی ئاسایین و هاوکات کەسانی وەک پارێزەر و موختاریشی تێدایە.



لەبارەگای لقی24ی سەفین کێشەیەکی کۆمەڵایەتی چارەسەرکرا

لەبارەگای لقی24ی سەفینی پارتی دیموکراتی کوردستان،بەئامادەبوونی هیوا ئەحمەد مستەفا ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی24ی سەفینی پارتی و پوشۆ ئەحمەد لاوکە کارگێڕی لق و فاخیر جمیل بەرپرسی مەکتەبی کۆمەڵایەتی لق،کێشەی نێوان دووبنەماڵە کەدانیشتووی ناحیەی هەریر و گوندی باویان بووین و ماوەیەکە کێشەیەکی کۆمەڵایەتیان لەنێواندا هەیە، لەبارەگای لقی 24ی سەفین کۆتایی بەکێشەکەیان هێنرا.

لای خۆشیانەوە هەردووبنەماڵە سوپاس و دەستخۆشیان ئاراستەیی بەرپرسی لق و مەکتەبی کۆمەڵایەتی لقی24ی سەفین کرد کەوا ڕۆڵی سەرەکیان هەبوو لەچارەسەرکردنی کێشەکەیان و کۆنوسی چارەسەریان واژۆکرد و هەردوولا دووپاتیان لەبرایەتی و دووبارەنەبوونەوەی کێشەی نێوانیان کردەوە.

سەرۆکی شارەوانیی هەولێر:

60 هەزار پارچە زەوی تاپۆ دەکرێن

هاوواڵتیان دەتوانن سەردانی بەشی مواڵکایەتی بکەن



پڕۆسەی تاپۆکردنی زەویی کارت لە سنووری شاری هەولێر خێراتر کراوە و وەك سەرۆکی شارەوانیی هەولێریش دەڵێ: نیوەی زیاتری کارتەکان کراونەتە سەنەد و دەشڵێ، لە فەرمانگەکانی تاپۆ ژووری تایبەت بە ڕاییکردنی مامەڵەی زەویی کارت هەن و کارئاسانیی تەواو بۆ گۆڕینی کارتەکان کراوە.

عەبدولواحید ئەحمەد، سەرۆکی شارەوانیی هەولێر، ڕایگەیاند: لە سنووری سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێر زیاتر لە 125 هەزار زەوی کارت هەن و دوای دەرچوونی فەرمانی سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران، سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێر دەستی بە تاپۆکردنی زەویی کارت بۆ سەنەد کردووە و لە کەرتەکانی، کانی قرژاڵە، باغڵۆنارە، باغەمرە شەهاب، کەرك، پیرزین و چەندین شوێنی دیکە هەن و لەو ژمارەیە توانیومانە تا ئێستا 65 هەزار کارت بگۆڕین بۆ سەنەد و ئێستاش هاوواڵتیان دەتوانن سەردانی بەشی مواڵکایەتی بکەن لە سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێر .

سەرۆکی شارەوانیی هەولێر: ئەو کارتانەی ماون و نەکراونەتە سەنەد، ژمارەیان 60 هەزار کارت دەبێت و لیژنەیەك بە هەماهەنگیی فەرمانگەکانی تاپۆ و فەرمانگەی کشتوکاڵ و دارایی پێك هاتووە و کار بۆ گۆڕینی زەویی کارت بۆ سەنەد دەکەن .

ئەحمەد ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: لەسەر داخوازیی ئێمە، فەرمانگەکانی تاپۆ ژووری تایبەتیان جیا کردووەتەوە بۆ ئەوانەی زەویی کارت دەگۆڕن بۆ سەنەد، ئەوەش ئاسانکارییەکی زۆرە بۆ هاوواڵتیان و لیژنەکانی گۆڕینی زەویی کارت بۆ سەنەد، کام کەرت زیاتر کێشەی تێدا نییە، لەوێ کارتەکان دەکەنە سەنەد .

دەشڵێ: لەگەڵ تاپۆکردنی زەویی کارت، تیمەکانمان بەردەوامن لەسەر دانانی نەخشەی کەرتی بۆ زۆربەی ئەو ناوچانەی زەوییان تێدا دابەش کراوە و تا ئێستا نەخشەی کەرتیان نەبووە .

پرسەنامە

بۆ هاوکارمان شاخەوان محەمەد

بەناوی سەرنووسەر و تەواوی ڕۆژنامەنووس و کارمەندانی ڕۆژنامەکەمان پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی هاوکارمان شاخەوان محەمەد دەکەین، بەبۆنەی کۆچی دوایی زاوای بەڕێزیان کاك حاجی مازن نوعمان چەلەبی کە بەهۆی تووشبوونی بەڤایرۆسی کۆرۆنا گیانی لەدەستدا، خوای گەورە خوالێخۆشبوو بە بەهەشت شاد بکات و ئارامی و دڵنەوایی بە خانەوادەیان ببەخشێت.

×××

بۆ هاوکارمان بڕیار کۆیی

بەناوی سەرنووسەر و تەواوی ڕۆژنامەنووس و کارمەندانی ڕۆژنامەکەمان پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی هاوکارمان بڕیار هێرش کۆیی دەکەین، بەبۆنەی کۆچی دوایی باپیری بەڕێزیان، خوای گەورە خوالێخۆشبوو بە بەهەشت شاد بکات و ئارامی و دڵنەوایی بە خانەوادەیان ببەخشێت.

تاقیکردنەوەی وانەی زمانی ئینگلیزی پۆلی 12 دەکەوێتە دوای جەژن

دوێنێ دووەم تاقیکردنەوەی قۆناغی کۆتایی پۆلی دوانزەکان لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو، قوتابیانی هەردوو بەشی زانستی و وێژەیی تاقیکردنەوەی وانەی کوردییان تەنجامدا.

لە سنووری پەروەردەی ناوەندی هەولێر 23 هەزار قوتابی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ تەنجام دەدەن و بەسەر 320 هۆڵ دابەشکرابوون.

بەڕێوبەری پەروەردەی ناوەندی هەولێر ئامانج بەوەشکرد، لە ڕۆژی یەکەمی تاقیکردنەوەکان هەندێك گرفتی تەکنیکی دروست بوون بەتایبەت لە هاتووچۆی ڕێگاوبانەکان و دابینکردنی فێنکککەرەوە بۆ قوتابییان، بەڵام توانرا سەرجەم گرفتەکان چارەسەر بکرێن، سەرجەم پێداویستییەکانی تاقیکردنەوەکان دابینبکەین.

هەروەها ڕاشیگەیاند، لەکاتی تاقیکردنەوەکان سەرجەم ڕێکارە تەندروستییەکان لەبەرچاوگیراون و دەستکێش و ماسك و مادەدی پاککەرەوەی دەست بۆ قوتابیان و مامۆستایان دابینکراوە.

سەبارەت بە دواخستنی تاقیکردنەوەکان بەهۆی پشووی جەژنی قوربانەوە ، چوار ڕۆژ پێش جەژن دەبێتە پشوو دوای جەژنیش بەهەمان شێوە چوار ڕۆژی دیکە پشووی فەرمییە، بۆیە یەك تاقیکردنەوە کە تاقیکردنەوەی وانەی زمانی ئینگلیزییە دەکەوێتە دوای جەژن و بەهەمان ڕێکارەکانی تاقیکردنەوەکانی دیکە بەڕێوەدەچێت.

سلێمانی..چەند هەواڵێکی دڵخۆشکەر لەبارەی کۆرۆنا

هێرش سەلیم، جێگری بەڕێوەبەری تەندروستی سلێمانی لە لێدوانێکی لەبارەی ڕەوشی تەندروستی سلێمانی ڕایگەیاند: لە ئێستادا هیچ نەخۆشێک لەژێر ئامێری هەناسەدانی دەستکرددا لە نەخۆشخانەکانی کۆرۆنا لە سلێمانی نەماوە .

ڕاشیگەیاند: ڕێژەی تووشبوون بە کۆرۆنا لە شاری سلێمانی ڕووی لە دابەزین کردووە، لە بەرامبەردا ڕێژەی چاکبوونەوە لە بەرزبوونەوەدایە .

هەروەها ئەماژەشی بەوەکرد، دوێنێ و پێرێ هیچ نەخۆشێک پێویستی بە ئامێری هەناسەدانی دەستکرد نەبووە، لە ئێستادا هیچ تووشبوویەکی کۆرۆنا لە سلێمانی لەژێر ئامێری هەناسەدانی دەستکرددا نییە.

یەکێک لە هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی ڕێژەی چاکبوونەوە لەپارێزگای سلێمانی بۆ پابەندبوونی هاووڵاتیان بە ڕێکارەکانی خودپارێزی و تاکپارێزی دەگەڕێتەوە، ئەگەر خۆپارێزی هاووڵاتیان بەم جۆرەی ئێستا بەردەوام بێت ئەوا پێشبینی دەکرێت لە دوو هەفتەی داهاتوودا هەواڵی دڵخۆشکەر لەلایەن تەندروستیەوە ڕابگەیەنرێت.

بەپێی ئەو ئامارانەی لەلایەن وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بڵاوەکرێتەوە، لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا تاوەکو ئێستا تەنیا لە پارێزگای سلێمانی 6 هەزار و 668 کەس تووشی کۆرۆنا بوون، 3 هەزار و 321 تووشبوو ڤایرۆسەکەیان تێپەڕاندووە، لە ئێستادا 3 هەزار و 76 تووشبوو لەژێر چاودێریدان و 280 تووشبووش گیانیان لەدەستداوە، هاوکات لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان 9 هەزار و 695 کەس تووشی ڤایرۆسە کەبوون .

بەڕێوەبەری گشتیی باجی هەرێم: ئەو خاوەن مواڵکانەی لە کاتی کەرەنتینەدا باجیان لەکرێچییەکانیان وەرگرتووە باجیان لێ وەردەگیرێت



بەڕێوەبەری گشتیی باجی هەرێمی کوردستان گوتی، حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری داوە ئەو دوو مانگەی کەرەنتینە هەبوو لەو دوو مانگە باج لە خاوەن مڵکەکان وەرنەگرێت بە مەرجێک ئەوانیش کرێ مواڵکەکانیان لە کرێچی وەرنەگرتبێت.

د. کەمال وەرتی، بەڕێوەبەری گشتیی باجی هەرێمی کوردستان، گوتی: حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەکو هاوکاری بۆ خاوەن مڵکەکان بۆ ئەوەی کرێ لە کاتی کەرەنتینە لە کرێچییەکان وەرنەگرن بڕیاری دا دوو مانگ لە باجی سەر خاوەن مڵکەکان خۆش بێت، بۆ ئەوەی خاوەنمڵکەکانیش زیانیان پێ نەگات.

د. کەمال وەرتی گوتیشی: ئەو بڕیارە ئەو خاوەن مڵکانە دەگرێتەوە کە کرێیان لە کرێچی وەرنەگرتووە، بەڵام ئەوانەی کرێیان لە کرێچییەکان وەرگرتووە لە وەرگرتنی باج لێیان خۆش نابین.

وەرتی باسی لەوەش کرد: بۆ ئەوەی بزانین کێ کرێی لە کرێچی وەرگرتووە، ئێمە لیژنەمان هەن و سەردانی کرێچییەکان دەکەن. ئەوکات دیار دەبێت کێ کرێی وەرگرتووە و کێش کرێی وەرنەگرتووە، ئەوکات ئەوانەی کرێیان وەرگرتووە لێخۆشبوونی باج نایانگرێتەوە و ئەوانەی کرێیان وەرنەگرتووە لە باج بۆ ماوەی دوو مانگ لێیان خۆش دەبن.

کەرکوک.. تووشبوویەکی کۆرۆنا بەکەلەپچەکراوی بینەری ساتی گیان لەدەستدانی هاوسەرەکەی دەبێت

خۆی بوتڵی ئۆکسیجنی بۆ نەخۆشخانەکە دابین کردبوو





مامۆستایەکی شاری کەرکووك کە خۆی و هاوسەرەکەی تووشی کۆرۆنا بوون، دوای ئەوەی لەگەڵ کارمەندانی تەندروستیی تووشی دەمەقاڵێ دەبێت، لەلایەن پۆلیسەوە کەلەپچە دەکرێت و لە قەرەوێڵە دەیبەستنەوە و چرکە بە چرکە بینەری ساتی گیان لەدەستدانی هاوسەرەکەی دەبێت.

کاتیك یەکێك لە تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID 19 -بە ناوی محەمەد.ك کە پیشەی مامۆستا بووە و خۆی و هاوسەرەکەی تووشی ڤایرۆسەکە بوون و لە نەخۆشخانەی کۆماری کەرکووك لەژێر چاودێری پزیشکیدا بوون.

بەپێی زانیارییەکان مامۆستا محەمەد کاتێك دەبینێت، هاوسەرەکەی دۆخی تەندروستی ناجێگیرە، خۆی بوتڵی ئۆکسیجن بۆ نەخۆشخانەکە دابین دەکات، بۆ ئەوەی بۆ هاوسەرەکەی بەکاری بهێنن، بەڵام کارمەندانی نەخۆشخانەکە دەیانەوێت ئۆکسیجینەکە لێ بکەنەوە کە ڕووبەڕووی ناڕەزایەتیی مامۆستا محەمەد دەبنەوە و دەمەقاڵی دروست دەبێت. دواترپۆلیسی کەرکووك لە شوێنی ڕووداوەکە نامادە دەبێت و بەتۆمەتی شکاندنی ئامێری هەناسەدان دەیانەوێت دەستگیری بکەن، بەڵام بەهۆی دۆخی تەندروستییەوە دەستگیری ناکەن و کەلەپچەی دەکەن و لە قەرەوێڵەی هاوسەرەکەی دەیبەستنەوە،دوای دەمێك هاوسەرەکەی مامۆستا محەمەد گیانی لەدەست دا.



کەلار..بەهۆی ڕووداوێکی هاتوچۆ لە ڕێگای سەرەکی کەلار - پەرۆێزخان کەسێک گیانی لە دەستدا

دوێنێ سێشەمە لە ڕێگای نێوان کەلار - پەرۆێزخان نزیك گوندی مەجید سالار ڕووداوێکی پێکدادان لە نێوان بارهەڵگرێك لە جۆری مان و نیسان پاترۆڵێك ڕوویدا. هاتوچۆی گەرمیان دەشڵێت: لە ئەنجامی ڕووداوەکەدا، شۆفێری ئۆتۆمبیلی نیسان پاترۆڵەکە گیانی لە دەستداوە.



لە دەڤەری سۆران ڕێژەی گەشتیاران لە % سفر نزیک دەبێتەوە

پەتای کۆرۆنا زیانی گەورەی لە کەرتی گەشتیاری ناوچەکە داوە

خەبات: ڕەنجبەر بەرزنجی

لە ساڵانی ڕابردوو هاوینەهەوار و ناوچە گەشتیارییەکانی دەڤەری سۆران لەم کاتانەدا قەرەباڵغ و پڕ لە گەشتیاری ناوخۆیی و بیانی بوون، بەڵام لە ئێستادا بە هۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و هەنگاوە خۆپارێزییەکان بۆ دوورکەوتنەوە لە پەتاکە، وایکردووە شوێنە گەشتیارییەکان خاڵی بن، لایەنە پەیوەندیدارەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن کە ڤایرۆسی کۆرۆنا زیانی گەورەی بۆ کەرتی گەشتیاری نەک هەر هەرێمی کوردستان، بەڵکو سەرتاسەری جیهان هەبووە.

گۆنەر جوندیانی، کە ماوەی چەندین ساڵە لە هاوینەهەواری جوندیان لە سنووری پارێزگای هەولێر خاوەنی دوکانی کەلوپەلی گەشتیارییە ئاماژە بەوە دەکات، کە هیچ گەشتیارێك نییە و کەس سەردانی ناوچە گەشتیارییەکان ناکات، ئەو دەڵێت: ساڵی ڕابردوو ئیشوکارمان لە هاوینەهەواری جوندیان زۆر باش بوو و گەشتیارێکی زۆر ڕووی لەم هاوینەهەوارە دەکرد، لە سەرەتای وەرزی بەهار گەشتیارانی ناوخۆ لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك سەردانیان دەکردین و دواتریش لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما گەشتیارانی ناوەڕاست و باشووری ئێراق ڕوویان لە هاوینەهەوارەکانی ئەم سنوورە دەکرد، کە ئەمەش کاریگەری زۆری لەسەر بووژانەوەی کەرتی گەشتیاری هەبوو، بەڵام بەداخەوە ئەمساڵ هیچ گەشتیارێك نییە، ئێمە زیانی زۆرمان کردووە، زۆربەی کاڵاکانمان خراپ بوونە، ئەو سەردانکەرانەی کە لە ناوخۆش دێن بۆ هاوینەهەوارەکان لەبەر قەیرانی دارایی بۆ ماوەیەکی کەم و تەنیا بۆ وێنەگرتن دەمێننەوەو دواتر دەڕۆن.

هەر سەبارەت بە زیانەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە کەرتی گەشتوگوزار بارزان محەمەد، بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری سۆران کە بەڕێوەبەرایەتییەکەیان سەرپەرشتی کەرتی گەشتیاری هەر چوار قەزای سۆران و چۆمان و میرگەسۆر و ڕواندز دەکات، تایبەت بە خەبات ڕایگەیاند: بەر لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕێژەی هاتنی گەشتیاران بۆ ناوچە گەشتیارییەکانی دەڤەری سۆران و دەوروبەری بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو، بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردبوو، بەڵام لە دوای بڵاوبوونەوەی پەتاکە هاتنی گەشتیاران لە سفر % نزیکبۆتەوە.

ئەو گوتیشی: لە ساڵی ڕابردوو تا ئەم کاتانە نزیکەی 700 هەزار سەردانکەرمان هەبوو، بەڵام ئەمساڵ بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشییە زیانی زۆری بۆ کەرتی گەشتوگوزار هەبووە.



لەمەودوا بە سیستەمی ئۆنلاین دەتواندرێت قەرزی کارەبا بدرێتەوە

بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر:

بەدانانی سیستەمی ئۆنلاین، چیتر جەنجاڵی لە فەرمانگەکانی فرۆشتنی وزە نامێنێت



خەبات: فاتیح بەرزنجی

ئەندازیار حوسێن حەمەد قادر بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر بەخەباتی ڕاگەیاند: لە پێناو نەهێشتنی جەنجاڵی و قەرەباڵغی هاووڵاتیان لە فەرمانگەکانی کارەبا و کەمکردنەوەی ڕۆتین، وەزارەتی کارەبا لەو بارودۆخەی ئێستا کە ڤایرۆسی کۆرۆنا بڵاوبۆتەوە بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی پلانێکی داناوە, کە تابێ جەنجاڵی و قەرەباڵغی لە فەرمانگەکانیدا هەبێت. ئەندازیار حوسێن حەمەد قادر بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر ئەو بەرنامە و پلانەی وەزارەتی کارەبا دەخاتەڕوو:

ئەندازیار حوسێن حەمەد قادر بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر بەخەباتی ڕاگەیاند:

ئەو خزمەتگوزاریە گرنگەی کە لەپێناو بەرژەوەندی گشتی هاووڵاتیان و ئاسانکاری بۆیان وەك کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەمکردنەوەی ڕۆتین وچاکسازی بوو، بۆیە وەزارەتی کارەبای هەرێم پلان و بەرنامەی بۆ نەهێشتنی جەنجاڵی و قەرەباڵغی و کەمکردنەوەی ڕۆتین دانا ئەویش دانانی سیستمی ئۆنلاینە، ئەو بەرنامەیە بۆ نەهێشتنی جەنجاڵییە لەناو فەرمانگەکانی کارەبا، کە بەیەکێك لە فەرمانگە جەنجاڵەکان دەژمێردرێت، بەتایبەتی فەرمانگەکانی فرۆشیاری وزە، لە هەولێر دوو فەرمانگەی فرۆشیاری وزە هەیە جگە لەوەش لە هەریەکە لە شارۆچکەکانی مەسیف و شەقڵاوەو کۆیەو سۆران، فەرمانگەی فرۆشیاری وزە هەیە، ڕاییکردنی مامەڵەی هاووڵاتیان بە شێوەی سیستمی ئۆنلاین جێبەجێ دەکرێت ئەو هەنگاوەش لە پێناو ئاسانکاری بۆ هاووڵاتیان و کەمکردنەوەی ڕۆتینە.

بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر گو تیشی :

لەلایەکی دیکە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕیارێکی دەرکرد ئەویش داشکاندنی 15% لە قەرزی کرێی کارەبای هاووڵاتیان، بۆیەش فەرمانگەکانی فرۆشتنی وزە جەنجاڵی زۆری هاووڵاتیانی لێ دروست بوو. ڕۆژانە خەڵکێکی زۆر ڕوو لەو فەرمانگەیە دەکەن، بۆیە زۆر پێویست بوو سیستمە دابندرێت تا ئەو قەرەباڵغییە نەمێنێ، ئەو سیستەمە دەتوانێت قەرزەکانی کرێی کارەبا ئەنجام بدات، ئەگەرچی پێشووتر هاووڵاتیان بۆ دانی قەرزەکانی دانی کرێی کارەبا دەبوو سەردانی ئەو فەرمانگەیە بکەن .



نرخی زێڕ لە بازاڕەکانی جیهان بەرزدەبێتەوەو هاووڵاتیانی کوردستانیش زێڕەکانیان دەفرۆشن

خەبات: هەولێر

نرخی زێڕ لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان بەراورد بە چەند ساڵی ڕابردوو بەرزبووەتەوە، بەرزبوونەوەی نرخی زێڕ لە کاتێکدایە کە گرژییەکانی نێوان ئەمریکا و چین ڕوو لە زیادبوونە و بەهۆیەوە دڵەڕاوکێ لە بازاڕەکان دروست بووە و لە هەرێمی کوردستانیش بەشێك لە خەڵکی بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانییان، زێڕەکانییان دەفرۆشنەوە. گوتەبێژی سەندیکای زێڕینگەرانیش ئاماژە بەوە دەکات، کە سەرەڕای ئەوەی کە زێڕ دەفرۆشرێت لەلایەن هاووڵاتییانەوە، بەڵام نرخی زێڕ لە بەرزبوونەوەدایە.

گوتەبێژی سەندیکای زێڕینگەرانی هەولێر، هەندرێن وەرتی لە لێدوانێکیدا گوتی: ئێستا یەك ئۆنسەی زێڕ کە دەکاتە 31 گرام و 100 سەنت بە هەزار و 808 دۆلاری ئەمریکییە، ئەو مامەڵەی کە ئەمڕۆ خەڵك دەیکات زیاتر بۆ پێداویستی و بژێوی ژیانییەتی و پێویستی بە دابینکردنی ئازووقەو کرێی خانوو هەیە، ئەوە زێڕەی هەیەتی دەیفرۆشێتەوە، ئەمەیش لە کاتێکدایە کە لە ڕابردوودا باری ئابووری خەڵك باش بووە و بەشێك لەو مووچانەی کە وەریانگرتووە، زێڕیان پێ کڕیووە و ئەمڕۆ سوودی لێ دەبینەوە و دەیفرۆشێنەوە.

هەرچەندە بەپێی هاوکێشە ئابووریەکان، کاتێك ڕێژەیەکی زۆر لە هاووڵاتییان روو لە بازاڕەکانی زێڕ دەکەن بۆ فرۆشتنەوە، دەبووایە نرخی زێڕ دابەزێت، بەڵام بە پێچەوانەوە، نرخی زێڕ بەشێوەیەك بەرزبووەتەوە کە لە پێنج ساڵی ڕابردوودا نەگەیشتووەتە ئەم نرخە و لەمبارەیەوە، هەندرێن وەرتی گوتی: دەبووایە کە زێڕ دەفرۆشرێت نرخ دابەزێت، بەڵام لەبەر ئەوەی نرخی زێڕ جیهانییەو وڵاتانی وەك ئەمریکا و چین مامەڵە بە زێڕەوە دەکەن لە بانکی نێودەوڵەتییش کە زێڕ بەرانبەر بە دۆلار پێوانە کراوە، لەوێ یاری بە نرخەکە دەکەن.

هەندرێن وەرتی گوتیشی: کاتێك کە وڵاتی چین ڕووی لە کڕینی زێڕ کرد، ئەوا هەریەك لە ئەمریکا، ڕووسیا، ئوستراڵیا و کەنەدا ڕوویان لە کڕینی زێڕ کرد، لەڕاستیدا ئەگەر فرۆش زۆر بوو ئەوا نرخ دادەبەزێت، بەڵام ئەم فرۆشەی لە ناوخۆدا هەیە، کاریگەری ئەوتۆی نییە، چونکە قەبارەکە کەمە و خەڵك لێرە بۆ دابینکردنی پێداویستی ڕۆژانەی، زێڕ دەفرۆشرێت.


ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو جارێکی دیکە بڕیاری ڕاگرتنی گەشتە ئاسمانییەکان دەرکرایەوە و بەگوتەی گوتەبێژی سەندیکای زێڕینگەرانی هەولێر ، داخستنی فرۆکەخانەکان کاریگەری ڕاستەوخۆی کردبووە سەر بازرگاکان و دواتر توانراوە دەرچەیەك بۆ ئاڵوگۆڕی مامەڵەکاییان بکەنەوە و لەمبارەیەوە گوتی: لە داخستنی فرۆکەخانەکان، پێش هەموو کەس بازرگانانی زێڕ زەرەرمەندبوون، بەڵام سەندیکای زێڕینگەرانی هەولێر بەهاوکاری لەگەڵ پارێزگاری هەولێر و هەماهەنگی لەگەڵ کارگۆی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر، ڕێکارێکیان دۆزیەوە بۆ ئەوەی زێڕە شکاوەکان بنێرنەوە بۆ تورکیا بۆ ئەوەی لەڕێگای ئەم جموجۆڵەوە بتواندرێت بازاڕ نەوەستێت و هەر ئەمەیش بووە هۆکار کە بازاڕ بەردەوام بێت.

لەبارەی ئامارەکانی هاوردەکردن و هەناردەکردنی زێڕ، گوتەبێژی سەندیکای زێڕینگەران گوتی: ساڵانە ئامارمان هەبوو، بەڵام ئەمساڵ بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا هیچ ئامارێکی دروستمان نییە، بەڵام زۆرترین مامەڵەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا، ئیمارات و دوبەیە و لەئێستاشدا مامەڵەی ئاڵوگۆڕی زێڕ لەگەڵ ئیستانبوڵ بەهێزە، چونکە لەوێ بابەتی باج و هەقدەست کەمترە.

ئەگەرچی پێشبینی دەکرێت کە دوای تەواوبوونی ڤایرۆسی کۆرۆنا، جموجۆڵی بازاڕ ئاسایی ببێتەوە، بەڵام گوتەبێژی سەندیکای زێڕینگەرانی هەولێر پێیوایە هەموو ئەگەرێك کراوەیە و ڕەنگە مامەڵەکان گۆڕانکارییان بەسەردابێت و لەمبارەیەوە دەڵێت: زۆر لە ئابووریناسان پێشبینی دەکەن لەگەڵ نەمانی ڤایرۆسی کۆرۆنا، هێرشێکی گەورە بۆسەر زێڕ بچێت و تۆزێك نرخی بەرزتربێتەوە، چونکە خەڵکێك دەیەوێت بۆ نموونە لە دوبەی بە کیلۆ زێر بکرێت، بەڵام هەموو ئەگەرێکیش کراوەیە و ڕەنگە پشێبینییەکان گۆڕانکارییان بەسەردا بێت.

گوتەبێژی سەندیکای زێڕینگەرانی هەولێر:

زێڕفرۆشتنی هاووڵاتیانی کوردستان بۆ بژێوی ژیانی ڕۆژانەیانە





سالیادی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

کابینەی نۆیەم ساڵێک پڕ لە دەستکەوت

هاوواڵتیان بە گرینگەوە ساڵێکی کارکردنی کابینەی نۆیەم بەرز دەنرخێنن

خەبات:تریفە ئازاد

ساڵێك تێپەڕ دەبێت بەسەر کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو کابینەیەی هەر لە سەرەتای دروست بوونی بەڵێنی بە هاوواڵتیانی خۆی دا کە خزمەت بکات لە گشت سێکتەرەکان کابینەی نۆیەم لە ماوەی ساڵێکی تەمەنی لەگەڵ دروست بوونی قەیرانی دارایی و دابەزینی نرخی نەوت بەڵاوو بوونەوەی ڤایرۆسی کۆرونا بەڵام توانی خزمەتێکی زۆری هاوواڵتیان بکات لە سێکتەرەکانی ژیانی هاوواڵتیانی هەرێمی کوردستانیش بە گەشبینی کەلە کاری داهاتووی ئەم کابینەیە دەڕوانن، لەم رووەوە بەباشمان زانی ڕاوبۆچوونی هاوواڵتییان وەردەگرین .

ئەم کابینەیە توانی لە ماوەیەکی کورت باشترین بە کوردستانیان ببەخشێت

ڕێوار کەلاری وەك لاوێك لە بارەی تێپەڕ بوونی ساڵێك بەسەر کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: کابینەی نۆیەم کابینەی سەرکەوتن و چاکسازی و خۆشگوزەرانیە، ئەم کابینەیە درێژە پێدەری کارە باشەکانی کابینەکانی پێش خۆیەتی بەڵام دڵنیام دەیەوێ باشتر بێ



و باشترین پێشکەش بکات، ئەگەر بیرمان بێ لە نێو هەموو ئەو ناڕەحەتی و ئاستەنگانەی بۆی دروستکرا و بوونی کێشمە کێشمی سیاسی و ئابووری و قەیرانە یەك لە دوای یەکەکان، کەچی کابینەیەك سەرەڕای هەموو تەحدییەکان توانی لە ماوەیەکی کورت و زەمەنێکی دیاریکراودا باشترین بە کوردستانیان ببەخشێت، و خەڵکی کوردستان هیوا و ئومێدێکی زۆریان لەسەر بریار و ڕاسپاردەکانی ئەم کابینەیە لە پێشوو هەڵچنیوە و ئێستاش وا بەرهەمەکەی کەم دەچنینەوە، بۆ ئێمەی لاوان گرنگترین پرۆژە، پرۆژە یاسایی چاکسازیی و نەهێشتنی ڕۆتینات و گەندەڵییە و خستنە سەرکاری لاوان و ڕەخساندنی هەلی کار بۆ لاوان کە لەم کابینەیە جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆخۆی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی ئەم یاسا گرنگ و پربایاخانە دەکات، کە مایەیی خۆشحاڵی و گرنگیدانی زۆری هەموانە، هاوکات ئەم کابینەیە بە کابینەیی هەژار و لێقەوماوان ناسراوە و کاری جدی کردوە بۆ نەهێشتنی گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی ئیداری و بە کردەیی خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان بە تێکڕا بێ جیاوازی ئینتیمایی سیاسی و ئاینی، کە ئەمەش یەکێکە لە هۆکارە هەرە گرنگەکان بۆ سەرکەوتنی زیاتری کابینەی نۆیەم بە سەرۆکایەتی ڕێزدار کاك مەسرور بارزانی، بۆیە وەکو لاوێك گەشبینم لە ئایندە ئەم کابینەیە کە بەرهەمی ڕەنج و تێکۆشان و خوێنی شەهیدانی کوردستانە بتوانێت باشترین خزمەت پێشکەش بکات و کوردستانیان بە تێکڕا دڵخۆش بکات و هەنگاوەکانی لەسەرجەم سێکتەرەکان خێرا تربکات بۆ ژیانێکی باشتر و خۆشگوزەرانی زیاتری خەڵکی کوردستان، گرنگتر لەمانە هەمووی هاوکاری خەڵك و گەلی کوردستانە لەگەڵ حکومەت و کاربەدەستانی وواڵت بۆ ئەوەی بتوانرێت پێکەوە کوردستانێکی و ئارام و ئاوەدان و گەشاوە بنیات بنرێت و پێشکەش بە هەمووان بکرێت بۆیە لەم ڕێگەیەوە هەموان دەتوانن هەنگاو بنێین بۆ کوردستانێکی بەهێزتر لە ئێستا.

ئەم کابینەیەی بۆتە جێگای ئومێدی خەڵك و زۆرینە بەگەشبینی لێی دەڕوانن

سندس هەڵەبجەی وەك ئافرەتێك لە بارەی تێپەڕ بوونی ساڵێك بەسەر کابینەی نۆیەم لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: سەبارەت بە تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر پێکهاتنی کابێنەی ٩ ی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەستبەکاربوونی و ئەداو کارەکانی لە ئێستادا دەکرێ بڵێین .. هەرچەندە چارەکی یەکەمی تەمەنی ئەم کابینە یە و بە تیشك خستنە سەر ڕۆڵ و کارەکانی لەم ماوەیەدا سەرەڕای بوونی قەیرانی دارایی و ڤایرۆسی کۆرۆنا چەندین کێشەی ناوەخۆ دەرەکی کە بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتووە هێز و تواناو یەکبونێکی تۆکمەی پێویستە ,سەرەڕای ئەمانە دەبینین وا ئەم کابینەیە هەنگاوی باشی ناوە بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو کۆمەڵە



بڕیارەی پێشتر دراوە کە بۆتە جێگای ئومێدی خەڵك و زۆرینە بەگەشبینی لێی دەڕوانن و دەتوانین بیکەینە پێوەرێك وهەڵسەنگاندنێك بۆ کارەکانی ئەم کابینەیە لە تەمەنی یەك ساڵەیدا ..

ئەوەبوو لە ١ی ٧ ی ئەمساڵدا پرۆژەی یاسای چاکسازیەکان کەوتونەتە بواری جێ بەجێ کردن و بۆئەو مەبەستە تەواوی دەستەو وەزارەتەکان ڕا سپێردران کە دەستبەکاربن و هەنگاوی کردارەکی گیراوەتە بەر بۆ ئەو مەبەستە و چەندین لیژنە لە وەزارەتەکاندا پێکهێنراون بۆ گرتنەبەری ڕێکارەکانی چاکسازی و قۆناغ بەقۆناغ وەك دەبینرێ و دەبیسترێ کاریان لەسەر دەکرێ لەسەرجەم سێکتەرەکاندا. چ لە باشکردنی شێوازی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکانبێت بۆ هاوڵاتیان و کەمکردنەوەی موچەی پلەبااڵکان بۆ لە٪٥٠ ئەو خانەنشینانەی پە بلەی باڵا موچە وەردەگرن و کەمکردنەوەی دەرماڵەی فەرمانبەران و پلەتایبەتەکان لە هەموو بوارەکانی خزمەتی شارستانی و ئاسایش و ناوخۆ و سەربازی وە کەمکردنەوەی بودجەی بەکار بردن بۆ نزمترین ئاست و تەندروستی و دەرمان و خواردنی زیندان و شەڵتەرو خەڵوەتگەی پیری و نەوجەوانن و منداڵانیش لەکارەکانی ئەم کابینەیەیە ,هەروەها ڕێکخستنی دەوامی فەرمانگە حکومیەکان و سێکتەری تەندروستی و ڕێکخستنی سیستەمی باج و یەکەکانی نیشتەجێ بون و ڕێکخستنەوەی داهاتی خاڵە گومرگیەکان و هەڵوەشاندنەوەی لێبوردنە گومرگیەکان کە ئەتوانم بڵێم بەشێکی سەرەکییە لە داهاتی گشتی و گرنگی دانی زیاتر بەکەرتی تایبەت بۆ بوژاندنەوەی ئابووری و کەرتی پەروەردە و هەروەها گرنگی بەکەرتی کشتوکاڵی دراوە و بۆردی باڵای پەرەپێدانی کشتوکاڵی لەم ساڵدا دانراوە ,سەرپەرشتی کردنی ڕاستەوخۆی کارەکان لەلایەن سەرۆکی حکومەت بۆخۆی جێگای ئومێدێکی گەورەیە بۆ هاوواڵتیان پاشان سەردانی کردنی حکومەتی عێراقی فیدراڵ و بەردەوامی گفتوگۆکان لە چوارچێوەی پرۆسەی چاکسازیی ئەم کابینەیەیە.. ئەم کارانەی کە حکومەت ئەنجامی داوە هەمووی دەرخەری ئەوەن کە بە جدی ئەم کابینەیەی حکومەت دەیەوێت هەنگاوی گەورەتر بهاوێت بۆ بە سیستەماتیککردنی بەرێوەبردنی وڵات و بنبڕ کردنی گەندەڵی و چارەسەرکردنی کێشەکان و باشتر خزمەتکردنی هاوواڵتیان وەلەکارو بەرنامەکانی ئیایندەش ڕۆڵی ئافرەت و گرنگیدانی زیاتر بەتواناو لێهاتوی ژن لەبەرچاو دەگیرێ و کاری لەسەر دەکرێ ,هەر بۆیە ئەم کارانەی حکومەت جێگای هیوا و دڵخۆشی و دەستخۆشین و پێویستە لەسەر هەرتاکێکی دڵسۆز و خەمخۆر پشتگیر و هاوکاری ئەم هەنگاوانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بن کە بۆ خزمەتکردنی هاوواڵتیان دەیهاوێت .

گرینگی دانی کابینەی نۆیەم بە کەرتی تەندروستی

موحسین قەسرۆکەیی بەرپرسی ڕاگەیاندنی نەخۆشخانەی فێر کاری شەڵاوە لە بارەی گرینگی دانی کابینەی نۆیەم بە بواری کەرتی تەندروستی لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی : بواری تەندروستی یەکێکە لە بواڕە هەرە گرنگەکان کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان هەیە، لەگەڵ ڕاگەیاندنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم بە سەرۆکایەتی بەڕێز جەنابی (مەسرور بارزانی) کە ئێستا ساڵێك بەسەر تەمەنی تێپەڕدەبێت ،هەر لە دەستپێکی ئەو کابینەیە یەکێك لە پێشینەی کارەکانی گرنگی دان بوو بە هەردوو کەرتی (تەندروستی



و پەروەردە)، بەداخەوە بە هۆی باڵاوبوونەوە و هاتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا (COVID19) ئەو پەتایە تا ئاستێك بەربەست و ڕێگر بوو لە گرنگی دان و بایەخدان بە کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان,یەکێك لە کارەکانی ئەو کابینەیە بە هەماهەنگی وەزارەتی تەندروستی لە بڕاردوو ڕێکخستن و دانانی میکانزمێك بوو بۆ کۆنترۆڵکردنی (داوودەرمان) چونکە لە ساڵانی ڕابردوو هێنانی (دەرمان)بە ڕێگای نایاسایی و قاچاغ بەسەر شارەکانی هەرێم ساغ دەکرایەوەو بە خراپترین کوالێت و بێ (مۆری) وەزارەتی تەندروستی ، ئەمەش کاریگەری خراپ و ژیانی هاوڵاتیانی خستبووە مەترسی،خالێکی تر گرنگی دان بوو بە کەرتی گشتی تەندروستی و دروستکردن و دانانی چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ خزمەتی هاوڵاتیان لە شاروشارۆچکەکان هەروەها بڕیاری دەرچوونی پرۆژەی مافی نەخۆش و بڕیاری دەزگایەکی تایبەت بە کۆنترۆڵ کردن و چاودێری دەرمان دوو هەنگاوی گرنگ بوون بۆ خزمەتی هاوڵاتیان ,لێرەوە پێشنیار دەکەم لەو کابینەی نۆیەم وێڕای نیگەرانی لە بارودۆخی سیاسی و ئابووری و بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ،بەڵام هیواخوازم زیاتر گرنگی بە کەرتی تەندروستی گشتی بدرێت چونکە ئەوە لە بەرژەوەندی گشتی هاوڵاتیان ونەخۆشە ، ئەوەی جێگای نیگەرانی یە زۆربەی پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی ڕوو لە کەرتی تایبەت دەکەن لە پێناو زیاتر گرنگی دان بە بژێوی ژیانیان بێ گومان ئەرکی حکومەت و وەزارەتی تەندروستی یە زیاتر گرنگی بە موچەو دەرماڵەی مەترسی پیشەیی کارمەندانی تەندروستی بدات تا بتوانن لە نێو کەرتی گشتی و دەزگا خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی خزمەتی هاوڵاتیان بکەن ...هەروەها ئەوەی گرنگە پێویستە دەرفەتی زیاتر بدرێت بە پزیشك و کارمەندانی خۆبەخش کە لە ساڵانی ڕابردوو لە زانکۆو پەیانگاکان دەرچوینە ، تا زیاتر لە نێو کەرتی گشتی تەندروستی خزمەت بکەن وە ڕێگری کردن لە هێنانی پزیشك و کارمەندی بیانی بۆ نێو کەرتی تەندروستی تایبەت ،با هەوڵ بدرێت دەرفەتی کارکردن بە دەرچوان و خۆبەخشانی تەندروستی بدرێت . لە ماوەی ئەم ساڵەش حکومەتی هەرێم کاری باشی کردووە لەگەڵ بڵاو بوونەوەی ڤایرۆسی کۆرونا گرینگی زۆر بە کەرتی تەندروستی دراوە لە هەموو شارو قەزاو ناحیەکان ئەوەی لە کوردستانیش کراوە لەم ماوەیە لە ڕوانگەی تەندروستی لە هیچ وڵاتێك نەکراوە بۆ پاراستنی گیانی هاوواڵتیان.





سلێمانی لە ستراتیژیەتی سەرۆکی حکومەت و پارتیدا





ناسر هەرکی

لەو کاتەوەی سلێمانی مولکی بابان بوو تاوەکو ئێستا بارزانی نەمر و پارتی دیموکراتی کوردستان پەرۆشەوە دڵسۆز و هاوسۆزی خەڵکی سلێمانین، پرۆشکی شۆڕشی نەتەوەیی لە سەردەمی شێخ مەحمودی حەفید لە سلێمانی بووە ئەڵقەی پەیوەندی و یەکریزی میللەتی کورد و هەستی نیشتیمان پەروەریی لە باشوری کوردستان، ئەوش کاتێك کەبارزانی نەمر لەژێر چاودێری و فەرمانی شێخ ئەحمەد بارزانی لە ساڵی 1919 سەرکردایەتی تیپێکی چەکداری شۆڕشگێرکرد کە ژمارەیان 300 جەنگاوەر بوون و بەشداربیانکرد لە جوڵانەوەی شێخ مەحمودی حەفید لە سلێمانی. هەروەها بارزانی نەمر لە سۆنگەی خۆشەویستی و پایەبەرزی خەڵکی سلێمانی، بنەماڵەی بارزانی نەمرلە رووی کۆمەڵایەتیشەوە تێکەڵی خەڵك و کۆمەڵگای سلێمانی بوونە. لەو کاتەوە سلێمانی هاوشێوەی شارەکانی دیکەی کوردستان ئاوێتەی هەزی شۆرشگێڕی و جولانەوە یەك لە دوا یەکەکانی بارزان بوون، خەڵك و کەسایەتی نادوار و شۆڕشگێڕانی شاری سلێمانی بەشداری بەرچاویان هەبووە لە شۆڕشەیەك لەدوایەکەدانی بارزانی نەمر، هەر لە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕش ئەیلوول و گوڵان و تاکۆ ئەمڕۆشی لەگەڵدابێت، سلێمانی و خەڵکی سلێمانی شانبەشانی تەواوی خەڵکی شار و شارۆچکەکانی تەواوی کوردستان کارێکتەری چالاك و بەرچاون لە نێو پارتی دیموکراتی کوردستاندا. لەهەموو کات و بارودۆخێکدا شاری سلێمانی و پارتی ئاوێتەی یەکدی بوونەو لێکدانەبڕاون، سەرەڕای ئەوەی ڕکابەرانی پارتی و وڵاتانی نەیاری کوردی؟! زۆر هەوڵ و پیلانیان داڕشتووە بۆ ئەوەی حزووری پارتی و ماڵباتی بارزانی لەم شارە خۆشەویستەدا نامۆ و سنووردار بکەن. بەڵام نەتوانراوە، چونکە ئاراستەی هزری و دڵگەرمی و حەماسەتی خەڵگی سلێمانی لە نەعرەتەی ڕاپەرینەوە تاوەکو ئێستا، بریتیتن لە ئامانجەکانی پارتی کە هەمیشە ئەو شارە نۆکەرایەتی دوژمن و وڵاتانی بێگانە؟! ڕەتدەکاتەوە. ئەمڕۆش نەوەکانی بارزانی نەمر بە هەمان ئاراستەی بارزانی نەمر، باوەشیان بۆ سلێمانی کردۆتەوە و شەڕ بە خەڵکی سلێمانی ناکەن بەڵکو شەڕ بۆ سلێمانی و خزمەتکردنی سلێمانی دەکەن. لەسەرەتای ئەم هەفتەیەدا و لە نێو ئەو هەموو قەیرانانەدا کە بەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیان گرتووە، جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردی بناغەی شەقامی 100مەتری سلێمانی دانا کە پێشتر لە ساڵی 2013 بەردی بناغەی بۆ دانرابوو، بەڵام بەهۆی چەندین گرفتی دارایی و کارگێڕی و ڕۆتینی دیکە جێبەجێ نەکرا بوو. لە ئێستادا ئەم پرۆژەیە کەوتە بواری جێبەجێکردن و وەکو شاری هەولێر ئەو پرۆژە ستراتیژییە شاری سلێمانیش دەگەشێنێتەوە. سلێمانی بۆ سەرۆکی حکومەتی هەرێم و سەرکردایەتی پارتی وەکو شارەکانی دیکە خۆشەویستی و گرنگی خۆی هەیە، چونکە ئەو شارە ڕۆڵی مەزنی هەبووە و دەبێت لە دۆزی نەتەوایەتی کوردستان لەداهاتوو. بۆیە سلێمانی لە ئەجێندای بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان ژمارەیەکی سەرنگینە و بە پەرۆشەوە دخوازێ خزمەتی سلێمانی بکرێ، ئەمە دەسپێکێکی نوێ دەبێت بۆ شاری سلێمانی، ئەگەر پرۆسەی چاکسازی و دۆخی سیاسی لە سلێمانی لەبارتر بێت، دڵنیام لە داهاتوودا سلێمانی دەبێتە چەقی خزمەتگوزاری نوێ. بێگومان ئەم دۆخە ناهەمواوە تێپەڕ دەبێت و سەردەمێکی نوێ لە حکومەتێکی بەهێز و خزمەتگوزار بۆ خەڵکی سلێمانی خۆشەویست و پایتەختی ڕۆشنبیری و تەواوی شارەکانی دیکەی کوردستان بەدی دێت. بۆ ئەمەش دەبێت خەڵکی سلێمانی بۆ بەرژەوەندی خۆیان و شارەکەیان پشگیری لە هەنگاوەکانی چاکسازی سەرۆکی حکومەت و ستافی کابینەکەی نۆیەم بکەن، کەبە باوەڕ بەخۆبوون و بە ئیرادەی بە هێزەوە هەنگاوەکانیان دەست پێکردووە.

ڕۆژی جیهانیی بۆ کارامەیی و توانستی لاوان



نەوزاد سابیر*

15ی تەممووزی هەموو ساڵێك بە ڕۆژی جیهانیی کارامەیی و توانستی لاوان دیاری کراوە. ئەم ڕۆژە لە لایەن کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە 18-12-2014 بە مەبەستی هاندانی گەنج و لاوان لە لێهاتوویی و پشتگیریکردن لە تواناکانیان، وەك ڕۆژی کارامەیی و توانستی لاوان دیاری کراوە. ڕێکخراوەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەتوانن لەو ڕۆژەدا گرنگیی تواناکانی لاوان بۆ کۆمەڵگە دەربخەن و هەوڵی پێشخستن و پەرەپێدان بەو توانایانە، بدەن. ئامانج لە دیاریکردنی ئەو ڕۆژە بە ڕۆژی کارامەیی و توانستی لاوان پەرەدان بە هۆشیاری و ڕۆشنبیریی کۆمەڵگە و دەرخستنی تواناکانی لاوانە و کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئامانجەکانی یادکردنەوەی ڕۆژی کارامەیی و توانستی لاوانی لە چەند خاڵێك کۆکردووەتەوە، کە بریتین لە:

- بەرەودان بە هۆشیاریی گشی بە گرنگیدان بە وەبەرهێنان لە کارامەیی و توانستی گەنجان.

- دەستەبەری زانست و زانیاریی نوێ بۆ گەنجان بە یەکسانی بۆ هەموان.

- ڕەخساندنی هەڵی کار بۆ کەسی گونجاو.

- بەدیهێنانی یەکسانی بۆ هەردوو ڕەگەز .

بڕیارەکانی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لەو بارەیەوە:

1/ بڕیاردان بە ڕاگەیاندنی ڕۆژی 15ـی تەممووزی هەموو ساڵێك بە ڕۆژی جیهانی بۆ کارامەیی و توانستی لاوان.

2/ داواکردنی یادکردنەوەی ئەو ڕۆژە و ئەنجامدانی چالاکیی نیشتمانی و هۆشیاری بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانی هەر کۆمەڵگەیەك لە هەموو وڵاتانی ئەندام و دامەزراوەکانی نێو نەتەوە یەکگرتووەکان و تەواوی ڕێکخراوە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوەکانی لاوان.

3/ بایەخدان بە پێویستی و ڕوومالّی تێچووی هەموو چالاکییەکانی ئەو ڕۆژە لەلایەن حکومەتەوە، کە بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە خەرج دەکرێن.

4/ داواکردن لە ئەمینداری گشتی بە ڕێنمایی و ئاگادارکردنەوەی هەموو دەوڵەتانی ئەندام و دەوڵەتانی چاودێر و هەموو دامەزراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بەم بڕیارە.

• کارگێڕی مەکتەبی سکرتاریەتی (ی.ل.د.ك)

شکانی وەهمێك و دەروازەی سەرکەوتن




سەلام حەسەن ناسر*

دیارە مێژووی کورد پربوە لەهەورازو نشێو ،کەزۆر لەدۆزمنانی کورد بۆ نەهێشتن و لەناو بردنی ناسنامەی نەتەوەیی پەنایان بردۆتەبەر هەموو شێوازێکی قڕکردنی قێژەون کەزۆر جار کار گەیشتۆتە سوتاندنی زەوی و جینوسایدی نەتەوەیەك، بۆ ئەوەی مەرامی گلاویان بهێننەدی، بەڵام ئەو جینوسایدەی بەناوی ئیسلامی پیرۆز بینیان لەدۆزمنانی دیکە بەم شیوەیەنەبوو ، لەپاش رزگار کردنی عیراق کەپاشماوەی (بەعسی و توندئاژۆکانی) عرب لەسنوری عیراق و سوریا ، خۆیان دروست کردەوەبەناوی دەوڵەتی ئیسلامی لەعراق و شام (داعش) زور ترسناکتر بوو لەدۆزمنانی پێشتر ، چونکەئەوانەبەناوی ئاینی پیرۆزی ئیسلام هێرشیان کردەسەر میللەتێکی زۆربەی موسڵمان ، سەرەڕای گرتن و کوشتن و بڕین و سوتان و کاول کردن، کەبەمەش نەوەستان دەستیان بۆ شەرەف و کەرامەتی خەڵکی ئیمەبرد لەدەڤەری (شنگال) و دەوروبەری، کەئەمەش لەهیچ یاسا و ڕێسایەکی ئاسمانیش بونی نییە کەبەناوی ئاین و سورەتی قوران خەڵك قتل و عام بکەی، کچ و دایك و منداڵ بەکەنیزەبکرێن، کەبینیان کارەکەبویان چووەسەر و سوپای عیراق لەماوەی کەمتر لە3 سعات هەموو سنوری (موسڵ) ی جێ هێشت و هەڵات، بویەویستیان زیاتر پەل بهاوێژن و بەدەستی ئاغا کانیان ویستیان (قەوارەی هەریم) نەهێڵن ، کەناچار شەڕی دەستەو یەخەی پێشمەرگەی کوردستان بەدرێژای (1100-1050) کم لەگەل تیرورستانی (داعش) بەرپا بوو لەپێناو پاراستنی ناسنامەی کورد و دوور کردنەوەی ئەو چەپەڵانە لەسنوری پایتەختی هەرێم کە.

کورد لەزۆر جار جوامێرانەروبەروی دوژمنان بۆتەوە بەڵام هیچ جار وەکو ئەو جارەیان نەبوە کەمرۆڤێکی تەمەن 70 ساڵ ، قارەمانێکی دەیان نەبەردی ڕێگایان پێ بگرێ و پێیان بڵێ سنوور بەزاندنتان قبوڵ نیە، ئەویش مروڤی خاکی و پێشمەرگە(چیای چەقیو) رابەری نەتەوەیەك سەروك (مسعود بارزانی) بوو پێی وتن بوەستن، لەبەر دەمیان وەك شێر چەقی و شان بەشانی پێشمەرگەکان لەهەموو بەرەکانی شەڕ دەبیندرا و ئەو سنورە دڕێژەی شەڕگەی لێ کردن بەگورستان. سوپاس بۆ خوای گەورەو پێشمەرگەقارەمانەکان و ئیرادەی سەرۆك کەمۆراڵی بۆ پێشمەرگە و تەواوی خەڵکی کوردستان دروست دەکرد و خەڵك وەك خۆ بەخش دەهاتن بۆ بەرەکانی شەڕ و گیانی خویان دەبەخشی بۆ کوردستان. سەرۆك بارزانی شاخی چەقیو بووەهۆی شکانی (وهمی) تیرۆرستانی (داعش) نەك تەنها بۆ کوردستان بەڵکو بۆ عیراق و سوریا و جیهانیش. بینی مان سەرۆکی (فرنسا و ئەمریکا و ئەڵمانیا و بریتانیا و روسیا و نەمسا) چۆن ڕۆڵی سەرۆك بارزانی یان بەرز نرخاند لەشکست پێ هێنانی گەورەترین و دڕندەترین گروپی تیرورستی کەهەموو جیهانی شوك کردبوو. بێشك شکاندنی (وهمی داعش) دەروازەی سەرکوتن بوو بۆ کورد و هەرێمی کوردستان لە نێو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگە بوونە ژمارەیەکی کاریگەر لە نێو هاوکێشەی هێز لە دەڤەرەکەدا.

•مامۆستای زانکو.

خەڵکینە هۆشمەند بن واخەریکە زێڕی کوردستان تاڵان دەکەن




پزگار نوری شاوەیس

یەکدوو ڕۆژێکە بازاڕی کڕینەوەی زێڕ لە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی زۆر ناڕاسایی گەرم بووە بەحوکمی ئەوەی بەهای زێڕ لە بازارەکانی جیهاندا بەرز بۆتەوە. پرسیارەکە لەوەدایە ئەم زێڕەی دەکڕدرێتەوە لە هاووڵاتیان کێ دەیکڕێتەوە و بۆ کوێ دەچێت؟ !!. ئەگەر لەکوردستاندا بمێنێتەوە ئەوە حسابێکە و ئەگەر بۆ دەروەی هەرێم بچێت ئەمەیان حسابێکی هێجگار مەترسیدارە و بگرە خەنجەر وەشاندنێکی دیکەی کوشندەیە لەئابووریی هەرێمی کوردستان دەدرێ،چونکە وەك لای هەموو ئابووریناسێك ئاشکرایە، زێڕ یەکێکە لە بنەما بەهێز و تۆکمەکانی ئابووریی هەموو کۆمەڵگە و وڵاتێك کە تەنانەت بەهای هەموو دراوەکانی جیهانی پێوە بەندە. ئیستاش کە بەهۆی پەتای کۆرۆناوە ئابووریی زۆرینەی زۆری وڵاتانی جیهان لە تەنگەژەدایە، گەلێك لەو وڵاتانە خۆلیاو پەرۆشی ئەوەن (ئیحتیاتیی زێڕیان) نە تەنها بپارێزن بگرە زیادیشی بکەن وەك هێزێکی ئابووریی بەرەنگاربوونەوەی ئەگەری چاوەڕوانکراوی زیاتر داڕماندنی ئابووریی جیهانی. ئەوەیش کە ئێستا گرنگە لە هەرێمی کوردستاندا ڕێوشوێنی بۆ دانرێت ئەوەیە کە بە هیچ شێوەیەك ڕێگە نەدرێت زێڕی کوردستان لە کوردستان دەرچێت و دزە بکاتە وڵاتانی دەوروبەر کە لە قەیرانێکی قورسی ئابووریدان و بەهای دراویان دابەزیووە و بانکەکانیان خوڵیای زێڕکڕینن بە هەموو شیوەیەك و بەهای ئەو زێڕەش کە لە قاچاغچییانی دەکڕنەوە هەر لەو بانکانە وەك حسابێکی بانکی گلئەدرێنەوە.

بۆیە ڕێگرتن لە دزەکردنی زێڕ بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان ئەرکێکی نیشتیمانییە و دەبێت زۆر بە جیدی لە لایەن دەزگا تایبەتمەندەکان و وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە چاودێری بکرێت و سزای توند و بێ بەزەیی بەسەر هەموو قاچاغچییانی زێڕ بسەپێنرێت ، هەر کەسێك بن و سەر بە هەر لایەنێك بن ، چونکە ئەم باسە نە تەنها چاوچنۆکی و چڵێسییە بەڵکو خیانەت و جاشایەتیشە . .

لامەرکەزییەت لە کارنامەی مسرور بارزانیدا



کاروان محەمەد سینو

بێگومان کارنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەسەرۆکایەتی ڕێزدار مسرور بارزای پڕە لە کار و چالاکی لە پێناو بەهێزکردنی هەرێمی کوردستان و دابینکردنی خۆشگوزەرانی بۆ تەواوی خەڵکی کوردستان لە میانەی کارکردنی لە چەندین سێکتەری جودای پەیوەست بە ژیانی خەڵك و سەروەری قەوارەی هەرێمی کوردستان، وەکو سێکتەرەکانی (چاکسازی، خزمەتگوزاری،پەیوەندیی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ، نازادی و دیموکراسی و پێکەوە ژیان، پەیوەندییەکانی هەرێم لە سەر ئاستی هەرێمی ونێودەوڵەتی، بواری ئابووری و داراییدا و بواری کارگێڕی - واتا ئیدارەدانی داموەدزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پێناو چەسپاندنی لامەرکەزییەتی ئیداریی پاریزگاکان کە گونجاو بێت لە گەل سیستەمی یاسایی و کارگێڕی هەرێمی کوردستان و شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دابەشکردنی ئەرك و بەرپرسیاریەتی بە پێی یاسا، لە ژێر چاودێری سەرۆکایەتی حکومەت).

هەموومان بینیمان.. دەسپێکی کاری حکومەتی هەرێمی کوردستان (کابینەی نۆیەم)، ئاسایی و ئاسان و گوڵپێژ نەکرابوو!. بەڵکو هەر لە دەسپێکی کاریخۆیدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان دووچاری چەندین ئاستەنگ و بەربەست هات، کە یەکێیان بەربەستێکی لەناکاوی سروشتی چاوەڕوان نەکراوبوو، ئەویش بەربڵاو بوونی ترسناکانەی پەتای قایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان و سەرانسەری جیهان. هەڵبەت ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم پەتایە بووە ئەگەری ئەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان کات و توان و شیان و پارەیەکی زۆر خەرج بکات، ئەمەش بووە ئەگەری ئەوەی توان و شیانەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە جێبەجێ کردنی کارنامەی ڕاگەیاندراوەکەی خۆی، تاڕادەیەك سنوردار بکات.

لەلایەکی دیکەشەوە چەندین بەربەست و ئاستەنگ و قەیران و ڕێگری و پاشقوڵی سیاسی لەلایەن (هەندێك هاوکار؟!) و ناحەزانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆخودی سەرۆك وەزیران و کارنامەی حکومەت دروستکران؟!. وێڕای هەموو ئەمانەش، بڕینی مووچەی فەرمانبەران و بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی مەرکەزی عێراق و داتەپینی نرخی نەوت بەشێوەیەکی دراماتیکی کە بۆماوەی یەك هەفتە نرخی نەوت لە(سفر دۆلار چەقی بوو) ئەمەش پێشینەیەکی مێژووی بوو لە داکەوتنی نرخی نەوت کە هەرگیز هیچ کەس و هیچ تیۆرێکی ئابووری ئەم پێشبینیەی بەخەونیش نەیاندیتبوو. ئا ئەمانە کاودان و بارودۆخی دەسپێکی کاروچالاکییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو.

بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانەش، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەسەرۆکایەتی ڕێزدار مسرور بازانی زۆر سەرکەوتووانە توانی سەرەدەری لەگەڵ ئەم قەیران و بەربەست و پاشقوڵەسیاسییانە بکات و ئێستاش لە هەوڵێکی زۆر جدی دایە کە کارنامەی خۆی لەکاتی خۆیدا و وەکوخۆی پەیڕەو و جێبەجێ بکات بەلەبەر چاو گرتین بارودۆخە سیاسی و ئابووریی هەنوکەییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق، لەکاتێکدا هەموومان چاك ئاگاداری بارودۆخی سیاسی و عەسکەری حکومەتی نوێی عێراقین (کە ئیرەیی پێ نابردرێ). هەروەها (لەم سەروبەندەی ئێستایدا)! تەنانەت ئومێدیش لە حکوومەتی ناوەندی عێراق چاوەڕوان ناکرێ کە ئەم حکومەتە بتوانێ کێشە و گرفتەکانی خۆی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی دەستوور و لەئاست خواست و ئارەزووی هەردوولا چارەسەر بکات.

بۆیە پێویستە حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان (بەدۆست و ڕکابەرانی حکوومەت و پارتی) لە ئاستی بەرپرسێتی و نیشتیمان پەروەریدابن و هەموو ناکۆکیی و ڕکابەرییەکانیان (لەئێستادا!) وەلا بنێن و دەست لەناوەدەست لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکار و هەماهەنگ بن، بۆ ئەوەی ئەزموونی سەرکەوتووی هەرێمی کوردستان (کەهیواو ئاواتی هەموو خەڵکی هەرچوارپارچەی کوردستانە) لە نێو دەریاری هەڵچوو و شڵەژاوی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و عێراق ڕووەو کەنارێکی ئارام ئاراستە و لەنگەر بکرێ، کە ئەمە لە بەرژەوەندی تەواوی خەڵکی کوردستان و هەموولایەنە سیاسییەکانی کوردستاندایە. بەپێچەوانەوە لێدانی دەهۆڵی داگیرکەران و جێبەجێ کردنی ئەجێندای دوژمنان لە دووپارچەیی و دووبەرەکی و دوو ئیدارەیی و هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان، هەموو ئەمانە تەنها خواستی دوژمن و داگیرگەرانی کوردستانە و لەکۆتاییدا تەنها ڕووڕەشی و شەرمەزاری بۆ دهۆل لێدەران و پێڕەوانی ئەم سیاسەتەی داگیرکەران دەهێڵیتەوە.

د.گەشین کەمال :بەکارهێنانی میکیاج بە شێوەی بەردەوام هۆکارە بۆ چرچ بوونی پێست



د.گەشین کەمال پزیشکی پسپۆڕی جوانکاری و نەخۆشییەکانی پێست لەوانەی تایبەتی خۆی لەتۆڕی کۆمەڵایەتی بابەتێکی گرنگی دەربارەی پارێزگاری لەپێست بڵاوکردۆتەو نووسیویەتی:،چرچبوون دۆخێکی سروشتییە بۆ پێست بە پێی گەورەبوونی تەمەن ،وە چەند تەمەنمان گەورەتربێت چرچی دەم و چاومان و پێستمان زیاتر دەبێت.بۆ چرچبوونی پێست چەند نیشانەیەك دەردەكەوێت وەك هێڵی ورد لە چواردەوری چاوو دەم و لوت و ناوچەوان و مل، لەگەڵ خاوبونەوەی پێستی دەست.بەڵام ئەم نیشانانە جێگای بێ ئومێدی نییە چونکە بەم ڕێگانە دەتوانین ڕێگری بکەین لە زوو چرچبونی پێست و خۆپارێزی لە پیربوونی پێشوەختە.

ئاوریشە عومەر

ئەم ڕێکارانە گرنگن بۆ چرچ نەبوونی پێست

دەربارەی ڕێگری لەچرچ بوونی پێست دکتۆرە گەشین دەڵێت:ئەم چەند خاڵە گرنگە پەیڕەوی بکەین بۆئەوەی پێستمان لەچرچ بوونی پێش وەخت بپارێزین: خواردنەوەی ئاوی زۆر ڕۆژانە پێست تازە دەکاتەوە و شێداری دەکات،دورکەوتنەوە لەو جوانکارییانەی کە بۆ میکیاج بەکاردەهێنرێت، تایبەت ئەو جۆرانەی کحولیان تێدایە، بەکارهێنانی کرێمی پاراستنی پێست، تایبەت ئەو جۆرانەی کە ڕۆنی سروشتییان تێدا یە ، لە چا و کر د نی چاویلکەی بەرخۆر لەکاتی ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ تیشکی خۆردا،بەکارهێنانی نەرمکەرەوە بۆ پێست تایبەت دوای خۆشۆردن و دەم وچاوشۆردن و دەست شۆردن،بەکارهێنانی دژەخۆر لە کاتی چونەدەرەوە لە ماڵەوە.

جۆری خواردن بۆ ڕێگریکردن لە چرچ بوونی پێست

ئەوپسپۆڕەی بواری جوانکاری و نەخۆشییەکانی پێست دەربارەی بایەخی خواردن وگرنگی خواردن لەپاراستنی پێست لەچرچ بوون دەڵێت:ئەم خۆراکانە گرنگن: بیبەری سور،ئاوی میوەی پرتەقاڵ،گوێز،بادام،سەوزە،ماسی چەور،میوە ترشەکان،پاقلەمەنییەکان.

هۆکارەکانی چرچ بوونی پێست

پاشان دکتۆرە گەشین دەربارەی هۆکارەکانی چرچ بوونی پێست دەڵێت:پیسبوونی ژینگە،بەرکەوتنی زۆری پێست بە تیشکی خۆر،کەمی ڤیتامین(د)، بەکارهێنانی میکیاج بە شێوەی بەردەوام،گۆڕینی کەرەستەکانی جوانکاری و میکیاج بە شێوەی بەردەوام،جگەرەکێشان.



سەردانی پزیشک

لەدووماهیدا ئەوپسپۆڕە دەربارەی چارەسەری دەڵێت:بۆ هەر کەسێکیش کە پێستی توشی چرچ بوون بۆتەوە، دەتوانێت سەردانی پزیشکی پێست و جوانکاری بکات بۆ ئەوەی هەم ڕێنمایی وەربگرێت، هەم چارەسەر وەربگرێت لە ڕێگەی چارەسەرە پزیشکییەکانەوە.

مافپەروەر هەیفا سدیق نێروەی سەروکا ڕێکخراوا لیشان یا ساخلەمی و چڤاکی بو خەبات:

لەورا دبینیم ئەگەر هەمی خەلک پێ گری ب ڕێنمایا وەک ڕێکخراوا من کربا نوکە ئەف ژمارا کێم یاڤان خەلکێ توشی کورونایێ نەدبون

خەبات . شیراز چاربۆتی

مافپەروەر هەیفا سدیق نێروەی سەروکا ڕێکخراوا لیشان یا ساخلەمی و چڤاکی بو خەبات گوت: ڕێکخراوا لیشان یا ساخلەمی و چڤاکی وەك دیار ڕێکخراوا مەهاتە دامەزراندن ل ٩/١٠/٢٠١٧ ل فەرمانگها ڕێخراوا ناحکومەکان ل ژێر ڕوشنایی هەرسێ مادەی(١٠، ١١، ١٢) ل یاسا ژمارە(١) یاسالا ٢٠١١ یاپەرلەمانێ کوردستانێ ، دهێتە پێناسکرن ڕێکخراوەکا نەحکومیە کاردکەت ل سەر ڕەوشەنبیری وخوبەخشینا نەندامێن جەستەی مروڤان وەك خوبەخشینا گولچیسکا ل حالەتی مروڤێ نەساخ و هەروەسا خوبەخشینا دل ومێلاك وچاڤ ل پشتی مرنێ بو کەسانێن پێتڤی ژیانا وان ژمرنێ قورتال بکەن ئەرکەکێ مروڤایەتی وبێ قازانج وەك خودێ تعالا ل قورئانا بیروز دا دبێژیت (من قتل نفس بغیر نفس او فساد فی الارج فکانما قتل الناس جمیعا ومن احیاها فکانما احیا الناس جمیعا).

ڕێکخراوا لیشان پێدهێت ژ پێنج ئەندامانا ئەز (هیفاو صدیق میکائیل)سەروکا ڕێکخراویێ وپێك دهێت ژ جێگر ودەستەی کارگێری کە زور چالاکن لێ بگشتی کارێ ڕێکخراوان نوکە زورێ لەوازبوی ژبەر قەیرانا ئابوری ونەپشتەڤانیا ڕێکخراوا یێ بیانی وێنن ناڤخویی ل هەرێمێ بویە ئەگەرێێ کێم کاریا هەمی ڕێکخراوان ولڤێرە ڕێکخراوامە هەر د بزاڤ وچالاکیاندابویە وبتاییەت پشتی بەلاف بونا کورونایێ من زور هەول وبزاڤ دکرن ژبو هوشداری کرنا خەلکی ژبەر مەترسیا ڤایروسێ کوژەك یێ کورونایێ دا خەلکێ کوردستانێ توشی ڤی ڤایروسی نەبیت وەکی وەلاتێن بیانی کە هەژمارەکا زور یاخەلکی گیانێ خو ژدەست دا ژبەر نەپێگری ب ڕێنمایان ،وەك فەر من زانی رابم ب دابەشکرنا ٣٠٠٠ دەمامك ودەست کێش سەر مارکێت وجهێن سەر شەقامی ل کومەلگها تەناهی وسێمیل ژبەر کو ببیتە پەیامەك بو خەلکی داخو ب پارێزن ژ ڤایروسێ، لەورا دبینیم ئەگەر هەمی خەلك پێ گری ب ڕێنمایا وەك ڕێکخراوا من کربا نوکە ئەف ژمارا کێم یاڤان خەلکێ توشی کورونایێ نەبون ، هەروەسا ئەز وەك چالاکڤان من بەشداری دچەندین خولێن ڕێکخروان ل گەرەنتینێ کر وچەندین بروانامە بدەست خوڤە ئێنایە ودیسان چەندین خول بو کێج وکورێن گەنج ڤەکرن بریکا ئون لاین ژبو بلند کرنا ئاستێ وان یێ ڕەوشەنبیری وئاگەهدارکرنا وان ژمەترسیا کورونایێ ، نوکەژی ڕێکخراوا من هەردەم هەوالا بەلاڤکرنا ڕەوشەنبیریێ دکەم دناف کومەلگەهی وجڤاکی دا ژبو بهێزکرنا کومەلگەهەکا ساخلەم ویاتەندروست.



ئامێرەکانی گەرمی و زیانەکانی بۆ پرچ

زۆربەی ئافرەتان بۆ وشککردنەوە بێت یان خود جوانکاری ئامێرەکانی گەرمکەرەوە بەکاردەهێنن سەرەڕای ئەوەیکە ئاگەداری زیانەکانیین و ناتوانن وازی لێبێنن، بەڵام دەکرێت بە هەندێ ڕێنمایی زیانەکانی کەم بکرێتەوە.

- پاش خۆشۆردن یەکسەر پرچتان وشك مەکەنەوە هەوڵبدەن لە هەوای ژوورەوە و بە هەوای سروشتی کەمێك پرچەکە وشك بێتەوە دواتر گەرمکەرەوە بەکاربێنن.

- لە کاتی خاوکردنەوەی پرچ هەوڵبدەن گەرمی ئوتوەکە زۆر نەبێت و بە پلەیەکی گەرمی کەم ئەو کارە ئەنجام بدەن.

- کرێمی پارێزەری پرچ بەکار بهێنن و کاتی ئوتوکردنەکە شانە بەکاربێنن تا گەرمییەکە بە یەکسانی بەر هەموو پرچتان بکەوێ.

- لە کۆتاییدا دوو مانگ جار سەرتاڵی پرچت ببڕە چونکە ئەو بەشەی پرچ هەستیارە و زۆرترین زیانی بەردەکەوێت.



ئەو منداڵانەی زۆر سەیری تەلەفیزیۆن دەکەن کەمتر دەخەون

ئەنجامی توێژینەوەیەکی نوێی زانایان پیشانی داوە، کە تەماشاکردنی زۆری تەلەفیزیۆن دەتوانێت کاریگەری لە سەر ماوەی خەوتن و جۆری خەوتنی منداڵان دابنێ. توێژەرانی زانکۆی ماساچۆست لە ئەمەریکا بۆیان دەرکەوتووە کە ئەو منداڵانەی کە ڕۆژانە کاژمێرێك تەلەفیزیۆن سەیر دەکەن بە بەراوەرد لەگەڵ ئەو منداڵانەی کە زیاتر لە یەك کاتژمێر تەماشایی تەلەفیزیۆن دەکەم ، خەوتنی شەوانیان بەر ڕێژەی 2 کاتژمێر و نیو لە ماوەی هەفتەیەکدا زیاترە .ئەمە لەکاتێکدایە، کە سەرخەوشکاندنی منداڵان لە کاتی نیوەڕۆ دا لە نێو ئەو منداڵانەی کە زۆرتر سەیری تەلەفیزیۆن دەکەن زیاترە ، بەڵام ئەوە ناتوانێت قەرەبوویی خەوتنی شەوان بکاتەوە . لەو توێژینەوەیەدا 470 کەس و بۆ ماوەی 16 ڕۆژ بەشداریانکرد و دواتر لە بارەی هەڵسوکەوتی ئەو منداڵانە و تەندروستیان پرسیار کرا.بە پێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراویی تەندروستی جیهانی ، منداڵانی تەمەن 2 تا 4 ساڵ ناپێ لە کاتژمێرێك زیاتر تەماشای تەلەفیزیۆن بکەن و هەرچەندە ماوەی تەماشاکردنی تەلەفیزیۆن کەمتر لە کاتژمێرێك بێ ئەوا باشترە.



ئافرەتێك خاوەن ژمارەی پێوانەیی خێراترین قسەکردنە

پەرتووکی گینس بۆ ژمارە پێوانەییەکان، هەموو کات جێی سەرنج بووە و شتی سەیروسەمەرەی زۆری لەخۆگرتووە. ئەو کەسانەش کە لەو پەرتووکەدا ناویان هاتووە لە هەر دوو ڕەگەزن بێ جیاوازی.

(فران کاپۆ) ڕیکۆردی خێراترین ئافرەت لە قسەکردن لە پەرتووکی گینسی هەیە. ئەو ئافرەتە لە هەر چرکەیەکدا یانزە وشە دەڵێت و ئەو توانایەی هەیە چیرۆکێك لە ماوەی پانزە خولەك تەواو بکات. ڕەنگە زۆر کەس بەو شێوازە قسەکردنە دڵگران بن و تاقەتی گوێگرتنیان لەو کەسانە نەبێت، بەڵام ئەوەتا بۆ ئەو خاتوونە بووەتە جێی خێر و بەناوبانگ بوونی.

خاتوو نەسرین هاوژینی شەهید خالّە عەفان بۆ خەبات:

خۆشەویستیم بۆ ناوی پێشمەرگە و ئازایەتیان کردمیە هاوسەری پێشمەرگەیەک



ساسان دەرویش/ هۆڵەندا

خاتوو نەسرین حسێن لە دایکبووی شاری بانە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خاوەن خانەوادەیەکی نیشتیمانپەروەرە، هەمیشە مانّیان لانکەی حەوانەوەی پێشمەرگە و لێقەومان بووە بەم پێیەش تیکەڵاوبوونێکی زۆریان لەگەڵ پێشمەرگەکانی باشووری کوردستان هەبووە کە نیشتەجێی سەرسنوورە دەستکردەکان بوون و خزمەتکردنیان بۆتە هەوێنی خۆشەویستیان بۆ ناوی پێشمەرگە و ئازایەتیان، کە ڕۆژانە باسوخواسی نێو ئەم خانەوادەیە بووە و هەر ئەم هۆکارەش بووە تا کچێک لە نێو خانەوادەکەیان پێشکەشی پێشمەرگەیەکی سەرکردەی باشووری کوردستان بکەن کە زیاتر لە 30 ساڵ خەبات و تێکۆشانی هەبووە و سەرەنجام هاوسەرگیریان بۆ ڕێکبخەن لەگەڵ شەهیدی سەرکردە عوسمان قادر منەوەر. لەم گفتوگۆیەماندا خاتوو نەسرین بەمشێوەیە بۆ خەبات دوا.

پێشەکییەک لە بارەی ژیانی ئەم خانەوادەیە

خاتوو نەسرین و هاوژنەکەی مانّیکی بچوک پێکەوە دەنێن کە دەبێتە شوێنی حەوانەوەی شەهیدی سەرکردە عوسمان قادر لە دوای ئەرکەکانی پێشمەرگایەتی و دەرچوونەکانی. پاش کەمتر لە 7 ساڵ ژیانی هاوسەرگیری شەهید عوسمان و خاتوو نەسرین، باروبارگەیان تێکەنێن و لە ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991 دێنەوە باشووری کوردستان و لە ژیانێکی زۆر سادەی پێشمەرگایەتی هاوشێوەی گوندەکان لە سلێمانی ژیاون کە دڵیان پڕ بووە لە ئومێد و ڕزگارکردنی گەلەکەیان. بەداخەوە لە شەڕی ناوخۆ ئەو مانّە سادەیەش تاڵانکراو و خۆیان ئاوارەی هەولێر و پیرمام بوون، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە 26 ساڵە خاتوو نەسرین فرمێسک لە چاوەکانی ووشک نەبووە و لەگەڵ یادگارییەکانی شەهیدی هاوسەری دەڕی و بۆتە چیایەکی باڵانمای کوردستان بە لەئامێزگرتنی هەردوو دیاری شەهید واتا کچەکانی ژینۆ و ژاڵە تا بیانگەیەنێتە ئامانجەکانیان لە خوێندن و هەنگاو ڕێبازی باوکیان پێبڕێت و دڵنەوایی خۆی بەوە ئەداتەوە کە شەهید جێگە دەستی دیاربووە لە خەبات و تێکۆشانی کوردستان و بەرگریکردن لە دەسکەوتەکانی ڕاپەڕین.

ژیانی پێشمەرگەیەک بووە ئاوێتەی ژیانم

خاتوو نەسرین سەرەتا باسی لە ژیانی خۆی و هاوسەرگیری لەگەڵ شەهید کرد و گوتی: هیچکات پەشیمان نیم لەوەی کە ژیانی پێشمەرگەیەک بووە ئاوێتەی ژیانم و دڵمی پڕ کرد لە ئازار و خەم بە شەهیدبوونی، لەگەڵ ئەوەش ناونیشانێک و سەروەرییەکی بۆ من و منداڵەکانی و گەلەکەی تۆمارکرد. پێمواییە ئەمەش سەرمایەیەکی گەورەیە ڕەنگە زۆر کەس ئاواتی بخوازن. یەکتر ناسینی من و شەهید دەگەڕێتەوە بۆ ناسیاوی نێو خانەوادەکەم و پەیوەندیان لەگەڵ خۆی شەهید لە ساڵانی هەشتاکان ئەو کاتەی پێشمەرگەکانی باشوور ڕوویان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردبوو. دواتر لە ساڵی 1987 هاوسەرگیریان کرد، دوای ساڵانێک ژیان لە شارە دڵگیرەکانی ڕۆژهەڵات لە ساڵی 1991 ی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردوستان و پێشمەرگە گەڕاینەوە سلێمانی و بە ژیانێکی زۆر سادە ڕازیی بووین. لە خۆشی ڕزگارکردنی گەلەکەمان، ئەمە بۆ ئێمە جێگەی سەرفرازی و ژیانێکی پڕ لەئاسوودەی بوو. خوای گەورە دوو ئاوێتەی ژیانم و دڵمی پڕ کرد لە ئازار و خەم بە شەهیدبوونی، لەگەڵ ئەوەش ناونیشانێک و سەروەرییەکی بۆ من و منداڵەکانی و گەلەکەی تۆمارکرد. پێمواییە ئەمەش سەرمایەیەکی گەورەیە ڕەنگە زۆر کەس ئاواتی بخوازن. یەکتر ناسینی من و شەهید دەگەڕێتەوە بۆ ناسیاوی نێو خانەوادەکەم و پەیوەندیان لەگەڵ خۆی شەهید لە ساڵانی هەشتاکان ئەو کاتەی پێشمەرگەکانی باشوور ڕوویان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردبوو. دواتر لە ساڵی 1987 هاوسەرگیریان کرد، دوای ساڵانێک ژیان لە شارە دڵگیرەکانی ڕۆژهەڵات لە ساڵی 1991 ی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردوستان و پێشمەرگە گەڕاینەوە سلێمانی و بە ژیانێکی زۆر سادە ڕازیی بووین. لە خۆشی زۆر گەلەکەمان، ئەمە بۆ ئێمە جێگەی سەرفرازی و ژیانێکی پڕ لەئاسوودەی بوو. خوای گەورە دوو کچی پێبەخشین ناومان لێنان ژینۆ و ژاڵە، بەڵام بەداخەوە قەدەر ڕێی پێنەیان وەکو هەموو کەسێکی ئاسای ژیان بکەین و منداڵەکانم بە سۆزی باوکایەتی گەشەبکەن. ئەوە بوو ئەوکات کچە گەورەکەم تەنها تەمەنی چوار ساڵ بووە و ژاڵەی کچیشم تەنها شەش مانگان بوو کە شەڕی ناوخۆی شووم باوکیانی لەگەڵ خۆی برد. شانازی پێوەدەکەم و خۆشەویستیم بۆ ناوی پێشمەرگە و ئازایەتیان کردمییە هاوسەری پێشمەرگەیەک، کە ئەویش عوسمان گیان بوو ڕۆحی ئارام بێت.





بڕوابوونمان بە سەرۆک بارزانی و پارتەکەمان ئومێدی زۆرمانە

پاشان بە چاوی پڕ فرمێسک گوتی: خۆمان بە قەرزاری خەڵکی بەشەرەفی سلێمانی دەزانین کە شەهیدان لەسەرشان نابوو کەوتنە بەر لێزمەی فیشەک بۆ وەفاداریان بۆ شەهیدێک و ڕێباز و پارتەکەیان کە هەمیشە کوردایەتی کردۆتە سەرمەشقی خەباتی لە پێناوی ئازادی کوردستان. ئەو هەموو ڕۆژە ناخۆشانەی بەسەر من و منداڵەکانم هات و بەرگەمان گرت بەهۆی بڕوابوونمان بە سەرۆک بارزانی و پارتەکەمانە کە ئومێدی زۆرمانە کە کورد هەردەبێت بە ئامانج بگات و منداڵەکانی شەهیدان بە ئارامی ژیانی تیایدا بگوزەرێن و هەنگاوی باوکی شەهیدیان بە ئاوەدانی و زانست و خزمەت بە کوردستان بکەنەوە. سوپاس بۆ خوا کچەکانم گەورەبوون لەسەر هەمان ڕێبازی باوکیان و دریژەپێدەری ئەو ڕێبازە پیرۆزەن بە قەڵەمی پەنجەیان بەرگری لە خاک و نیشتیمان ئەکەن.

کوردستان هی هەموومانە وخوێنمان پێبەخشیوە

لە دوا قسەکانی خاتوو نەسرین دەربارەی ئێستای کوردستان گوتی: بەهیوام کەسانێک کە ئاگەداری خوێنی شەهید و خۆڕاگری خەڵک و قوربانییەکانی کوردستان نین، بە ویژدانی خۆیاندا بچنەوە و کوردستان بەرەو هەڵدێر نەبن و هاوکاربن بۆ خاوکردنەوەی گرژییەکان و تێپەڕاندنی قەیرانەکان، کوردستان هی هەموومانە و خوێنمان لە پێناوی پێبەخشیوە.

دایکم وەک شێرەژنێک و لە تەمەنێکی زۆر گەنجیدا توانی ڕۆڵی دایک و باوکمان بۆ بگێڕێت

ژینۆ کچە گەورەی شەهید بە خۆشحاڵییەوە هاتە نێو باسەکەمان و گوتی: هەرچەندە زۆر زوو بێبەش بووین لە بۆن و ناز و باوەشی گەرمی باوکمان، بەڵام دایکم وەک شێرەژنێک و لە تەمەنێکی زۆر گەنجیدا توانی ڕۆڵی دایک و باوکمان بۆ بگێڕێت وتەواوی ئەو بۆشاییانە بۆ من و ژاڵەی خوشکم پڕکاتەوە و دەستمان بگرێت و هەمان ئەو ڕێبازەمان نیشان بدات کە باوکم لەپێناوی گیانی کردە قوربانی ئەویش ڕێبازە پیرۆزەکەی بارزانی و پارتی پێشڕەوە.

بەهیواین بتوانین خزمەتی ڕێبازەکەمان و کوردستان بکەین

لە کۆتایشدا ژاڵە کچەکەی تری شەهیدیش هاتە گۆ: بە پشتگیری دایکی مەزنمان کە هەمیشە وەک قەڵایەک لە پشتمان بووە تاکو بە تەواوی ئامانجەکانمان بگەیەن، توانیمان گشت قۆناغەکانی خوێندن بە سەرکەوتوویی تەواو بکەین، بیکەینە دیاری و پێشکەش بە ڕۆحی پاکی باوکی هەمیشە زیندوومان و دایکە میهرەبانەکەمان بکەین. ژینۆخان دەرچووی کۆلێژی یاسا وکۆلێژی سەربازییە و منیش دەرچووی کارگێڕی کارم و ئێستاش قوتابی ماستەرم. بە هیواین بتوانین خزمەتی ڕێبازەکەمان و کوردستان بکەین.

ئاگادارییەکان ..... ئاگادارییەکان ..... ئاگادارییەکان ..... ئاگادارییەکان ..... ئاگادارییەکان ..... ئاگادارییەکان ..... ئاگادارییەکان ..... ئاگادارییەکان ..... ئاگادارییەکان

دادگەها بەرایی دهوك

ژمارە/91/ب/2020
ڕێکەوت/12/7/2020

ئاگەهداری

بۆ/داوالێکری (استبرق حکیم احمد محمد) جهێ ئاکنجیبوونا وێ نەدیارە ژبەر داوا ل دژی تە هاتیە تۆمارکرن بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ژلایێ داواکارێ (مصلح یاسین قادر /ریڤەبەری ریپیدایی کومپانیا ئاڤا وەلات- زیدەباری کاری وی) ئەوا تێدا داوای زڤراندنا کوژمێ پارە (10,080,000) دەە ملیون وهەشتی هزار دیناری عیراقی یا یەکا ژمارە (474) ئاڤاهیی (D4) پروژی لیلاف ستی وژبەر جهێ ئاکنجیبوونا تە نەدیارە ل دیف نڤیسارا ریڤەبەریا راگەهاندنا دادی یا ژمارە (1054) ڕێکەفتی 28/6/2020 وراپورتا هەلبژێری تاخن نزارکێ نوی لیلاف ستی ڕێکەفتی 24/6/2020 ڤێ دادگەهێ بریاردا تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕێکا دوو ڕوژنامێن نافخویی لدویف مادێ (21) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بۆ ئامادەبوونێ بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل دەم ژمێر (9,00)ی سپێدێ ژ ڕوژا 19/8/2020 وئەگەر ئامادەنەبی یان بریکارەکێ پێش خوڤە نەهنێری دێ ب پا شملە وئاشکرایی داوا بڕیڤە چیت ولدیڤ یاسایێ

دادوەر / عزیز محمد سعید

* * *

دادگەها بەرایی دهوك

ژمارە/451/ب/2020
ڕێکەوت/12/7/2018

ئاگەهداری

بۆ/داوالێکری(سهام حنا بطرس وزینە صلاح سلیمان داود وریم صلاح سلیمان داود وسلیمان صلاح سلیمان داود)جهێ ئاکنجیبوونا وە نەدیارە ژبەر داوا دکەت نەهیلانا هەڤپشکیا لسەر خانووبەرا ژمارە(6/484 کەرتی اسلام) وژبەر جهێ ئاکنجیبوونا وە نەدیارە ل دیف نڤیسارا ریڤەبەریا راگەهاندنی دادی ل دهوکی ژمارە (1098) ڕێکەفتی 6/3/2020 وراپورتا هەلبژێری تاخی شورش ل 7/6/2020 ڤێ دادگەهێ بریاردا هن بهێنە ئاگەهدارکرن بڕێکا دوو ڕوژنامێن نافخویی لدویف مادێ (21) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بۆ ئامادەبوونێ بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل دەم ژمێر (9,00)ی سپێدێ ژ ڕوژا 11/8/2020 وئەگەر ئامادەنەبن یان بریکارەکێ پێش خوڤە نەهنێرین دێ ب پا شملە وئاشکرایی داوا بڕیڤە چیت ولدیڤ یاسایێ

دادوەر / ریبوار محمد حسن

* * *

دادگەها بەرایی زاخو

ژمارە: 315/ب/2019
ڕێکەفت: 30/6/2020

ئاگەهداری

لدویف بریارا مە یا ژمارە (315/ب/2019) ل 11/9/2019 لدور ژناڤبرنا بەهرا (ازالة شیوع) ژ ئاقارێ ژمارە (4/1009 کەرتێ 13 تلکەبەر) کو سەخلەتێن وێ لخوارێ دیارکری نە بۆ لسەر ئێک زێدەکرنا ئاشکرا د ماوێ 30 ڕۆژا دا دەست پێدکت ژ ڕۆژا دی یا بەلافکرنێ د دوو ڕوژنامێن ڕوژانە دا و هەر کەسێ بڤێت پشکداربیت دڤێ لسەر زێدەکرنێ دا بلا سەرەدانا ڤێ دادگەهێ بکات داکو 10% دابین بکەت ژ کوژمێ خەملاندنێ ئەو ژی 25000000 دینار و ئەگەر پشکدار نەبیت پشتی بورینا ماوەیێ یاسایی و گەهشتنا وی ئاقاری بو بکری کوژمێ ڤێ ئاقاری کاش دێ ئێتە دان و ئەگەر ڕوژا لسەر ئێک زێدەکرنێ بکەڤیتە دبێهن ڤەدانا فەرمی دا لروژا پاشتر دێ لسەر ئێک زێدەکرن ئێتە ئەنجامدان.

سەخلەت:

جورێ ئاقاری مولکینی یە و ڕەگەزێ وێ عەردە (عرصة) ڕووبەرێ وێ (250)م2 و دویرە ژ سەنتەرێ باژێرێ زاخو، و چ خزمەت گوزاری لێ نینن نە ڕێ نە ئاف و نە کارەب.

دادوەر/ یوسف الیاس سدن

* * *

دادگەها بەرایی زاخو

ژمارە: 323/ب/2019
ڕێکەفت: 30/6/2020

ئاگەهداری

لدویف بریارا مە یا ژمارە (323/ب/2019) ل 11/9/2019 لدور ژناڤبرنا بەهرا (ازالة شیوع) ژ ئاقارێ ژمارە (4/1007 کەرتێ 13 تلکەبەر) کو سەخلەتێن وێ لخوارێ دیارکری نە بۆ لسەر ئێک زێدەکرنا ئاشکرا د ماوێ 30 ڕۆژا دا دەست پێدکت ژ ڕۆژا دی یا بەلافکرنێ د دوو ڕوژنامێن ڕوژانە دا و هەر کەسێ بڤێت پشکداربیت دڤێ لسەر زێدەکرنێ دا بلا سەرەدانا ڤێ دادگەهێ بکات داکو 10% دابین بکەت ژ کوژمێ خەملاندنێ ئەو ژی 25000000 دینار و ئەگەر پشکدار نەبیت پشتی بورینا ماوەیێ یاسایی و گەهشتنا وی ئاقاری بو بکری کوژمێ ڤێ ئاقاری کاش دێ ئێتە دان و ئەگەر ڕوژا لسەر ئێک زێدەکرنێ بکەڤیتە دبێهن ڤەدانا فەرمی دا لروژا پاشتر دێ لسەر ئێک زێدەکرن ئێتە ئەنجامدان.

سەخلەت:

جورێ ئاقاری مولکینی یە و ڕەگەزێ وێ عەردە (عرصة) ڕووبەرێ وێ (250)م2 و دویرە ژ سەنتەرێ باژێرێ زاخو، و چ خزمەت گوزاری لێ نینن نە ڕێ نە ئاف و نە کارەب.

دادوەر/ یوسف الیاس سدن

* * *

دادگەها بەرایی زاخو

ژمارە: 325/ب/2019
ڕێکەفت: 30/6/2020

ئاگەهداری

لدویف بریارا مە یا ژمارە (325/ب/2019) ل 11/9/2019 لدور ژناڤبرنا بەهرا (ازالة شیوع) ژ ئاقارێ ژمارە (4/1008 کەرتێ 13 تلکەبەر) کو سەخلەتێن وێ لخوارێ دیارکری نە بۆ لسەر ئێک زێدەکرنا ئاشکرا د ماوێ 30 ڕۆژا دا دەست پێدکت ژ ڕۆژا دی یا بەلافکرنێ د دوو ڕوژنامێن ڕوژانە دا و هەر کەسێ بڤێت پشکداربیت دڤێ لسەر زێدەکرنێ دا بلا سەرەدانا ڤێ دادگەهێ بکات داکو 10% دابین بکەت ژ کوژمێ خەملاندنێ ئەو ژی 29000000 دینار و ئەگەر پشکدار نەبیت پشتی بورینا ماوەیێ یاسایی و گەهشتنا وی ئاقاری بو بکری کوژمێ ڤێ ئاقاری کاش دێ ئێتە دان و ئەگەر ڕوژا لسەر ئێک زێدەکرنێ بکەڤیتە دبێهن ڤەدانا فەرمی دا لروژا پاشتر دێ لسەر ئێک زێدەکرن ئێتە ئەنجامدان.

سەخلەت:

جورێ ئاقاری مولکینی یە و ڕەگەزێ وێ عەردە (عرصة) ڕووبەرێ وێ (250)م2 و دویرە ژ سەنتەرێ باژێرێ زاخو، و چ خزمەت گوزاری لێ نینن نە ڕێ نە ئاف و نە کارەب.


دادوەر/ یوسف الیاس سدن

* * *

ون بوون

پسوولەی ئەو پارانەی کە بۆ حکومەت وەرگیراون ژمارە 026422 لە 9/12/2019 ون بووە کە لە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی چوار/هەولێر دەرچووە بە ناوی بەختیار پوشۆ صابر، هەر کەسێک دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی .





گابریل گارسیا مارکیز
بەر لەمردنی بەو جۆرە ئامۆژگاری نووسەرانی کرد

بۆتان جەلال

ڕۆمانووسی ناوداری جیهان بە ڕەگەز کۆلۆمبی (گابریل گارسیا مارکیز) بەر لە مردنی بە هۆی شڵەژانی باری تەندروستی بڕیاری دا واز لە ژیانی گشتی بهێنێت، وێستی دووڕەپەڕێیەکەی لە خەڵکی بە نامەیەك بەرجەستە بکات و چەند ئامۆژگارییەك لەو نامەیەدا وەك دوا قسەی لە ژیاندا بگەیەنێتە خۆشەویستانی و خوێنەرانی لە سەرتاپای جیهاندا.

دەقی نامەکەی مارگیز لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە بڵاو کرایەوە و خێرا گەیشتە دەستی ملیۆنەها کەس و زۆر بە بایەخەوە وەرگیرا و ئاڵو گۆڕی پێکرا، لە بەر گرنگی ئەم نامەیە کە بە نامەی کۆتایی نووسەر لە قەڵەم دەدرێت، حەزمان کرد ئێمەش بۆ خوێنەرانی ئازیز لە عەرەبییەوە بیکەینە کوردی و بڵاوی بکەینەوە.

بۆ هەموو لایەکیش پێشنیار دەکەین نامەکە بخوێنێتەوە، چونکە لە یەکێك لە ناودارترین و بە تواناترین نووسەری ئەمریکای لاتین نووسراوە و پڕیەتی لە مانا و پەند و دەرس و ئامۆژگاری کە بێگومان لە خوێندنەوەیدا سوودی لێ وەردەگیرێت:

* ئەگەر خودای گەورە بیکردبایە و لە بیرمی کردبایە کە من بووکە شووشەیەك بووبم، بەڵکو جارێکی دیکە شتێك لە ژیانی پێبەخشبامایەوە، ئەوکات زۆر بە چڕ و پڕی ژیانم دەقۆزتەوە، ڕەنگە هەموو ئەو شتانەشم نەدەگوت کە بیریان لێ دەکەمەوە، بەڵکو بیرم لەوانە دەکردەوە کە دەمگوتن...

* زۆر کەم دەخەوتم، زۆر خەونم دەبینی، دەبا بزانن کاتێك تۆ یەك خولەك چاوەکانت لێك دەنێی، ئەوە (60) چرکە لە ڕوونا کی ژیان بێبەش دەبیت...

* کاتێك خەڵك وەستاون لە پشوودان، من دەڕۆیشتم کاتێك خەڵك بنوستبانایە، من لە خەو ڕادەبووم...

* ئەگەر خودای دلۆڤان بیکردبایە جارێکی دیکە ژیانێکی نوێی پێدابام، جل و بەرگێکی سادەم دەپۆشی، بە ڕووت و قووتی لەسەر پشت ڕادەکشام، نەك تەنیا جەستەم ڕووت دەکردەوە، بەڵکو ڕۆحیشم...

* بۆ خەڵکێکم دەسەلماند کە چەند لەوەدا هەڵەن، کاتێ وا دەزانن کە پیر بوونە و ناتوانن دڵداری بکەن، بێ ئەوەی ئەوە بزانن کاتێك پیر دەبن، ئەگەر توانای خۆشەویستی و عەشقیان نە مێنێ...

* باڵم دەبەخشیە منداڵان، بەڵام لێیان دەگەڕام خۆیان بە تەنها بفڕن...

* بەسالاچوانم فێر دەکرد کە مردن هەرگیز لەگەڵ پیر بوون نایێت، بەڵکو لەگەڵ خۆ لە بیر کردن و فەرامۆش کردن بەرەو ڕووت هەنگاو دێنێت...

* من لە ئێوە ئەی ئادەمیزاد زۆر شت فێر بووم، فێر بووم کە هەموتان دەتانەوێت لەسەر لوتکەکان بژین، بەڵام هەست بەوە ناکەن کە خۆشی و چێژی نهێنی ژیان لەوە دایە کە چۆن بەسەر لوتکە هەڵدەشاخیت...

* لێتان فێر بووم ئەو کاتەی کۆرپە تازە لە دایك دەبێت بۆ یەکەمجار کاتێ پەنجەی دەستەکانی باوکی دەگرێت، ئەوە واتای وایە تا دوا هەناسەی لە ژیاندا خۆی پێوەیان دەگرێ و بەریان نادات...

* زۆر شتتان لێ فێربووم.. بەڵام کەمێکیان بۆ من سوودی هەیە، چونکە تا ئەو هەموو لە نێو جانتاکەم ڕێز دەکەم و خۆم بۆیان ئامادە دەکەم، وادەی خواحافیزیم لە ژیان دێت...

* هەمیشە هەست بە چی دەکەی، ئەوە بڵێ، وە بیر لە چی دەکەیەوە ئەو کارە ئەنجام بدە...

* گەر دەزانم ئەمەیان دوایین جارە تێیدا دەتبینم و تۆش نووستوی، زۆر بە تونڈی لە ئامێزم دەگرتی و لە خوا دەپارامەوە کە بمکاتە پاسەوانی ڕۆحەکەت...

* هەمیشە سبەی ڕۆژێکە و دێت، ژیان هەڵی زۆرمان بۆ دەرەخسێنێ تیایدا کاری باشتر ئەنجام بدەین، بەڵام من بە هەڵە نەچووبم ئەوەیان دوا ڕۆژم بێ، حەز دەکەم پێت بڵێم ئای کە چەندم خۆش دەوێیت، من هەرگیز تۆ لە بیر ناکەم.



ئەو گەرەکەی تۆی پێناساندم
بووید بە یەکەم خۆشەویست و دوا خۆشەویست
ئێستاش دوای پتر لە چل سالّ
جارناجارێك سەردانی ئەو گەرەکە دەکەم
ئەو گەرەکە و ئەو بەر دەرگایەم
هەر خۆشدەوێت وەکو جاران
وادەزانم لە بەردەرگا ڕاوەستاویت
چاوەڕێی هاتنم دەکەیت
یەکەم نامەی
دلدارییم دەدەیتە دەست و بە ناخ و هەستی شێتانەی خۆت
بۆم دەنووسیت:
(ئای قەرەج چەندەم خۆشدەوێیت)



خالید کۆچەر



کارلۆس زافۆن داستانی ئیسپانی سەردەمی جەنەڕال فرانکۆ دەنووسێ

نووسینی : حەسونە موسباحی **وەرگێڕانی: ئاکۆ عەبدوڵا**

خانەی (مسکیلیان)ی تونسی تایبەت بە بڵاوکردنەوەی ڕۆمانە جیهانییە وەرگێڕدراوەکان، کارێکی باشیکرد کە بەو دواییە وەرگێڕانی ڕۆمانی (سێبەری با)ی کارلۆس زافۆنی لە دایکبوونی ساڵی ١٩٦٤ی شاری بەرشلۆنەی بڵاوکردەوە. ناوبراو ئێستا یەکێك لە گرنگترین و ناودارترین نووسەری ئیسپانی دادەنرێ. ئەو ڕۆمانەش لە کاتی بڵاوکردنەوەی، بەر لە چەند ساڵ، ناوبانگی فراوانی جیهانی بەدەستهێنا و گەورە ڕەخنەگران پێیانهەڵدا. هەروەها لە زۆر وڵات خەڵاتی بەرزی پێدرا. معاویە عبدالحمدی وەرگێڕی سوری، وەریگێڕاوە، بەوەش جارێکی دیکە دەریخست بەوپەڕی وردی بەرهەمەکان وەردەگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی و چی لە تواناشی دایە دەیخاتەگەڕ تاکو وەرگێڕانەکە ڕەنگدانەوەی جوانی کارەکە و لێزانی خاوەنەکەی بێت، لە ڕووەکانی زمان و ستایل و هونەر.

ڕۆمانی (سێبەری با) جیاوازە لە زۆربەی ئەو ڕۆمانانەی لە بارەی (ماوەی فرانکی) نووسراون، کە بەگشتی لەناویاندا جەخت لە ململانێیە سیاسی و عەقیدیەکان دەکرێ، بەڵام ئەو ڕۆمانە بە نەفەسی داستانی و شیعری جیادەکرێتەوە و شاکارەکانی وەك (بێنەوایان)ی ڤیکتۆر هوگۆ و (برایانی کارامازۆف)ی دۆیستۆیڤسکی و (سەد ساڵ لە تەنیایی) گابرییل گارسیا ماکیزمان دێنێتەوە یاد. لەناویشیدا دەنگەکان و چیرۆکەکان جۆراوجۆرن و بەناویەکدیدا ڕۆچوون، هەر یەکێکیشیان بۆ هی دیکەیان شوێنەکە جێدەهێڵێ، تا خوێنەر وەها خۆی دەدۆزێتەوە بەرامبەر هەریەك لەو چیرۆکە سەرسوڕهێنەر و نامۆیانە، شەیدا و سەرسامبووە.

لە ڕۆمانەکەدا کەسەکان جۆراوجۆرن هەروەها ژنانی داوێنپیس هەن کە دەزانن چۆن لەگەڵ بەرەوپێشچوونەکانی ڕووداوەکان و بارگۆڕانەکانی ڕۆژانە، بگونجێن. کەسانی سیخوڕیش هەن کە لە ڕاوەدونانی کەسانی دیکە و تاڵکردنی ژیانیان چێژوەردەگرن. هەروەها کەسانی هەڵپەرستیش، ئەوانیش شارەزان هەموو جارێك لە بیروبۆچونەکانیان هەڵگەڕێنەوە تاکو بە دڵی دەسەڵاتدارانبن.

سەرباری ڕووداو بەدوایەکداهاتووەکان و کەسایەتییە وروژێنەرەکان و تراژیدیا. (سێبەری با) زمانی گێڕانەوەکەشی سەرسامان دەکات کە بە شاعیریەتی ئەفسوناوی و بە ستایلی گونجاوی ڕەوان جیادەکرێتەوە. ئەمەو کارلۆس زافۆنیش جەخت لەوە دەکات خوازراوی ڕەوانبێژانە دابهێنێ، لەوانە (لەو ڕۆژەوە پایزە وەك پاڵتۆ لە گەلا وشکەکانی سەر ڕێگا کە وەك کێکی دەوانە و بە پێستی مار دەچوو، لە دەستدا، کە ئەوسا لە چوار ساڵەی تەمەندابوو. ڕۆژی بە خاکسپاردنیشی باران بە خوڕ دەباری، بۆیە وەهای بە خەیاڵداهات ئاسانیش وەك ئەو بۆ مردنی دایکی دەگرێت، بەڵام باوکی توانی بە سۆز و خۆشەویستیەوە ئازارەکانی بێ دایکی بۆ کوڕەکەی سوك بکات، لە نێوانیشیاندا پێوەندییەك هاتە ئارا، لەسەر بێگەردی و ڕاستگۆیی و خۆشەویستیبوو.

ڕۆمانەکە بەسەر دانیکردنی دانیال بۆ (گۆڕستانی کتێبە لە بیرکراوەکان) دەستپێدەکات تا جیهانێك بەدیاربخات کە لە یەکەم ڕوانینی سەرسامی کرد. لەو کاتەی کە چاویشی لەو ژمارە زۆرەی کتێبەکان دەگێڕا باوکی پێی وت : « دانیال ئەو شوێنە نهێنییە، ئەوە پەرستگایە. حەرەمێکی شاراوەیە. هەر کتێبێك یان موجەلەدێك لێرە گیانێکی تێدایە. گیانی ئەوەی نووسیویەتی، گیانی ئەوانەی خوێندوویانەتەوە و گیانی ئەوانەی لەگەڵی ژیاون و بە هۆی ئەویشەوە خەونیان بینیوە».

ئەو سەردانەی بۆ گۆڕستانی کتێبە لەبیرکراوەکان کردی، چاوەکانی دانیالی لاویان کردەوە، نەك تەنیا بۆ جیهانی کتێب بەڵکو بۆ ژیانی نووسەرەکانیشیان، بۆ مێژووی کۆن و نوێ و ڕوداوەکانی سەردەمی خۆی و ڕوداوەکانی سەردەمی کەسانی دیکەش. بەڵام گرنگترین شت لەو سەردانەی دانیال بریتییە لە دۆزینەوەی ڕۆمانێك بە ناونیشانی (سێبەری با). ئەو ڕۆمانە هانیدا بە دوای ژیاننامەی خاوەنەکەی (خولیان کاراکس) بگەڕی. تاکۆتایش هەر سەرقاڵی ئەو دەبێت، بە ئاڵۆزیەکانی و نهێنیەکانی.

لەگەڵ ئەو ناخۆشی و سەختیانەی ڕووبەڕووی بۆوە، هەرگیز دەستبەرداری نەبوو، تا وەهای لێهات گەڕان بەدوای ژیانی خولیان کاراکس، بووە گەڕان لە مێژووی ئیسپانیا، لە سەرەتای سەدەی بیستەم و تا ساتی دوای جەنگی ناوخۆی ئیسپانی، بە ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتوری و ڕوداوەکانی دیکەشەوە. قورسە ڕۆمانێکی گەورە و پڕ لە ڕووداوی جۆراوجۆر، کورت بکرێتەوە، کە تێیدا دەیان کەسایەتی لە جولەدان. دواتر ئەوە یەك ڕۆمان نییە بەڵکو چەندان ڕۆمانە. هەریەك لەو ڕۆمانانەش خاوەن تایبەتمەندی و مەدلولەکانی خۆیەتی، بۆیە بەهەمان ڕەهەندی داستانی مۆرکراوە کە ڕۆمانە گەورەکانی پێدەناسرێتەوە، کە ئەستەمە لە ئەدەبی هاوچەرخ هاوشێوەی بدۆزینەوە.



سەرچاوە: www.alarab.co.uk
٢٠١٧/١١/١٨

سەردەمی کۆرۆنا..

قایرۆسەکە گۆڕانکاری ریشەیی بەسەر جیهاندا دێنێت!

ئا: خالید گەردی

وەک ئەوەی تۆماس فریدمان لە لێدوانێکید کە بە رۆژنامەی (نیویۆرک تایمز) راگەیاندبوو؛ ئێمە لەدایکبوونی سەردەمێکی نوێی میژوویی دەبینین. پێشتر دوو هێما بەناوبانگەکە (پ.ز) و (د.ز) دوو هێما بوون بۆ جیاکردنەوەی دوو سەردەم یا دوو قۆناغی پێش لەدایکبوونی مەسیح و دوای لەدایکبوونی بوون، بەڵام ئێستا ئەو دوو هێمایە (**AC**) و(**PC**) تەواو واتاکەی جیایە بە مانای ڕەوشی جیهان پێش بڵاوبوونەوەی قایرۆسی کورۆنا و دوای بڵاوبوونەوەی قایرۆسی کورۆنا دێت یا دوو سەردەمەکە لێک جیادەکاتەوە لە ڕووی سەرجەم ئەو گۆڕانکارییانەی لە بواری دروستکردنی بڕیاری سیاسی و ئابووری و کەلتووری و گەشتیاری و بازارکردن و...تاد، بەسەر جیهاندا دێنێت.





ئاشتبوونەوە

12 ساڵ لەمەوبەر ، واتا لە ساڵی **2008**؛ نیکۆلا سارکۆزی سەرۆکی فەرەنسا بە هۆکاری ئەو پشتیوانییە ئابووریانە کە لە ئاکامی قەیرانی بازاڕی دراوی ئەمریکی کەوتەوە، موژدەی کۆتایی هاتنی (بازاڕی ئازاد)ی دا، هەروەها ناوبراو پێشبینی (نزیکبوونەوەی واوەی کۆتایی هاتنی سەردەمی جیهانگیری)شی کرد، کە بنەماکانی سەرمایەداری باڵی بەسەر تەواوی ئابووری جیهان لە داگرتبوو ، کاریگەییەکانی وایکرد ئابووری جیهان لە ڕێڕەوی پێشتری خۆی لا بدا.سارکۆزی بە جەرائەتەوە لە نێو شاری تۆڵۆنی فەرەنسی، هەردوو بیرۆکەی (هێزی ڕەهای بازاڕەکان و پێویستی دووڕکەوتنەوە لە هەر یاسا و دەستێوەردانێکی سیاسی لە بازاڕەکان) ، بیرۆکەی (هەردەم بازاڕ لەسەر هەقە) ڕاشکاوانە بە دوو بیرۆکەی گەوجانە ناوبرد، ئەمەش دوای ئەوە هات سارکۆزی چەندین کەموکوڕی ترسناکیی لە چالاکیی بانکە جیهانییەکان بەدی کرد، هەربۆیە داوای چاکسازی لە سیستەمی سەرمایەداری جیهانیی کرد.دوای تێپەڕبوونی (**10**) ساڵ بەسەر ئەمە، ئیمانوێل ماکرۆن کە لە دوای فرانسوا ئۆلاند سەرۆکایەتیی فەرەنسای بەدەستەوە گرت لە یەکەم لێدوانیدا، دژایەتیکردنی خۆی بۆ (ململانێی دەسەڵاتداری و سەرپێچییەکانی سەرمایەداری جیهانی) ڕاگەیاند، بەڵام سەردەڕای ئەم هەڵوێستە چاونەترسانەی ڕابردوو، کەسێک پێشبینی ئەوەی نەدەکرد ماکرۆن لە وتەیەکی تەلەفزیۆنیدا ئاماژە بەوە بکات بەهۆی ئەو پێداویستییە ئابووریانەی بە هۆی کورۆناوە سەریان هەڵداوە ئەگەر پێویستی کرد ئەوا (پیشەسازییەکان خۆمالی - تأمیم) دەکات.لێدوانەکەی ماکرۆن لە بارەی خۆمالیکردنی کەرتی پیشەسازی، کە برونو لو مییری وەزیری دارایش پاڵپشتی خۆی بۆ دەربڕی لە وڵاتێکی وەک فەرەنسا ، ئاماژەیەکە بۆ گۆڕانکاری لە شێوازی بیرکردنەوەی فەرەنسییەکان، بە واتایەکی تر ،پەنابردنی دەوڵەتی فەرەنسا بۆ پرسە سۆسیالیستیەکان یا دەستگرتنی دەوڵەت بەسەر کەرتە پیشەسازییە سەرەکییەکان، چیتر لە پرسە قەدەغەکراوەکان نابێت، یا ڕەنگە هەر قەیرانێک ببێتە خاڵی دەستپێک بۆ چاوخشاندنەوە بە ڕێسا چەسپاوەکانی ئابووری لە سەردەمی جیهانگیریدا بە تایبەتیش لە بواری هەستیارەکانی وەک کەرتی دەرمانسازی.

سۆسیالیستی لە بەرگێکی سەرمایەدارییدا

ڕاستە وڵاتی فەرەنسا لە هەموو وڵاتە ئەورووپییەکانی تر بوێرانەتر بوو کاتێ بەڵێنی دا ڕێگا نەدات هیچ کۆمپانیایەکی فەرەنسی گەورە یا بچووک کە بەهۆی پەتای کورۆنا کارەکانیان ڕاگرتووە هەرەس بێنن، حکومەتی فەرەنسا بەڵێنی دا سەدەها ملیاری قەرز یا دواکەوتنی پێدانی باج و کرێی بارەگای کۆمپانیا بچوکەکان بدات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا فەرەنسا لە چاو وڵاتە ئەورووپییەکانی دیکە لە پەیرەوکردنی ڕێچکەی توندی ئابووری پێشەنگ نەبووە. بەڵکو بەپێی بەدواداچوونی تشارلز رایلی لە (سی ئێن ئێن بزنس) دەوڵەتی ئەڵمانیاش قورسایی خۆی خستۆتە سەر ئابووری و بۆ پێدانی دڵنەواییەکانی قەرز یا پارەی نەختینە بۆ ئەو کۆمپانیانەی بەهۆی کورۆناوە زیانیان بەرکەوتوو زیاتر لە (**550**) ملیار دۆلاری دابین کردووە.کە پێشتر وڵاتە سەرمایەدارەکان بەکارێکی عەیبەیان دەزانی ئەگەر دەوڵەتە سۆسیالیستەکان بە کارێکی لەم جۆرە هەڵسابوونایە یا یارمەتی کۆمپانیاکانیان بدابووایە، بە دەستێوەردانی حکومەت و هەڵپەرستی و دەرچوون لە بنەماکانی ململانێی دروست کە بازاڕەکان پێویستیان پێ هەیە، لە قەڵەمیان دەدا. بە پێچەوانەوە ئەوەی تا دوێنی بە نەنگیان دەزانی و ڕەخنەیان لێ دەگرت ئەمڕۆ خۆیان پەنای بۆ دەبەن وەک ئاماژەدان بە خۆمالیکردنی پیشەسازی و پاڵپشتیکردنی کۆمپانیاکان، کە بەم دواییە ئیتالیا ڕایگەیاند بە نیازە کۆمپانیای فڕۆکەوانی ئیتالیا کە بە هۆی قەدەغەکردنی گەشتەکان هەرەسی هێنا خۆمالیی بکات.

ئەگەر خۆمالیکردن دوا دەرمان بێت بۆ فەرەنسا ، ئەوا ئەنجوومەنی وەزیرانی ئیتالیا بە کردەوە بیر لە دامەزراندنی کۆمپانیایەکی نوێ دەکاتەوە کە بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ یا ناڕاستەوخۆ پشکی گەورەی کۆمپانیاکە هی حکومەت بێت و وەزارەتی ئابووری و دارایی بەڕێوەی ببات کە لە ئاکامی ئەمەشدا دەوڵەت دەسەڵاتی تەواوی یا نیمچە دەسەڵاتێکی بەسەر کەرتەکانەوە دەبێت.

ڕاگەیاندنی شەڕ و خۆمالیکردن

ئەگەر ئەورووپا بە بنکەی بڵاوبوونەوەی پەتای کورۆنا دانرا، ئەوا ئیسپانیا لە ڕووی ڕێژەی تووشبوون بە دووەم وڵات لە دوای وڵاتی ئیتالیا لە کیشوەرەکە و چوارەم وڵات لەسەر ئاستی جیهان دادەنرێت، کە تەنیا لە ماوەی بیست و چوار کاتژمێری ڕابردوو زیاتر لە دوو هەزار کەسی تر تووشی کورۆنا بوونە. سەرەتا حکومەتی ئیسپانیا بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی پەتای کورۆنا ، لە گرتنەبەری ڕێوشوێنێکی نائاساییدا دەستی بە خۆمالیکردنی نەخۆشخانە و کۆمپانیاکانی چاودێری تەندروستی کەرتی تایبەت کرد، کە گرتنەبەری ئەو ڕێوشوێنانە تەنیا لە کاتی سەرهەڵدانی کارەساتی گەورە یا سەردەمی جەنگ دەگیرانە بەر. تەنانەت شێوازی ڕاگەیاندنی باری لە ناکاو لە ڕووبەڕووبوونەوەی پەتاکە تەنیا پێویستی بە دەرمانی چارەسەر نییە ، بەڵکو پێویستە گۆڕانکاری لە بواری ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتیش بکرێت.لەم بارەیەوە پرۆفیسۆر میشیل جلفاند بابەتێکی لە ڕۆژنامەی (بوستن جلوب) تیایدا خاتوو میشیل ئاماژەی بەو تێڕوانینەوە کردووە کە گۆڤاری (ساینس) بڵاوکراوەتەوە، تێڕوانینەوەکە خۆی هاوکارانی ئەنجامیان داوە، پوختەی تێڕوانینەوەکەی چڕ کردۆتەوە لەسەر جیاوازی نێوان ئەو کۆمەڵگایانەی هاوشێوەی چین و سنگافورە و نەمسا کە تیایاندا پەیڕەوی لە ڕێسا و کەلتووریکی توند دەکرێت، لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایانەی هاوشێوەی ئەمریکا و بەریتانیا و بەرازیل کە پەیڕەوی کەلتووریکی ناتوند دەکەن، دەرکەوتووە هاوولاتیانی کۆمەڵگای یەکەم بە پێچەوانەی کۆمەڵگای دووەم تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ ئەو ڕێسا و سزا تونداندە ڕاهاتوون کە کاریگەری یا هەڵسوکەوت بە ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانیان دەکات و پێیەوە پابەند دەبن.هەر لەو (**33**) وڵات ئەنجام دراوە دەرکەوتووە، ئەو وڵاتانەی میژوویەکی زۆریان لەگەڵ بڕسییەتی و شەڕ و شۆڕ و بڵاوبوونەوەی پەتا و کارەساتە سروشتییەکان هەیە بە تێپەڕبوونی کات زیاتر سوودیان لەو یاسا تووندانە وەرگرتووە کە بۆ ڕزگارکردنی گیانیان دەرکراوە، لە بەرامبەردا کۆمەڵگا کلتوور کراوەکان (نمونەی ئەمریکا) کە کەمتر ڕووبەڕووی هەڕەشە و کارەسات بوونەتەوە و لە خۆشگوزەرانی ژیاون و کلتوورەکەیان کراوەترە بووە، لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی هەر هەڕەشە و پەتایەک زۆر بە ڕێساکان پابەند نابن، کلتوورەکەشیان هۆکار بووە بۆ دوو هێندەبوونی مەترسییەکان لەسەر ژیانیان.لەسەر ئەو ڕاستیانەی سەرەوە کە لە تێڕوانینەوەکەی پێی گەیشتوون پێیانوایە لە ئایندەدا پێویستە چاوخشاندنەوە بە کەلتوورە نەرم و خاوەکەیان بکرێ، لێرەدا ئەوان مەبەستیان ئەوە نییە سیستمی سەرکوتکار شوێنی سیستمە دیموکراتییەکەیان بگرێتەوە بەڵکو ڕزگاربوونە لە کەموکوڕیی و ئەو نەرمی نواندنەی حکومەتەکانیانە کە لەباری وادا بەرامبەر کۆمەڵگا دەیگرنە بەر.



چالاککردنی یاسای باری لەناکاو

ئیسرائیل کە هەندێ پێیانوایە تاکە وڵاتە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سیستمی دیموکراتی تیا پەیڕەو دەکرێت، بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی پەتای کورۆنا حکومەتی ئیسرائیل بە سەرۆکایەتی بنیامین نەتەنیاهۆ چەندین ڕێوشوێنی توندی گرتۆتەبەر، لەگەڵ بنەما دیموکراتییەکان یەکناگرنەوە. سەرۆکی ئیسرائیل بە نیازە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەتای کورۆنا سوود لەو تەکنەلۆژیایە وەربگرێت کە دەزگاکانی ئاسایش و ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانباران بۆ چاودێریکردنی گومانلێکراو تاوانباران بە کاریان دەهێنا ، بۆ ئەم مەبەستە چەندین پۆلیس و دەزگای ئاسایشی نێوخۆیی بۆ چاودێریکردنی ئەو هاوواڵتیانەی کە گومانی تووشبوونیان بە ڤایرۆسی کورۆنا لێ دەکرێت دامەزراندووە.کە پێش پەتای کورۆنا ئیسرائیلییەکان بە خەونیش ئەوەیان بە بیردا نەدەهات ڕۆژێ بێت بەنە ئامانجی ئەو ئامرازە چاودێرییانەی کە دەزگای هەواڵگری ئیسرائیل بۆ سیخوڕی و چاودێریکردنی چالاکوانە فەلەستینیەکان ئەوانەی بە دوژمنی خۆی دەزانێت بەکاریان دەهێنێت و ماوەیەکی زۆرە هەوڵی پێشخستنیان دەدات. کە زۆرێک لە ئیسرائیلیەکان پێیانوایە گرتنەبەری ڕێوشوێنی لەمجۆر پێشێلکردنی ڕوونی مافی مرۆڤ و دەستێوەردانی حکومەتە لە تایبەتمەندییەکانیان.تەنانەت نەتەنیاهۆ ئەو پشێویە سیاسی و ترس و دڵەڕاوکێیەی لە ئاکامی پەتای کورۆنا سەریان هەڵدا، قۆزتەوە تا یاسای باری لەناکاو کارا بکاتەوە کە پێشتر مەبەست لێی دژی فەلەستینییەکان بوو بەڵام ئەمجاری لە دژی خودی ئیسرائیلیەکان.

گۆڕانکارییەکە چەندین ساڵ دەخایەنێت

هەموو قەیرانێکی ئابووری و کارەساتی بڵاوبوونەوەی پەتاکان کەم تا زۆر شوێنەواری بەسەر مرۆڤەوە جێدێڵێت، بێگومان پەتای قایرۆسی کورۆناش لەمە بەدەر نابێت، هەر لە ئێستاوە کاریگەری بەسەر بازارکردن و گەشت و کارکردنەوە دیارە و لەوانەیە چەند ساڵێکیش کاریگەرییەکەی هەر بمێنێ، تەنیا لە ماوەی چەند هەفتەی یەکەم خەڵک بەتایبەتیش لەو شوێنانەی مەترسیی بڵاوبوونەوەی قایرۆسەکە زیاترە زوو لەسەر بەکارهێنانی دەمامک و عەمبارکردنی پێداویستی سەرەکیی و هەڵوەشاندنەوەی کۆبوونەوە کۆمەڵایەتی و بازرگانییەکان تەنانەت هەڵوەشاندنەوەی پلانی گەشتکردن و کارکردن و مانەوە لە ماڵەکانیان ڕاهاتن.هەروەها پەتای کورۆنا ئەگەرچی داخوازی و بازاڕی لەسەر هەندێ کەلوپەل گەرم کرد، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بازاڕی هەندێ کەلوپەلیشی تەواو سست کرد، ئەمەش وای لە وەبەرهێنەرە نێودەوڵەتییەکان کرد چاو بخشێننەوە بەسەرچاوەی کڕین و بەرهەمهێنانی کەلوپەلەکانیان.شەڕی بازرگانی نێوان چین و ئەمریکا، تەنانەت بڕیاری سیاسی و ئابووریش بەقەد پەتای کورنا هاندەر نەبووە بۆ ئەوەی بازرگانان ناچار بکات پشت بە یەک سەرچاوە نەبەستن و سەرچاوەکانیان جۆراوجۆر بکەن.

زانایانی دەروونناسیش پێمان دەڵێن بەردەوامبوونی پەتای کورۆنا بۆ ماوەیەک بەسە بۆ ئەوەی نەک هەر لەسەر ئاستی تاک بەڵکو لەسەر ئاستی دارشتنی سیاسەتی ئابووری و شێوازی دروستکردنی بڕیار، هەندێ دابونەریت کە پێشتر لە کۆمەڵگاکەماندا بوونی نەبووە پێمان نامۆ بووە، بەئاسانی لە نێوماندا بچەسپێت.

سەرچاوە : ئاژانسەکان



فرانس 24:

جارێکی دیکە ژمارەی تووشبوانی ڤایرۆسی کورۆنا لە کالیفۆرنیای ئەمەریکا هەڵکشایەوە و دەسەڵاتدارانیش دووبارە پەنایان بۆ ڕێوشوێنە خۆپارێزیەکان بردەوە.

بۆچی پشوو نەدرایە مێسی؟

رۆژنامەکانی ئیسپانیا هۆکاری دابەزینی ئاستی مێسی و گۆڵنەکردیان لە چەند یاریەکی رابردوو ئاشکراکرد.

بەپێی بڵاوکردنەوەی رۆژنامەکانی ئیسپا نیا بێت ، لیۆنیل مێسی ئەستێرەی بلۆگرانا بەهۆی ماندووبوونی زۆر و پشووونەدانی لە بەشێك لە یاریەکان، وای لەیاریزانە کردووە لە رووی جەستەییەوە ماندوو شەکەت بێت و ئاستی ڕاستەقینەی پێشکەش نەکات.

کیکی سیتینی راهێنەری بەرشلۆنە دوای یاریەکە ڕایگەیاند: " مێسی پێویستی بە پشوو هەبوو، بەڵام لەبەر گرنگی یاریەکە و دۆخی یانەکە نەمتوانی پشووی پێبدەم ".



ماڵ سیتی سزاکەی لەسەر هەڵگیرا

سەرفکردنی پارەی دەرەکی بۆ گواستنەوەی یاریزانان، بەڵام دوای ئەوەی مانچستەر سیتی لە دادگای دادوەری وەرزشیدا (CAS) تانەی لە بڕیارەکە گرتبوو، دادگاکە بڕیارەکەی یوفای لە بەرژەوەندی مانچستەر سیتی ڕەتکردەوە.

هۆکاری سەرەکی بڕیاری ڕەتکردنەوەکە ئەوەبوو کە بەڵگەی پێویست بەردەست نەبوو بۆ ساغکردنەوەی ئەو تۆمەتانەی ئاراستەی یانەکە کرابوون، بەو ڕەتکرنەوەیەش یانەی مانچستەر سیتی دەتوانێت بەشداری خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بکات.

یەکێتی تۆپی پێی ئەورووپا لەمساڵ هەستا بە ڕاگەیاندنی بڕیارێك بۆ دوورخستنەوەی یانەی مانچستەر سیتی لە دوو وەرزی داهاتووی چامپیۆنزلیگ، ئەویش بەهۆی پێشێلکردنی یاسای دەستپاکی دارایی کە بریتییە لەو یاسایەی کە دەڵێ یانەکانی ئەوروپا بۆیان نییە پارەیەکی زیاتر لە داهاتی خۆیان سەرف بکەن بۆ گواستنەوەی یاریزانان، تۆمەتەکان ئەوەبوون کە خاوەنی یانەکە هەستابوو بە

خەبات: سولین سلێمان

دادگای دادوەری وەرزشی (کاس)سزای دوورخستنەوەی مانچستەر سیتی لە دوو وەرزی داهاتووی چامپیۆنزلیگ هەڵوەشاندنەوە .

رۆدریگز دەبێتە ڕۆخی بلانکۆس

یانەی ریال مەدرید ئامادەیە دەستبەرداری خامێس رۆدریگێز ببێت و یاریزانەکەش یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی هەڵبژاردووە.

رۆژنامەکانی ئیسپانیا بڵاویانکردەوە، یانەی ریال مەدرید ڕێگەی بە خامێس داوە یانەکەیان جێبهێڵێت و یاریزانەکەش لەگەڵ یانەی ئاتلێتکۆ مەدرید لە گفتوگۆدایە.


گفتوگۆکانی یاریزانە کۆڵۆمبییەکە لە کۆتایی نزیک دەبێتەوە و لە ئەگەری رازیبوونی هەردوولا لەسەر گرێبەستەکە، خامێس لە دوای کۆتاییهاتنی یارییەکانی ئەم وەرزەی لالیگا دەبێتە یاریزانی ڕۆخی بلانکۆس.

وەك ڕۆژنامەکان ئاشکرایان کردووە، نرخی گواستنەوەی رۆدرێگز بۆ ئەتلەتیکۆ مەدرید ٣٠ ملیۆن یۆرۆ دەبێت.

کلۆپ لیقەرپوول جێدێڵێت

خەبات: سولین سلێمان

یۆرگن کلۆپ راهێنەری یانەی لیقەرپوولی ئینگلیزی لە چاوپێکەوتنێکیدا بۆ کەناڵی swr sport» ی ئەڵمانی ئەوەی دڵنیا کردەوە کە بە نیازە پۆستی راهێنەرایەتی یانەکە بەجێبێڵێت و نایەوێت گرێبەستەکەی نوێکاتەوە هەروەها کلۆپ لە چاوپێکوتنەکەیدا گووتی گرێبەستەکەم لەگەڵ یانەی لیقەرپوول تا چوار ساڵی دیکەیە و پێم وایە ئەوەندەش بەس بێت هەروەها نامەوێت گرێبەستەکەم نوێ بکەمەوە و لەوانەیە دوای کۆتایی هاتنی ماوەی گرێبەستەکەم لە یانەیەکی تر دەست بە کاری ڕاهێنەرایەتی بکەمەوە .



کۆنتی هەڕەشە دەکات

ئەنتۆنیۆ کۆنتی، ڕاهێنەری یانەی ئینتەرمیلان، بەهۆی ئەو ئەنجامە خراپانەی یانەکە پێیدا تێدەپەڕێت، هەڕەشەی ڕۆیشتن لە یانەکە دەکات.

میدیاکانی ئیتالیا بڵاویانکردۆتەوە، کۆنتی دوای ئەوەی لە دوو یاریی ڕابردوودا یەکسانبوو، زیاتر لە ڕکابەرەکانی دوورکەوتەوە و بیر لەوە دەکاتەوە ڕیزەکانی ئینتەرمیلان بەجێبهێڵێت. بەپێی تۆڕی سپۆرت میدیا سیتی ئیتالی، کۆنتی هەڕەشەی لە دەستەی کارگێڕی یانەکەی کردووە، ئەگەر پێکهاتەکەی لە گواستنەوەی هاوینەدا بەهێز نەکەن، ناچار دەبێت بڕوات. ئینتەرمیلان ئێستا لە پلەی چوارەمی ڕیزبەندی سێریا ئەیە و خاوەنی ٦٥ خاڵە.

لە ئەگەری ڕۆیشتنی کۆنتی لە نیرازۆری، ماسیمیلیانۆ ئالێگری، ڕاهێنەری پێشووی یوڤێنتوس پاڵێوراوی سەرەکییە بۆ ئەوەی جێگەی بگرێتەوە، لە سەرپەرشتیکردنی یانە ئیتالییەکە.

یۆڤی دەیەوێت دیبالا بکاتە کەسایەتی یەکەمی یانەکەی

یانەی یۆڤینتۆسی ئیتاڵی خۆی بۆ ئەوە ئامادەدەکات کە لەهەموو ڕوویەکەوە لەگەڵ پاولۆ دیبالای ئەرژەنتینی بگاتە ڕێککەوتن.

ڕۆژنامەی تووتۆسپۆرتی ئیتاڵی ڕوونی کردەوە کە لەگەڵ کۆتایی هاتنی ئەو وەرزە، هەردوولا بۆ بەرژەوەندی یەکتر بگەنە ڕێککەوتنێکی تێروتەسەل و بەگوێرەی زانیارییەکانی ئەو ڕۆژنامەیەش پێدەچێت گرێبەستەکە تا ساڵی ٢٠٢٥ دڕێژبکرێتەوە و مووچەکەشی دەستکاری بکرێت.

لەلایەکی دیکەوە یۆڤی بڕیاری داوە کە ئەم ئەستێرەیە بکاتە کەسایەتی یەکەمی ڕیکلامەکانی یانەکە لە بازارکردنی بازرگانیدا و ئەگەری زۆریش هەیە لە داهاتوودا بکرێتە کاپتنی ئەو یانەیە.

تەنها دوو خاڵ ریاڵ مەدرید دەکاتە پاڵەوانی لالیگا

دوای ئەوەی ریاڵ مەدرید لە هەفتەی ٣٦ ی خولی ئیسپانیا لە دەرەوەی یاریگای خۆی بە دووگۆڵ بەرامبەر گۆڵێك گرانادای تێك شكاند، جیاوازی خاڵەكانی لەگەڵ بەرشلۆنە كردەوە ٤ خاڵ و تەنها یەك هەنگاو لە ناسناوی لالیگا دوورە.

رۆژی پێنج شەممە لە هەفتەی ٣٧ی خولەكە ریاڵ مەدرید لەنێو یاریگای خۆی میواندارای ڤیاریاڵ دەكات، لەو دووپاریەی لە خولەكە ماوە ریاڵ تەنها پێویستی بە دووخاڵە، واتە لە كۆی ٦ خاڵ بەدەستهێنانی دووخاڵ یانە مەلەكیەكە دەكاتە پاڵەوانی ئەم وەرزەی لالیگا.

كاتژمێر ١٠ بەكاتی هەولێر سەرجەم یاریەكانی قۆناغی ٣٧ ی خولەكە لەیەك كاتدا بەڕێوەدەچێت، ئەگەر ریاڵ مەدرید براوەبێت راستەوخۆ و پێش تەواوبوونی خولەكە بە گەڕێك دەبێتە پاڵەوانی لالیگا.

بۆفۆن: هێشتا چاوم لە نازناوی چامپیۆنس لیگە

جیانلویجی بۆفۆن، ئەفسانەی یۆڤانتس، بەردەوامی خۆی لە نێو یاریگەكان تاكو تەمەنی ٤٣ ساڵی راگەیاند، روونیشی كردەوە، هێشتا دەیەوێت نازناوی خولی یانە پاڵەوانەكانی ئەوروپا بباتەوە.

بۆفۆن، دوای ئەوەی لە یاری تیپەكەی بەرامبەر تۆرینۆ، ژمارەیەكی پێوانەیی تازەی لە خولی ئیتاڵیا تۆماركرد، بە بەشداریكردنی لە زۆرترین یاری لەو خولەدا، كە ٧٤٨ یاریە و بە پێش ئەفسانەی پێشووی یانەی میلان، پاولۆ مالدینی كەوت، دڵخۆشی خۆی بەو دەستكەوتە نیشان دا و لە میانی لێدوانی بۆتۆڕی سكای ئیتاڵیادا وتی: خەونی چامپیۆنس لیگ هێشتا بەری نەداوم، چەندین جار لێی نزیك بووم، بەڵام بەدەستم نەهێنا، بەڵام لە سایەی هەستكردنم بە چەندین شتی غەمبار، هێزم لەخۆ رادەست نەكردندا بینی. هەروەها وتی: ئێمە زۆر یاری دەكەین، ئەوەیان ساتێكی هەستیارە لەم وەرزەدا، بۆیە هەستم بە نیگەرانی دەكرد، زیاتر بیرم لە بردنەوە دەكردەوە، نەوەكو شكاندنی ژمارە پێوانەییەكە. ئەمەو بۆفۆن، لە ژمارەیەكی دیكەی پێوانەیی نزیكە، ئەویش بەشداریكردنە لە زۆرترین یاری لە مێژووی یۆڤیدا، خاوەنی ئەو ژمارە پێوانەییەش، ئەلیساندرۆ دیل پییرۆیە، بە ٧٠٤ یاری. بۆفۆن دووپاتی كردەوە: ئەگەر بگەمە ئەو ئاستە، لەبەر ئەوەیە من هەرگیز لە خۆم رازی نەبوومە و بەردەوام هەوڵم داوە، بەڵام رەتدان لە دیل پییرۆ، یەكێ لە ئامانجەكانی من نییە. وتیشی: ئەگەر پاڵنەرێ راستەقینەم هەبێت، دەتوانم بەبێ هیچ كێشەیەك، هەندێ یاری ئاست بەرز پێشكەش بكەم. لە كۆتاییشدا وتی: بەڵایەنی كەمەوە تاكو تەمەنی ٤٣ ساڵی یاری دەكەم، بەڵام دوای ئەوەی بوومە ٤٠ ساڵان، مانگ بە مانگ بیر دەكەمەوە، تاوەكو هۆكارێكیش هەبێت دڵخۆشم بكات بەردەوام دەبم، بۆیە نامەوێت ئەو شتە لە كیسی خۆم بدەم، كە سروشت پێی بەخشیووم.

ڕەمزی میرەكانی

زاخۆ دوو یاریزانی دیكەی گواستەوە ریزەكانی

یانەی زاخۆ دوای هێنانی دەستەیەكەی نوێی راهێنەر و كۆمەڵێك یاریزانی پیشەگەر، دوو یاریزانی دیكەی گواستەوە ریزەكانی.

ڕۆژنامە وەرزشییەكانی عێراقی بڵاویان كردەوە، یانەی زاخۆ هەردوو یاریزان وەلید سالمی یاریزانی پێشووی یانەی شورتە و عەلی ڕەشیدی یاریزانی پێشووی نەجەفی بۆ ریزی یانەكەی گواستۆتەوە.

دوای مۆركردنی بۆندێك لەگەڵ ئەحمەد سەڵاحی راهێنەر، یانەی زاخۆ بۆ ئامادەكاری وەرزی داهاتووی خولی عێراقی چەندین یاریزانی پێشەگەری عێراقی گواستۆتەوە ریزەكانی بەئامانجی كێبڕكێكردن لەسەر نازناوی وەرزی داهاتووی خولی عێراقی.

جینیڤێف ستیفانی بۆ خەبات: باشترین دەسكەوتم بەدەستهێنانی پلەی دووەم بوو لە جامی جیهانی







خەبات: هاوار مورتكەیی

یاری پۆكێر یەكیكە لەیاریە میللییەكان كە زیاتر لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریكای باشوور باوە ساڵانەش جگە لە پاڵەوانێتی جۆراوجۆر لێرەلەوێ، جامی جیهانیشی بۆ ڕێكدەخرێت و ئەو یاریەش بە كاغەزی ئۆكەی دەكرێت و زیاتر لێی دەسكەوتنی پارەیە، جینیڤێف ستیفانی Genevieve Stephanie مەكسیكی یەك لەو یاریكەرانە دیارانەی یاری پۆكێرە لە جیهان و لە جامی جیهانی رابردوو تەوانی پلەی دووەم بەدەست بهێنێت، لەلێدوانێكی تایبەتیدا بۆ لاپەڕەی وەرزشی ڕۆژنامەی خەبات باس لە كاروانی خۆی لەم یاریە و هەروەها خۆشەویستی بۆ پۆكێر دەكات.

نهێنی سەركەوتنەكانی

جینیڤێف كە لە ساڵی ١٩٨٦ لە مەكسیك لەدایك بووە دەڵێت: كاتێك هەستم كرد پۆكێر یاریەكە بەناوبانگەكان ئەنجامی دەدەن حەزم چووە ئەو یاریە و هەر زوو خەونەكەشم هاتەدی، ئەم یاریەش تام و چێژی خۆی هەیە و دەتوانیت بەهۆیەوە پارەت دەسكەویت، خۆشەویستیت بۆ ئەم یاریە نهینی سەركەوتنەكانت دەبیت، زیاتر لە ٩ ساڵە ئەم یاریە دەكەم و تا ئێستاش دوو جار توانیومە شوێنی خۆم لە پاڵەوانێتی جامی جیهانی بكەمەوە لە ساڵانی ٢٠١٦ و ٢٠١٨، كە لەمەی دواتر توانیم پلەی دووەم بەدەست بهێنم، بەهۆی خراپ دابەشكردنی كاغەزەكان نەمتوانی پلەكانی یەكەم و دووەم بەدەست بهینم.

خەونەكانی هاتوونەتەدی

هەروەها ئەم خانمە دەڵێت: بەهۆی هاتنی ئەو ڤایرۆسەوە ناتوانین راستەوخۆ بەشداری پاڵەوانێتی و پێشبڕكێیەكان بكەین تەنها لە ڕێگای ئۆنلاینەوە بەشداری دەكەین و ئێستا هەموو شەوانی دووشەم و سێشەم لە ڕێگای Twitch TVیەوە راستەوخۆ پەخش دەكرێت و زۆربەی جاریش پلەی یەكەم بەدەست دەهێنم، بەڵام خەڵاتەكەی لەچاو خەڵاتەكانی جامی جیهانی زۆر كەمترە، بۆ نموونە لە جامی جیهانی توانیم ٩٠٠٠ هەزار دۆلار بەدەستبێنم، كەچی لەم پاڵەوانێتییانی ئۆنلاین دەكریت تەنها ٢٠٠٠ هەزار دۆلار، هەروەها زیاتر گوتی: دەتوانم بڵێم لەم یاریەدا خەونەكانم هاتوونەتەدی ئەویش لەبەر ئەوەی ناستم زۆر پێشكەوتوو بووە و لە زۆربەی پاڵەوانێتییەكاندا ركابەری لەسەر سێ پلەكەی پێشەوە دەكەم.

پابەند دەبین

خەبات XEBAT

KHABAT www.xebat.net info@xebat.net

Daily Newspaper Kurdistan - Iraq Organ of KDP

Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

Wed.15 Jul. 2020 No.:(5974)

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595

یان ئیمێڵی reklam@xebat.net

بەشی ئاگاداریی‌یەکان: 07505881616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com



شنیار بۆ خەبات : کەسێک دەنگی خۆش بێت پێویست بەوە ناکات خانمێک بەکار بێنێت بەس بۆ ئەوەی سەرنجی بینەر بۆ گۆرانییەکەی ڕاکێشێت

شنیاریکی کورد بم مۆرکی کوردی بە زۆربەی کارەکانمەوە دیار بێ

دیانە:ناسیح عەلی خەیات- سلێمانی

لەتەمەنێکی منداڵی بچووک دا ئاشنا بووم بە هونەری میوزیک و گۆرانی نۆتەکانی میوزیک و خاوەنی چەندین گۆرانی منداڵان بووم کە هەموو ئەو گۆرانیانە لەو تەمەنە بچووکەمدا میلۆدی خۆم بوو، و لە چەندین کۆنسێرتدا بەشداربووم بە کەمانچە خنجیلانەکەم چونکە ئەوکات لە ئۆکێستڕای منداڵان بووم.

دوای منداڵێم بەرەو گەورە بوون چوونم چوومە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی بەشی میوزیک . ئامێری سەرەکی من لە پەیمانگا ڤۆکاڵ بوو کارم لەسەر ئۆپێراو مقاماتەکان و گۆرانییە شەرقییەکان دەکردو لە پاڵ ئەوەشدا ئامێری پیانۆ یارمەتی دەرم بوو. هەر لە ڕێگای پەیمانگای هونەرە جوانەکانەوە چوومە گروپی کیژانی سلێمانی لەسەر دەستی مامۆستا (ئەنوەر قەرەداغی). ساڵانە بەشداری چەندین فیستیڤاڵان دەکرد، دواتر لە گروپی موزیکی لووڕ چەند ئەزموونێکی نۆێ هاتە پێشم، فیستیڤاڵێکی جیهانی بوو توانیم لەگەڵ ئەو گروپە جوانە بچمە بابل من و هونەرمەند شوان قەرەداغی بەشداربووین ،بە کۆنسێرت توانیمان پلەیەکی زۆر باش بەدەست بێنین و سەری شارەکەمان سلێمانی بەرز ڕاگرین بە کلتووری کوردەواری خۆمان بەشدار بووین، دوای تەواو بوونم لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان، هەر بەردەوام بووم لە کارە هونەرییەکانم و بڕیاری ڤیدۆ کلیپکم دا، بەڵام بەدڵی گوێگرانم گۆرانی هونەرمەند ئەحمەد کایام هەڵبژارد کە زۆر لە هونەرمەندان گوتویانەتەوە (دڵ لەسینەم دەرچوو) بوو یەکەم کاری ڤیدیۆ کلیپی من دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو، بۆیە بڕیارم دا نەوەستم ئەم جارە گۆرانی کەسە نەڵم، بەڵکو ئەم جارە تایبەت بێ بە شنیار خۆی ئەویش گۆرانی (لۆمە)) ئیدی بەوشێوەیە بەردەوام و ئینشائەڵڵا بەردەوام دەبم.

ئەمانە وتەی دەستپێکی شنیار بوو؛

بەلاسایی دەستت پێکرد، یان دەتوانین بڵێین ڕێچکەیەکی تایبەت بەخۆت دیاریکردووە؟

هیچ کات لاسایم نەکردۆتەوە یان بەو ڕێچکەییە بڕۆم تەنها گۆرانیە فۆلکلۆرییەکانم وتۆتەوە بەشێوەی خۆم بە دەنگی خۆم.

وەک کچە گۆرانیبێژێک دەتەوێت چی بکەیت بەبەراورد لەگەڵ ئەو ئافرەتە گۆرانیبێژانەی پێش خۆت نەیانکردبێت؟

تەنها من دەمەوێت شنیاریکی کورد بم مۆرکی کوردی بە زۆربەی کارەکانمەوە دیار بێ و گۆرانی بکەم بۆ هەموو ناوچەکانی کوردستان بە هەموو زاراوەکان خزمەت بکەم.

تاچەند بوار ڕەخساوە بۆ ئێوەی ئافرەت کە بتوانن وەک بواڕەکانی دیکەی ژیان لەبواری هونەر کار بکە ن ؟

بوار ناڕەخسێ بۆ زۆربەمان بۆ کچێش و کوڕیش من وەک خۆم بەس هەوڵوو ماندوو بوونی خۆم گەیانوومی بە ئێستا.

تا ئێستا خاوەنی چەند بەرهەمیت ؟

دەبمە خاوەنی دوو بەرهەم.

توانا و بەهرەی ئافرەتە دەنگ بێژەکان چۆن دەبینی بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوتر؟

توانایان باشە، بەڵام هونەر مەندانی پێشتر زۆر باش بوون بەبۆچوونی من .

گروپێکی دیاریکراو هەیە تۆ کاری لەگەڵ بکەیت و بەرهەمی لەگەڵدا بڵاو بکەیەتوە؟

نەخێر لە ئیستادا نییە.

تاچەند لات ئاساییە گۆرانی بەباڵای پیاودا بڵێیت؟

ئاساییە لام ئافرەت گۆرانی بەباڵای پیاودا بڵێیت وەک چۆن پیاوان بەباڵای خانماندا گۆرانی دەڵێین ،بەڵام من خۆم قەت گۆرانی نالێم بەباڵای پیاودا

ئەوکەسەی دەتەویت دوویتی لەگەڵ بکەیت کێیە؟

خاتوو لەیلا فەریقی و مامۆستای گەورە ناسر ڕەزازی.

- وەکو ئافرەتێکی گۆرانی بێژ چی دەڵێیت دەربارەی بەکارهێنانی ئافرەت لەکلیپی گۆرانی پیاوان بەمەبەستی سەرنج ڕاکێشانی بینەر؟

کەسێک ئەگەر دەنگی خۆش بێت پیویست بەوە ناکا خانمێک بەکار بێنی بەس بۆ ئەوەی سەرنجی بینەر ڕاکێشی بۆ گۆرانییەکەی نەک گوێگرتن لەدەنگی هونەرمەندەکە.



خانمە گۆرانیبێژی لاو سریل فەتاح لە ئەکاونتی تایبەتی خۆی لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک گۆرانییە نوێیەکەی بڵاوکردەوەو نووسیویەتی؛ بابەگیان پێشکەشە بەتۆ. ئەم گۆرانییەی سریل لەتێکستی شاعیری ناودار فەرەیدون عەبدول بەرزنجییەو هونەرمەندی هەڵکەوت زاهیر ئاوازی بۆ داناوە، نەبەردی هاوسەری کاری کلیپی بۆ کردەوە و هێمن حوسێن کاری موزیکی بۆ کردووەو لە وڵاتی سوید وێنەی کلیپەکە گیراوە.

سریل فەتاح گۆرانی بۆ باوکی دەڵێت

سریل فەتاح کە ئێستا لە وڵاتی سوید نیشتەجێیە، تا ئێستا چەندین گۆرانی بەزمانی عەرەبی گوتووە و گۆرانی بۆ ڕۆژاوای کوردستانیش گوتووە، لە دیمانەیەکی تایبەتی ڕۆژنامەی خەباتدا ئەو خانمە هونەرمەند وەڵامی چەند پرسیارێک دەداتەوەو لە ژمارەکانی داهاتووی خەبات بڵاودەکرێتەوە.

